4





لەتیف حامد یاخی شاری خۆشەویستی

نیگاری مەدحەت کاکەیی

مانگانەیەکی ڕۆشنبیرییەو هەر جارەی تایبەتە بۆ داهەێنەرێك
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەری دەکات

دەستەی راوێژکاران

حسێن عارف

ڕەووف بێگەرد

ڕێبین ئەحمەد هەردی

سەرپەرشتی گشتی

شێرکۆ بێکەس

بەڕێوەبەری ڕۆڤار

دڵشاد عبداللە

ئەندامانی کارگێڕ

عەتا محەمەد

فەرەیدون پێنجوێنی

سەرپەرشتی هونەری

قادر میرخان

4

5/10/1999

مەدحەت کاکەیی

١٩٥٤ لە کەرکوك لەدایکبووە. ١٩٧١ ١٩٧٦ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدای خوێندووە. ١٩٧٦ ١٩٨٠ ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی سان فرناندۆی ئیسپانی خوێندووە. ١٩٧٨ یەکەم پێشانگەی تایبەتی خۆی لە سەنتەری کولتوری عێراق لەمەدرید کردۆتەوە. تاکو ئێستا بەردەوامە لەچالاکیە هونەرییەکانی. پێشانگە تایبەتیەکانی لەکەرکوك، بەغدا، پۆلۆنیا، ژاپۆن، ستۆکهۆلم، کۆریا، فنلەنداو فەرەنسا، کردۆتەوە. هەر لەساڵی ١٩٧١ ەوە لەگەڵ گروپ و دەستەی جیاجیادا بەشداری پێشانگەکانی کردوون

هونەرمەند و ڕەخنەگرانی وەك شاکر حسن ال سعید، می مظفر، عادل کامل، سعد هادی، ئەنتۆنیۆ گیفارو، ڤیلمار لابان، ستیغ یوهانسون، ماتس ب، هاریو اچیرو، تۆرۆ ستوجی، گیتارۆ جۆنازدین، ئابوك ئاوا و ئەدۆنیس لەسەر مەدحەت و بەرهەمەکانیان نووسیوە.

ڕەخنەگری ناسراوی سویدی Mats, B دەربارەی مەدحەت دەڵێ: هونەرمەند مەدحەت کاکەیی مرۆڤێکی زۆر هەست ناسك و بەسۆزە، مرۆڤێکە دوورە لە ئازاوو ئازاری ڕۆژ چیە. لەژیانی ئاسایدا بەهێزو هەر ئەمەش وایکردووە ببێتە هونەرمەندێکی جیهانی دیارو پێشانگە لە پاریس ویابان بکاتەوە

لەدەقێکی ئەدۆنیسدا بۆ مەدحەت کاکەیی بەناوی (خۆر بۆ خۆی) وادەست پێ دەکات. بەڵێن بۆ مەدحەت کاکەیی. بەیعەت بۆ مەدحەت کاکەیی

- ئەندامی ئەقابەی هونەرمەندانی سوید و کۆمەڵەی گرافیکی سویدە
- ئێستاش لەوڵاتی سوید دەژی.

لەتیف حامدی چیرۆکنووس

تەمەنێکی کورت و ماڵئاواییەکی ناوەخت

لەتیف حامد (١٩٤٠-١٩٧٤) لەڕێی چەند چیرۆکێکی کەمەوە کە ژمارەیان بەقەد پەنجەی دەستێکە، شوێنێکی باشی لەناو جیهانی چکۆلەی چیرۆکی کوردیدا کردەوە. (٣٤) تەمەن ڕەنگە بۆ داهێنەرێکی ئەوروپایی بەس بێت تا گوررزی ئەفواندنی خۆی بووەشێنێ و باساو ڕەزمی سەردەمێك بگۆڕێ و ئاکاری ئەدەبی نوێ بخولقێنێ، وەلێ بۆ کوردێکی بێبەش لەئازادی ژیان و ئەندێشەو خولقاندن کارێکی ئەستەم و گرانە، کەچی لەتیف حامد لایەکی ئەو ئەستەمییەی لابردو بەو تەمەنە کورتەی ژیا، سیمایەکی تایبەتی بۆ ئەدەبەکەی خولقاند.

لەتیف زادەی سەردەمێك بوو کەبیری وجودی و بێهودەیی و ئەهلیزم، لەعیراقدا برەوی هەبوو، ئەدیبانی کەرکوك لەتەك بیری نەتەوایەتی، زیاتر پەیوەندیان لەگەڵ ئەو شەپۆلانە توندبوو، بەرهەمەکانی لەتیف حامد ئەو کاریگەرییەیان بەروونی پێوە دیارە.

بەر لە ئامادەکردنی ئەم ژمارەیەی ڕۆڤارو لەکاتی ئامادەکردنیشیدا، هەندێ سەرنجمان بیست، لەوانە، لەبەرچی هێندە زوو سرە گەیشتە ئەو وبەسەرئەحمەدی خانی و سێکوچکەی بابان و حاجی قادرو حەسەن قزڵجی بازدرا، بەسەر عەلادین سجادی و شاکر فەتاح و هێمن و مەلا عەبدولکەریمی مودەرس و عەرەبی شەمۆ باز درا، بۆ ؟ لەو نووسەرانەوە پێدانەهاتین تا دەگاتە مەم و لەتیف حامدو موحەرەم محەمەد ئەمین و هتد، لەوانەوە نەهاتینە سەر دوا گەنجی داهێنەری بازێڕی سلێمانی یا سابڵاخ..

ئێمە لەکاتی ئامادەکردنی هەر ژمارەیەکدا پێشتر هەموو ئەو لەبەرچی و لەسەرچییانەمان تاوتوێ کردووە، پاشان خۆ ئێمە مێژووی ئەدەبی کوردی نانووسینەوە.. ئەو ناوانەی سەرەوە هەرهەموویان دوورونزیك، پرۆژەی ئایندەی (ڕۆڤار)ن، بەڵام هەقە ئەو مافەش بە (ڕۆڤار) ڕەوا ببینرێت کەبەرنامەی خۆی هەبێ، پاشان ئەو کارە لەهیچ گۆڤارێکی ئەدەبیدا نەکراوەو ناکرێ، لەسەرەتاوە دەستپێبکرێ، لەناوکۆرەکانی ڕیزی یەکەمەوە دەست پێبکرێ تا دەگاتە خواری خوارەوە. لەتیف حامد بەدوولا هەقی بەسەرمانەوە هەیە، یەکێکیان لەبەرئەوەی لەتەمەنێکی کورتدا کۆمەڵە بەرهەمێکی جیاوازی خستە سەر خەرمانی ئەدەبی کوردی، پاشان یەکێکە لەو ئەدیبانەی هیچی بۆ نەکراوە، بەرهەمەکانی چاپ نەکراوە، لای لێنەکراوەتەوەو تاکو ئەرا نەبێ نووسینی دەربارە نەنووسراوە، ئەوەی تازە بەزەحمەت دەیناسێ.

لەکاتی ئامادەکردنی ئەم ژمارەیەدا بەشێکی بەرهەماکانیمان لەلای کەسوکاری، یا لەکتێبخانەی سلێمانی و ئەوقاف، یان لەلای کاك لەتیف هەڵمەت دەسکەوت بەداخەوە تەنیا چیرۆکێکی مایەوە کە کاتی خۆشی لەرۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەئەو ژمارەیەی (هاوکاری)مان دەسکەوت نە کەسوکاریشی چیرۆکەکەیان لا مابوو. لەتیف حامد بەپێی ئەو دەستنووسانەی لەبەردەستدایە تەنیا پێنج چیرۆکی نووسیوەو بڵاویشی کردوونەتەوە، چەند شیعرێکی کەمی نووسیوە کەتێیدا سەرکەوتوو نەبوو، چەند لێکۆڵینەوەیەکی کەمتر، بەزمانی کوردی و عەرەبی، ژمارەیەك بەرهەمی شاعیرو چیرۆکنووسانی کوردی سەرکەوتووانە کردۆتە عەرەبی، لەوانە بەشێکی زۆر لەشیعرەکانی گۆران، حاجی قادر، لەتیف هەڵمەت، چیرۆکی صدرالدین عارف (برادەریشی بووە). کاریگەری زۆر هەبووە لەسەر شاعیرانی کفری لەڕێی لەتیف هەڵمەتەوە، پەیوەندی لەگەڵ ئەنوەر شاکەلی و ئەحمەد شاکەلی توند بووە.

نەخۆشی شێرپەنجە ڕەوتی ژیانی تێکدا، ماوەیەك لەڕێی ئیحاو پاراسایکۆلۆژییەوە بێهودە خەریکی چارەسەری خۆی بوو، لەکاتێکی ناهەموارو ناجۆردا ماڵئاوایی لێکردین.

لەتیف حامد، لەنامۆییەوە هات و بەغەریبی و ناوەخت ماڵئاوایی کرد.

دڵشاد عبداللە

(ڕۆڤار) مانگانەیەکی ڕۆشنبیرییە و ژمارەی تایبەتە بە داهێنەرێك

ناونیشان: سلێمانی فولکەی یەکگرتن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ڕۆڤار-ت: ٢٩٨٣٩

لەدەرەوەی کوردستان:

TEL: 0044 162 846008 FAX: 0044 162 84 77660

لەتیف حامد

لەیادەوەری مندا

لەتیف هەڵمەت

لەناوەندی پەنجاکاندا لە کفری- رۆژێ لە دەرگاکەمان دراو لاوێکی چواردە پازدە ساڵان خۆی کرد بەژووردا و دەستی دایک وباوکمی ماچ کردو دوو خوشکە گەورەکەم کەلەمن گەورەتر بوون بەگەرمەوە بەخێرهاتنیان کرد

پرسیم ئەمە کێیە گوتیان بەخێرهاتنی بکە ئەمە کاك لەتیفی کوڕی مامە (شێخ حامید و پوورە ئیقلیم)ە و لەچەمچەماڵەوە هاتووە ئەنجا تێیان گەیاندم کە باوکمان برایەو دایکمان خوشکەو ئامۆزاو پوورزای یەکترین ئەوکاتە من لەیەك یاخود دووی سەرەتایی‌دا بووم لەتیف حامید لەدووی ناوەندی‌دا بوو لەبەر نەبوونی قوتابخانەی ناوەندی لە چەمچەماڵ پۆل دووسێی لەماڵی ئێمە تەواو کرد لە کفری- و ئەو دوو ساڵە لەژوورێکی قاتی سەرەوەی ماڵماندا جێگیر بوو بەڵام هەروەکو ئەندامێکی ماڵەکەمان و کوڕی خۆمان هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکراو ساڵی یەك دوو جاریش سەری لەچەمچەماڵ دەدایەوە یاخود مامم و پوورم بۆلای دەهاتن.

لەتیف حامد لەهەیوانە گەورەکەی قاتی سەرەوەماندا



بەدەنگی بەرز وانەکانی دەخوێندو بەنەرکەکانی قوتابخانەدا دەچووەوە و زۆریش ئەزمو مۆسیقای بەدەنگی دەبەخشی و وابزانم هەر لەو دەمەوە حەزی لەوە بوو ببێ بەوێژەر لەرادیۆی بەغدا و ئەوە بوو لەقۆناغی زانکۆدا هەوڵی ئەوەی‌دا ببێ بەوێژەر لە رادیۆی بەغدا بەڵام لەبەر چەند هۆیەك (وابزانم لەبەر ئەوەی توێی هەندێ لەددانەکانی شاش بوو) ئاواتەکەی نەهاتە دی.

لەو دوو ساڵەدا هەندێ جار لەگەڵ هەندێ لەهاوڕێکانی‌دا لەوانەی کەلەبیرم ماون (ئاتیلا جەمیل مستەفا رێزێ) و (صلاح الدین مەجید)و (عبد الخالق حەسەن) بۆ موتالاّ کردنەوەی وانەکانی قوتابخانە دەچوون بۆ باخی قازی- شایانی باسە ئەو دەمانە زۆربەی قوتابیانی ناوەندی ئێواران لەوێ بەرانەکانیاندا دەچوونەوەو لەکاتی پشووشدا پیاسەیان تیادا دەکرد.

هەر لەو دووساڵەدا وارێکەوت شێخ رەزای برای لەتیف حامید لەگوندی زەرداو-ی سەر بەقەزای کفری بوو بەمامۆستاو ئەویش مانگی یەك دوو جار پێنجشەممەو هەینی دیدەنی ماڵمانی دەکردو ئیتر لەگەڵ لەتیف حامیدی برای و باوکمدا کە شێخێکی شاعیر و رۆشنبیرە لەدالأنەکەماندا کە دەرگاکەی لەسەر شەقامی گشتی بوو بەرامبەر مزگەوتی خانەقا دادەنیشتن و باسی تەسەوف و شێخی سەعدی و حافزی شیرازی و فەریدەدینی عەتارو خەیام و گەلێ شاعیری تریان دەکردو شەوانی لیله القدر- قەسیدەی بوردی‌یەیان دەخوێندەوەو گەلێ جار هەندێ لەمەلاو فەقێکانی مزگەوتیش کەبەوێدا تێدەپەڕین دەهاتن و بەشداری‌یان لەخوێندنەوەی قەسیدەی بوردیەدا دەکرد هەر لەبیرمە جارێکیان مەلا فایەق ناوێك کە حافز بوو دەنگی لێ هەڵبڕی و سەلماندی کەمامۆستای ئەو بابەتەیە دوای رۆیشتنی کاك لەتیف حامد وتی: وەڵا مەلا فایەق بۆڕی بەهەمووماندا

ئێوارانێك شێخ رەزای برای بەنەخۆشی لەزەرداوەوە گەڕایەوە

حاڵی زۆر شپرزە بوو بۆمان دەرکەوت بەخواردنی کۆن ژەهرگیر بووە.. هەندێ کەس گوتیان شیری مانگا بخوات زۆرباشە ئەو بوو لەگەڵ لەتیف حامیدا چووین بۆماڵی حاجی خەلیفە مالك کە پیاوێکی ئاینپەروەر و نیشتمان پەروەر و ناسراوی شاری کفری بوو لەوێ شیری مانگامان دەسکەوت شایانی باسە حاجی خەلیفە مالك لەسەرووی تەمەنی حەفتا ساڵی‌یەوە لەساڵی ۱۹٦۳ دا گیراو ئەشکەنجەی زۆر دراو هەر ئەوەش بوو بەهۆی ماڵئاوایی کردنی لەدنیا.

چواردەی تەمووزی ساڵی ۱۹٥۸ کە شۆڕش کراو رژێمی پاشایەتی نەماو رژێمی کۆماری لەعێراقدا چەسپا.. لەتیف حامید لەکفری بوو زۆر چاکم لەبیرە لەگەڵ هەندێ لەهاوڵەکانی‌دا مشتومڕیان لەسەر بارودۆخی کۆن و نوێ دەکردو لەتیف حامید بەسەرگەرمی‌یەوە پشتگیری لەرژێمی نوێ دەکردو چاك چاکم لەبیرە لەگەڵ شێخ مستەفای خوشکەزای باوکمدا کە ئەو دەمە خەلیفەی باوکم بوو چوون بۆ بازاڕو رادیۆیەکیان هێنایەوە بۆ ئەوەی ئاگاداری بەیاننامەو دروشمەکانی شۆڕش بن بەڵام لەبیرم نیە کێ رادیۆکەی کڕی باوکم یاشێخ مستەفای خوشکەزای باوکم یاخود لەتیف حامید. هەر چۆنێ بێ ئەو رادیۆیە بۆ بەدواداچوونی هەواڵ و دەنگو باسی شۆڕشەکە هاتە ماڵمانەوە.

لەساڵی ۱۹٥۹دا لەدەمەدەمی کوشتارەکەی کەرکووکدا دژی هەندێ لەتورکمانەکان جۆرە سەرگەرمی‌یەکیش کەوتە ناوکوردی کفری‌یەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی کە هەندێ لەتواکمانە دەمارگیرەکانی شاری کفری توانیان بەدزی‌یەوەو لەپشتەوە ئەحمەدی حاجی سەمین بریندار بکەن شایانی باسە ئەحمەدی حاجی سەمین بەهەموو مانای قارەمانی قارەمان بوو دوژمن تۆقێن بوو وەکو چۆن لەشانامەدا باسی ئازایەتی و پاڵەوانبازێتی رۆستەمی زاڵ کراوە بەو جۆرە لە

هەمووچاپخانەو ماڵ و بازارەکانی کفری‌دا باسی ئازایەتی‌و چاونەترسی ئەحمەدی حاجی سەمین دەکراو چەند جارێک گیراوەو لەئەنجامیشدا لەوەستانێکی قارەمانانەدا رووبەرووی بەشێک لەسوپاکەی زەعیم سدیقی گۆڕبەگۆڕ لەگوندێکی دەوروبەری کفری فڕۆکە دەیپێکن و شەهید دەبێ.

سالی ١٩٥٩ لەئەنجامی بریندارکردنی ئەحمەدی حاجی سەمین‌دا بەو شێوەیەی کەباسم کرد کوردی کفریش خرۆشاو تەنانەت کوردی لادێ نزیکەکانی کفریش بەخەنجەرو تەورو تێلاوە رژانە کفری‌یەوەو کۆمەڵێکی زۆر لەخزمەکانی باوکم لەکاتی نیوەڕۆدا بەتێلاو تەورەوە لەماڵی ئێمە لایان‌دا باش بوو کارەسات نەقەوما بەڵام دوای چەند رۆژێک مەفرەزەیەکی سەربەو بەرە سوپایەی کەلەکەرکووکەوە بۆ پارێزگاری کردنی ئاسایشی شاری کفری هاتبوون لەدەرگاکەیان داین و داوایان کرد ماڵمان بپشکنن چونکە وایان پێ راگەیەندرابوو کە چل پەنجا کەس لەوانەی بۆ تورکمان کوشتن ئامادە بوون، لەماڵی ئێمەدا خۆیان شاردۆتەوە کاتێ ماڵمانیان پشکنی لەو ژوورەدا کەساڵانی پێشتر لەتیف حامید نیشتەجێ ببوو دۆشەکێک و سەرینێک‌و بەتانی‌یەکیان دۆزی‌یەوە ئەوەش جێگایەک بوو دووڕۆژ پێشتر بۆ لەتیف حامید لەو ژوورەدا راخرابوو کە بەمیوانی هاتبوو بۆماڵمان و نیوەڕوان لەوێ دەخەوت بەهەر حاڵ ماڵمان پڕبوو لەدەف و قورئان‌و کتێبی ئاینی و بەرماڵ لەبەر ئەوە پشکنەرەکان لێبوردنیان لەباوکم خواست و داوای دۆعای خێریان لێ کرد. لەتیف حامید و شێخ رەزای برای باوکمیان زۆر خۆشدەویست و بۆسەلماندنی ئەم قسەیە نامەیەکی کۆتایی پەنجاکانی لەتیف حامیدو نامەیەکی شێخ رەزای برایشی لەپەراوێزی ئەم نووسینەدا دەخەمە روو. هەردو نامەکە بەعەرەبین و لە چەمچەماڵەوە بۆ باوکمیان ناردووە و لای من پارێزراون. شێخ رەزا نامەکەی بەکۆپلەیەکی رۆمانسییانەی کێش و سەروادارى خۆی کۆتایی پێ‌هێناوە. لەتیف حامیدیش هەوڵی‌داوە سەراپای نامەکە بەوشەی دانسقەو خەیاڵی جوان گرێ چن بکات.

* * *

سالی ١٩٥٩ لەتیف حامید لەزانکۆی بەغدا/ کۆلێژی پەروەردە/ بەشی ئاداب/ وەرگیرا. بەڵام هەتا زانکۆی تەواوکرد بەردەوام دەهات بۆ کفری و زۆرجار بەشەمەندەفەری شەو دەهات و یەک دوو رۆژ دەمایەوەو دەگەڕایەوە بۆ بەغدا جگەلەوەش لەبەر باروودۆخی نالەباری رامیاری خۆی کە ئەندامێکی چالاکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو نەیدەوێرا زۆر و بەئاشکرا بڕواتەوە بۆماڵی خۆیان لەچەمچەماڵ. لەبەر ئەوە زۆربەی کاتەکانی پشووی نیوەی ساڵ و پشووی هاوینی یا لەماڵی ئێمە یا لەسلێمانی لەماڵی مامە شێخ عەلی باوکی هونەرمەند ئیسماعیل بەرزنجی و خزمانی سلێمانی بەسەر دەبرد. شایانی باسە لەساڵانی خوێندنی زانکۆدا هاوڕێتی لەگەڵ کاک جەلال حسێن قەرەداغی-دا پەیداکرد کە خەڵکی کفری‌یەو ئێستا لەهەولێر مامۆستایەو ئەو ساڵانە گەلێ جار لەگەڵ جەلال قەرەداغی‌دا سەریان لەکفری دەداو پێکیشەوە دەگەڕانەوەو زۆربەی رۆژانی هاوینی ئەو ساڵانەیان پێکەوە بەسەر دەبرد و وەکو بۆم دەرکەوت هەردوکیان هەندێ لەگەڕانەوەکانیان بۆ کفری پەیوەندی بەئەنجامدانی کاروبار و ئەرکی سیاسی‌یەوە هەبوو لەو دەمەداو ماڵی ئێمە کەماڵی شێخێکی ناسراوی شارەکەبوو جێگایەکی باش بوو بۆ شوێن گومکێ بوونی لەتیف حامید لەبەرچاوی کاربەدەستانی سوڵتەی ئەو سەردەمە. من وا دەزانم پەیوەندی کردن بەمامۆستای بەڕێز کاک جەلال حسێن قەرەداغی-یەوە کە کوڕی بنەماڵەیەکی بەڕێزی ناسراوی کفری‌یەو ئێستا لەهەولێر دادەنیشێ سوودی زۆر زۆرە بۆ دەسکەوتنی زانیاری دی لەبارەی ژیانی زانکۆو ژیانی سیاسی کاک لەتیف حامیدەوە. جێی خۆیەتی کەبڵێم لەتیف حامید لەساڵانی (١٩٦٠، ١٩٦٢)دا لەدیدەنی و سەردانەکانی‌دا بۆ ماڵی ئێمە لەکفری هاوڕێتی لەگەڵ کاک عومەری حاجی حەسەن قەرەداغی‌دا پەیداکرد کە ئامۆزای مامۆستا جەلال قەرەداغی‌یەو هەر لەبیرمە زۆرجار ژمارەکانی گۆڤاری الهلال-و کتێبەکانی جرجی زیدان-و چیرۆکەکانی شارلۆک هۆڵمز-ی لەپشووی هاویندا لەکاک عومەر قەرەداغی وەردەگرت لەکفری زۆر چاکیشم لەبیرە خۆیشی هەمیشە جانتاکەی کتێبی تیادا بوو لەوانە کتێبەکانی (طه حسین) بەتایبەتی الایام- و علی هامش السیرة- و اعترافات جان جاك رۆسۆ- و جارێکیشیان کتێبێکم بەدەستی‌یەوە دی بەناونیشانی غرامیات فیکتور هوجو- نازانم نووسەرەکەی کێ بوو. من ئەو دەمانە چواردە پانزە ساڵان بووم و هەر گوێم دەگرت و داستانەکانی ئەمیر ئەرسەلان و رۆستەم و زۆراب و مەنیجەو بیژەن و شیرین و فەرهاد و فەتحی قەڵای خەیبەر و هتد دەخوێندەوەو هەندێ جاریش لەگەڵ لەتیف حامید و قادر محمد ئەمین کە ئەویش دیسان ئامۆزاو پوورزای من‌و لەتیف حامید بوو لەساڵی ١٩٦٢ دا لەچەمچەماڵەوە هاتبوو لەماڵی ئێمەبوو لەناوەندی کفری دەیخوێند و ئێستا مامۆستایە. هەرسێکمان پێکەوە جارجار یاری دامە- مان دەکرد.. و لەبەر ئەوەی ئەم یاری‌یە بەپێودانگی یاسا ئاینی‌یەکان حەرام نیەو حەڵاڵە لەبەر ئەوە هەندێ جار باوکیشم لەدوورەوە دەستێکی لەیاری‌یەکە وەردەداو لایەنگری هەرلایەک بوایە لایەکەی دی دەیدۆڕاند. چونکە باوکم بەگەنجی باشترین یاری زانی دامە بووەو وەکو هاوتەمەنەکانی باسی دەکەن تەنها جارێکیش کەس لەیاری دامەدا بەسەری دا زاڵ نەبووە. شایانی باسە باوکم شاعیرەو کتێبێکی چاپکراوی بەناونیشانی- میعراجی راستی- هەیە.

لەتیف حامید لە ١٩٦٢/٦/١٥ دا زانکۆی بەغدای تەواوکردو لە ١٩٦٢/١١/١٠ لەشاری بەسرە بەمامۆستا دامەزراو لە ١٩٦٢/١١/١٥ لەقوتابخانەی الجمهورية- لەگەڵ بەڕێز مامۆستا جەلال قەرەداغی‌دا دەوامی ئاسایی خۆی دەست پێکردووە.

لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردو لە ١٩٦٤/٦/٢٢ دا لەهەل‌وسەرجێکی گونجاوی سیاسی‌دا گەڕایەوەو لە ئامادەیی هەولێر بەمامۆستای زمانی عەرەبی دامەزرا.

دەبێ ئەوەش بڵێم من هیچ شتێک دەربارەی ژیانی ئەو ماوەیەی لەتیف حامید لەناو شۆڕشدا بووە نازانم ئەوە نەبێ کە وەکو خۆی دوایی بۆی باس کردم لە ئیستگەکەی شۆڕش‌دا وێژەر بووەو وتاری سیاسی بۆ ئیستگەکە نووسیوە. شایانی باسە شێخ رەزای برای لەساڵی ١٩٦٣دا لەسلێمانی گیراو شێخ فاتیحی برایشی لەشارۆچکەی چەمچەماڵدا لەهەمان ساڵدا گیراو رەوانەی موسەیەب کراو شێخ قادری برایشی ناچار بوو لەترسا لەساڵی ١٩٦٣ دا پەنا بۆ ماڵی ئێمە بێنێ لەکفری و لەناوەندی کفری بخوێنێ.

ساڵی ١٩٦٥ کە لەهەولێر مامۆستای زمانی عەرەبی بوو داوای شکریە شێخ محمود شێخ محمد بەرزنجی- یان بۆکرد لەکفری (شکریە) ئامۆزای خۆی و خوشکی من بوو. ئیتر بەژن‌و ماڵەوە چەند ساڵێک لەهەولێر مایەوەو نامەی بۆ دەناردین و نامەمان بۆ دەنارد و هەندێ جاریش من دیدەنیم دەکرد لەهەولێر یاخود ئەو لەپشووی نیوەی ساڵ و هاویندا بەخێزانەوە سەری لێ دەداین و چەند رۆژێک یاچەند هەفتەیەک یاخود زیاتر دەمایەوەو هەندێ جار وارێدەکەوت شێخ رەزای برایشی لەماڵمان دەبوو چونکە ئەو دەمانە شێخ رەزا لەکەلار بوو یالەسەر قەڵای ئەوسای سەربەقەزای کفری مامۆستا بوو زوو زوو سەری لێ دەداین و ئیتر لەگەڵ باوکمدا دادەنیشتن و باسی ئاین و ئەدەب و خەیام و جەبران خەلیل جەبران و میخائیل نەعیمەو چیرۆکی پێغەمبەران و هتد دەکرا من ئەو دەمە هەر گوێم دەگرت و دووسێ ساڵ بوو خەریکی شیعر



بووم جارێکیان لەتیف حامید ئەو دەفتەرەی بەدەستمەوە دی کە کۆمەڵێ شیعرم تیادا نووسی‌بوو داوای لێ کردم هەندێ شیعری بۆ بخوێنمەوە دیارە بەهرەیەکی لەشیعرەکانمدا بەدی کرد بۆیە گوتی بابچین بۆلای شێخ ڕەزا بۆ ئەوی بخوێنەرەوە ئەو خۆیشی شاعیرە لەراستی‌دا شێخ ڕەزا کە گوێی لەشیعرەکانم گرت هیچ خۆش حاڵ نەبوو بەوەی کە ئەو شیعرانەم نووسی بوو.. بەڵکو هەوڵی‌دا ساردم بکاتەوەو باسی کلۆڵی و هەژاری هەندێ شاعیری بۆکردم لەوانە: قانع و بێکەسم لەبیرە

بەهەر حاڵ من سارد نەبوومەوەو بەهرە شیعری یەکەم سەرنجی لەتیف حامیدی ڕاکێشابوو هەر هانی ئەدام کە بەردەوام بم. هەر لەو ساڵانەداو لە پێشتریشەوە من هاوڕێتی‌یەکی پڕ لەسۆزی برایانەم لەگەڵ کاک ئەنوەر محمد شاکەلی و کاک ئەحمەد شاکەلی‌دا پەیدا کردبوو لە ڕێگای منەوە لەتیف حامید و کاک ئەنوەر شاکەلی کەئێستا بەفەرهاد شاکەلی ناسراوە- یەکتریان ناسی‌و بۆ دواتریش لەگەڵ کاک ئەحمەد شاکەلی- یشدا یەکتریان ناسی و هەر چوارمان بووین بەگروپێك و کەیەکمان دەگرت هەمیشە باسی شیعرو ئەدەبی کوردی‌و جیهانیمان دەکرد و بەرهەمەکانی خۆمانمان پیشانی یەکدی دەداو گفتوگۆو مشتومڕمان لەسەردەکردن لەبیرمە جارێکیان کە لەتیف حامید هات بۆ ماڵمان هەندێ شیعری کوردی و عەرەبی خۆمم پیشان دابوو بیرو ڕای خۆی دەربارەی شیعرە عەرەبی‌یەکانم دەربڕی و تێی گەیاندم کەمن کێش و سەرواى عەرەبی نازانم و باشتر وایە بەر لەنووسینی شیعری عەرەبی خۆم فێری کێش و سەروای عەرەبی بکەم بەڵام دەربارەی شیعرە کوردی‌یەکانم وتی دەیانبەم لەهەولێر پیشانی هەندێ شاعیری کوردیان دەدەم و بیرورای ئەوانت بۆ وەردەگرم پاش چەند ساڵێ زانیم یەکێ لەو برادەرانەی کە شیعرەکانمی پیشان دابوون مامۆستا کەمال مەعمار بووە

شیعرەکانمی زۆر بەدڵ بووەو سەبارەت بەم قسانە نامەیەکی لەتیف حامید بەخەتی خۆی لەپاشکۆی ئەو وتارەمدایەو لەبەرواوی ١٩٦٦/١٢/٣ دا لە هەولێرەوە بۆ کفری بۆی ناردووم. ئەو دەمە لەتیف حامید لە (متوسطەی زازا) مامۆستای عەرەبی بووە لەهەولێر و ڕەنگە قوتابی و مامۆستایانی ئەوسای ئەو قوتابخانەیە لەبارەی ئەو کاتەیەوە لەهەولێر زانیارییان لەلابێ هەروەها چیرۆکنووسی ناسراویش بەڕێز کاکە مەم بۆتانی ئەو دەمە لەهەولێر سەری لێ دەدا نیتر نازانم ئەوسا مامۆستا کاکە مەم بۆتانی لەهەولێر بوو یابەمیوانی بۆ هەولێر دەهات. هەر چۆنێ بێ ئەویش یەکێکە لەهاوڕێ دێرینەکانی و لەبارەی ژیانی لەتیف حامیدەوە شت دەزانێ وەکو بزانم نووسەرانی بەڕێز کاك مەحموود زامدار و کاك عبداللە حەداد قوتابی لەتیف حامید بوون لەهەولێر و چیرۆکنووسی بەڕێز مامۆستا (حەمە نوری تۆفیق)یش هاوڕێی لاوێتی کەرکووك و چەمچەماڵی بووە لەبارەی سەرەتا ئەدەبی و سیاسی یەکانی لەتیف حامیدەوە شتی نوێی لەلایەو وەکو من بزانم ئاگاداری سەرەتای دەست دانە قەڵەمی لەتیف حامیدە وەکو مامۆستا حەمەنوری خۆی لەدیدارێکی بڵاونەکراوەدا بۆی باس کردم وەکو بزانم لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (جەمال عەبدوول)یشدا هاوڕێتی بووە بەڵام نازانم تاکو چ ڕادەیەك.

بەپێی نامەیەك کەلە ١٩٦٨/٧/٢٠دا لەکەرکووکەوە بۆی ناردووم و لەپاشکۆی ئەم وتارەدا دەیخەمەڕوو لەتیف حامید لەهەولێرەوە بۆ کەرکووك گوێزراوەتەوەو بۆ خانوو دەگەڕێ ئەوەندەی من ئاگادارییم باشترین کاری ئەدەبی لەتیف حامید لەهەولێر بەعەرەبی کردنی سەرجەمی ئەو شیعرانەی گۆران- بوو کە ئەو کاتە لەبەردەستدا بوو

لەتیف حامید کە گەڕایەوە کەرکووك لە ئامادەیی کەرکووك بەمامۆستای عەرەبی دامەزراو لەقوتابخانەیەکی شەویش وانەی دەگوتەوەو هاوڕێتی لەگەڵ هەندێ نووسەری کوردی کەرکووکدا پەیدا کرد لەوانە چیرۆکنووسی بەتواناو نوێخواز مامۆستا صدرالدین عارف- و مامۆستا عبدالعزیز خانەقاو شەهید جەبار جەباری و عوسمان خۆشناو و کاك خالد دلێر هتد کە لەتیف حامید گەڕایەوە بۆ کەرکووك کاك ئەحمەد شاکەلی قوتابی بوو لەخانەی پێگەیاندنی مامۆستایان لەکەرکووك لەبەر ئەوە بواری یەکتر بینینیان زیاتر بووەو بەپێی نامەیەك کەلە پاشکۆی ئەم وتارەدا دەیخەمەڕوو لە ١٩٦٩/١٠/٢٩دا لەتیف حامید لەکەرکووکەوە بۆی ناردووم چیرۆکێکی خۆی پیشانی کاك ئەحمەد شاکەلی داوە هەروەها شیعرێکیشی ئەحمەد لەچیرۆکەکەی ڕازی بووەو بەڵام شیعرەکەی بەپەخشان خەمڵاندووە وادیارە پێ‌و دانگی هەڵسەنگاندنەکانی کاك ئەحمەد شاکەلی جێی بڕوای لەتیف حامید بووە. شایانی باسە من لەودەمەدا کۆمەڵە شیعرێکم بەناونیشانی گوڵدانی یادگار- بەناوی جالینۆس- بەرزنجی‌یەوە کە نازناوی ئەوسام بوو لەئەنجامی سەرسامی ئەوسامەوە بە ئەدۆنیس-ەوە منیش ناوی جالینۆس-م بۆ خۆم کرد بوو بەنازناو کەناوی پزیشکێکی یۆنانی کۆن بوو دەستاو دەست لەڕێگای هەندێ برادەری خزممەوە گەیشتبووە سلێمانی‌و بەتەمابووم چاپ کرێ بەڵام وەك لەتیف حامید لەهەمان نامەی ناوبراودا باس دەکات هەواڵی دیوانەکەم نەبووە هەر ئەش بوو ئەو دەمە زۆرجار بەنامە داوای کتێب و سەرچاوەم لەکاك لەتیف حامید دەکردو لەکەرکووکەوە بۆی دەناردم و زۆرجار لەگەڵ برادەرانی کفری دابێکەوە دەمانخوێندەوەو لەهەمان نامەی ناوبراودا ئاماژەیەك بۆ ئەم قسانەم هەیەو هەندێ کتێبی ناردووە بەدڵم نەبووەو ڕادەردەبڕێ کەلە کەرکووك کتێبی باش نیە (دیارە لەو کاتەدا نەبووە ئەگینا کتێبی باش لە کەرکووك زۆر بوو.)

لەو ساڵانەدا من خۆم بە گەورەترین شاعیر دەزانی و لەسەر ئەو لاف و گەزافەی خۆم لەتیف حامید لە کەرکووکەوە نامەیەکی بۆ ناردوم بەسەردێڕی شاعیری گەورەی هەموو کوردستان- دیارە ئەم سەردێڕە جۆرە تەوس‌و پلارێکی برایانەشی تیایە و باسی ئەوەش دەکات کە ئەحمە شاکەلی لەماڵیان میوان بووەو ئەویش لافی ئەوەی لێداوە کە یەکێکە لەنووسەرە هەرەگەورەکانی جیهان ئەنجا دەڵێ: (وام زانی هەر تۆ خۆت هەڵئەنێیت و گەورەیت نەمزانی لە تۆ گەورەتریش هەیە هتد) هەر لەهەمان نامەدا باسی ئەوەی کردووە کە دیوانی منزل الاقنان-ی بەدر شاکر سەیابی بۆ کڕیوم‌و خوشکەکەشم المعبد الغریق-ی بەدرشاکر سەیابی بۆ کڕیوم بەو مەرجە بۆم دەنێرێ دەستێ جلی کوردی بۆ بکەم دەقی نامەکە لەپاشکۆی ئەم وتارەدایە.

لەسەرەتای ساڵانی حەفتادا لەتیف حامید و عبدالسلام محمد لەڕێگای منەوە یەکتریان ناسی و هەندێ نامەش لەنێوانیاندا هەبوو نازانم نامەکان ماون یان نا.. لەتیف حامید وەکو خۆی لەیەك دوو نامەیدا بەئاشکرا دەری دەبڕێ کە کاتی پیت و پێزو بەرەکەتی ئەدەبیی ئەو ئەوکاتانەیە کە لە کفری‌یەو لەماڵی ئێمەیە ئەوەتا لە نامەیەکی‌دا کە لە ١٩٦٩/١٠/٢٩ دا بۆی ناردووم و لەپاشکۆی ئەم باسەدا دەیخەمەڕوو لەتیف حامید دەڵێ: (براگیان: حەزم بەچاو پێکەوتنت ئەکرد. بەڵام وادیارە ناتوانی چونکە چەندە لەتۆ دوور بکەومەوە ئەوەندەش لە (شیعر و ئەدەب)ەوە دوور ئەکەومەوە لەو ساوە کە تۆم بەجێ هێشتووە کاسەو کەوێڵم شکاوە هیچ بەرهەمێك و هەوڵدانێکم لەجیهانی وێژەدا نەبووە بەڵکو (الف بە) کڕینیشم ئەماوە بەهۆی سەرقاڵیم‌و دەرس ووتنەوە هیوادارم کە تۆ وەکو من نەبی) لەتیف حامید جگە لەبەرهەمەکانی خۆی و وەرگێڕانی شیعرەکانی گۆران بۆ سەرزمانی عەرەبی گەل شیعری من‌و ئەنوەر شاکەلی و عبدالسلام محمد و کامەران موکری و هەندێ شاعیری دی لەکوردی‌یەوە کردبوو بە

عەرەبی هەر بۆ نموونە چەند هۆنراوەیەکی درێژی کوردی منی کردبوو بە عەرەبی یەکێ لەو هۆنراوانەی لەڕێگای شاعیری داهێنەر ئەنوەر قادر محمەدەوە رەوانەی گۆڤاری الاقلام- کرد و ئەنوەر خۆی پێشەکییەکی بۆ نووسی و یەکێکیشیانی رەوانەی گۆڤاری (الفبـاء) کرد بەڵام هیچیان بڵاو نەکرانەوە و تەنانەت چیرۆکێکی خۆیشی (وەك لە نامەیەکیدا بۆ من ئاماژە بەوە دەکات) کردووە بە عەرەبی و بۆ گۆڤاری الفبا -ی ناردووە بەڵام ئەویش هەر بڵاونەکرایەوەو لەپاشکۆی ئەم باسەدا نامەیەکی لەتیف حامیدو نامەیەکی کاك ئەنوەر قادر محمد دەخەمە روو کە ئاماژەیان بۆ ئەم قسانەم تێدایە.

لەدوای بەیاننامەی یازدەی ئاداری ۱۹۷۰ وە لەتیف حامید لەهەموو ئەو دەورانەدا مامۆستا بوو کە بۆ فێر بوونی زمانی کوردی بۆ مامۆستایانی کوردی کەرکووك کرایەوە ئەو مامۆستایانەی کە بەعەرەبی خوێندبویان و شارەزای زمان و ئەدەبی کوردی نەبوون.

* * *

لەرۆژی ۱۹۷۰/٦/۱۰ دا لەتیف حامید وەکو دەسپێشکەرییەك یەکەم وتاری دەربارەی شیعرو ئەدەبی نوێی کوردی لەرۆژنامەی التـآخی-دا بەناونیشانی مستلزمات الثورة والتجدید فی الشعر الکردی المعاصر- بڵاوکردەوەو تیایدا باسی گەلێ شاعیری نوێی‌کورد دەکات لەوانە: شێرکۆ بێکەس و جەمال شارباژێری و جەلالی میرزا کەریم و هەندێ کەسی دی دەکات و هەر لە هەمان وتاریدا دەربارەی من دەڵێ: "وابرز هؤلاء عندی فی هذا المجال هو الشاعر الشاب لطیف هلمت الذي بدا ینظم الشعر منذ سنوات منتهجاً اسلوب گوران. وظهر فی الاونة الاخیرة کشاعر له مایمیزه عن غیره فهو یمثل بشعره وفکره غضب وتمرد جیلنا المتحفز للنصر علی صیغ التجرد و الانغلاق. ودیوانه الله ومدینتنا الصغیرة- یضع علامة ممیزة علی طابعه الشعری هذا و یشکل بشیراً بمیلاد شعر کردی متطور یکسب الکلمة ویزجها فی المعرکة الراهنة التی تشتد ضراوتها بین الانسان و مستقبله "

لەتیف حامید لەکەرکووك هاوڕێتی لەگەڵ هەندێ قوتابی ژیرو زیرەکی خۆیدا هەبوو لەوانە: هونەرمەندی ناسراو کاك فازڵ جاف و رەخنەگری لێهاتوو کاك زاهر رۆژبەیانی‌و نووسەری دوورە وڵات کاك عبدالرحمن زەنگەنە

لەدەورووبەری ساڵی ۱۹۷۲ دا یا لەسەرەتای ۱۹۷۳ دا تووشی نەخۆشییەکی کوشندە هات‌و بەبۆنەی ئەو نەخۆشییەوە کەهێشتا تەشەنەی بەگیانیدا نەکردبوو هەر لەسەرەتادا بوو بەڕێز کاك (فەرەیدوون عوسمان)ی ناسی کاك فەرەیدوون مامۆستا بو لەکەرکووك و وابزانم بەڵێنی دابوو بەلەتیف حامید کە نەخۆشییەکەی لەڕێگای چارەسەری دەروونی‌یەوە چاك بکاتەوە لە ئەنجامدا لەگەڵ کاك فەرەیدوون‌و هەندێ کەسی تردا حزبێکیان دامەزراند و لەدوای مردنی لەتیف حامید حزبەکە ئاشکرابوو حکوومەت راوی نان‌و هەندێ لە ئەندامەکان گیران و هەندێکیان رایان کردو هەندێکیشیان کوژران مەسەلەی حزبەکە هەردوو ئامۆزای بەڕێزم کاك شێخ رەزا حامید و کاك قادر حامید زیاتری لەبارەوە دەزانن چونکە من ئەو سەردەمە سەرباز بوومو دوای تەواو کردنی سەربازیش زوو زوو سەردانی بەغدام دەکرد بۆ ئیش دەگەڕام‌و ماوەیەك لە هەولێر ئیشێکم دەسکەوت‌و دواتریش لەرۆژنامەی برایەتی‌دا دامەزرام بەڵام ئەوەندە دەزانم لەو ماوەیەدا نەخۆشییەکە بەتەواوی ئانومێدی کردبوو تەنانەت وای لێ کردبوو لەنووسین‌و خوێندنەوەی ئەدەبیشی دوور خستبۆوەو زیاتر باوەڕی بەموعجیزەو شتە غەیبییەکان پەیدا کردبوو.

لەتیف حامید لەماوەی تەمەنەکورتەکەیدا چوارچیرۆکی کورتی بڵاوکردەوەو بەو چوارچیرۆکە رچەی کۆنی چیرۆکی کوردی شکاندو پێشەنگایەتی لەبوارەکەدا بۆخۆی تۆمارکردو چیرۆکەکانی لەرۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیاندا بڵاوکردۆتەوەو تاکو ئێستاش گەرم و گوڕی خۆیان لەدەس نەداوە. جگە لەوەش لەتیف حامیدی جوانەمەرگ لەگەڵ چیرۆکنووسی جوانەمەرگی کەرکووکی شێخ قادر شێخ حوسێن کە سنەزانی‌دا کورتە چیرۆکێکیان لەسەرەتای ساڵانی حەفتادا پێکەوە نووسیوەو وەك لەبیرم مابێ لەدوای خۆیان لە ژمارە دوو- ی گۆڤاری ئێرگز- دا بڵاوکراوەتەوە کە لەساڵی ۱۹۸٤ دا چەند برادەرێکی دڵسۆز لە نووسەرانی کەرکووك دەریان ئەکردو تەنها دوو ژمارەیشی لێ دەرچوو.

لەتیف حامید حەزی لەناو کۆڕو کۆمەڵی نووسەران نەبوو ئەوەی من لەبیرم بێ تەنها جارێك سەری لەبارەگای نووسەرانی کەرکووك داوەو لەهیچ کۆڕێکی ئەدەبی نووسەراندا دانەنیشتووەو هیچ کۆڕێکیشی نەگێڕاوەو زیاتر حەزی لەگۆشەگیری بوو تەنانەت هەندێ جار سەری لە بەغدا داوە لەسەرەتای حەفتاکاندا و زانیویەتی زۆربەی نووسەرانی کورد لەگازینۆی پەرلەمان- دادەنیشن لەشەقامی رەشید بەڵام هەرگیز کەس ئەوی لەوچایخانەیەدا نەبینیوە. من هۆی ئەو گۆشەگیرییەی نازانم و ئەوەش نهێنی‌یەك بوو لەگەڵ خۆیدا بردی‌یە ژێرگڵەوە. بەڵام ئەوەندە دەزانم حەزی لەدەمەقاڵێ و وتی وتی‌و مشتومڕی بێ سەروبن نەبوو. لەگەڵ هەموو کەسێکدا نەگیرا زۆرجار برایان‌و نووسەرانی بەڕێز شێرکۆ بێکەس و کاکە مەم بۆتانی و سەلام محمد و ئەنوەر شاکەلی و ئەحمەد شاکەلی و صدر الدین عارف و قادر کەسنەزانی و کەسانی دی دیدەنی یان ئەکردو لەبارەی ئەدەبەوە ئەدوان هەروەها برادەری و هاوڕێتیشی لەگەڵ خوالێخۆشبوو عبد العزیز خانەقادا زۆر خۆش بوو. جگە لەو برادەرانەش هاوڕێتی لەگەڵ بەڕێز خالید دلێریشدا هەبوو کە ئەو دەمە لە کەرکووك بوو، دراوسێ ماڵی لەتیف حامید بوو هەردووکیان هاتوچۆی یەکتریاندەکردو لەبارەی ئەدەب و رێبازەکانی ئەدەبەوە جارجار گفتوگۆیان دەکرد. وابزانم پێشتر لەسەنگەری سیاسەتدا لەگەڵ کاك خالید دلێردا ببوون بەهاوڕێ و یەکتریان ئاسی بوو. هەروەها لەگەڵ بەڕێزان دکتۆر عزالدین مستەفا رەسوڵ و کاك فەرەیدوون عبدالقادردا ئاسیاوی و برادەری هەبوو ئەو دەمە (لەحەفتاکاندا) کاك فەرەیدوون عبد القادر لەکەرکووك بوو وەك لەبیرم بێ هاتو چۆی یەکدیشیان دەکردو وادەزانم پێشتر لەسەنگەری سیاسەتدا ببوون بەهاوڕێ رەنگە بەڕێز کاك فەرەیدوون لەم بارەیەوە خۆی شارەزاتر بێ و من هەر ئەوەندەی لێ ئەزانم بەڵام نازانم یەکتر ناسینیان لەگەڵ دکتۆر عزالدین‌دا چۆن چۆنی بووەو تاچ رادەیەك بووەو ئەوەندەم ئەزانم لەناوەندی شەستەکاندا، نازانم چ ساڵێکیان بوو لەتیف حامید کە لەهەولێرەوە دیدەنی کردین لە کفری (الواقعیه فی الادب الکردی) دکتۆر عزالدین مستەفا رەسولی پێ بوو زۆریشی پەدڵ بوو ناوبەناویش هەندێ برگەی لەدەفتەرێکدا دەنووسی‌یەوە

لەکۆتایی ساڵی ۱۹۷۳ دا نەخۆشییەکەی لەتیف حامید تەشەنەی لەهەموو لەشی‌دا کردو گەیاندیانە نەخۆشخانەی -الخیال- لە بەغدا ئەمەو دوای ئەوەی کە ماوەیەك لەنەخۆشخانەی کۆماریی کەرکووك کەوت و هیچ چارەیەکی بۆ نەدۆزرایەوە ئەو دەمەی کەلە نەخۆشخانەی الخیال- کەوت من لە رۆژنامەی برایەتی کارم ئەکرد بەداخەوە ئەگەرچی زۆربەی نووسەرانی کورد ئەو کاتە لەبەغدا بوون هیچ نووسەرێك لەو نووسەرانە جارێ لەجاران دیدەنییەکیان نەکردو ئەچەپکە گوڵێکیان بۆ ناردو ئەحەوالێکیان پرسی بەڵام جارێکیان کە من لەلای بووم بەڕێزان کاك (شێخ لطیف شێخ صادق) و کاك (عبد الستار طاهر شریف) لەنەخۆشخانەی الخیال- بەپێوەندی خزمایەتی و دۆستایەتی کۆن دیدەنی‌یان کرد ئیتر باشم لەبیرنیە بەیەکەوە هاتن بۆلای یاخود لەوێ یەکیان گرت.

پاش ماوەیەك نەخۆشخانەی الخیال-ی بەجێهێشت‌و گەڕایەوە بۆ کەرکووك‌و نەخۆشییەکەی

بەتـــەواوەتی پـــەکی خســـت و جارێکیـان بینیـم بـۆم دەرکـەوت خۆیشی بەنێچگاری ئومێد بڕیـووە لەژیان و چاوەڕوانی مردن دەکات و وەك هـــەر لـــەو دەمـــەدا لەخۆشکەکەمم بیست کە خێزانی بــوو کۆمــەڵێ نامــەو کاغــەزی ســـەردەمی لاوێتـــی خـــۆی ســووتاندووەو مــن وادەزانم ئـەو نامانە نامەکانی نێوان خۆی و ئەو کچە بووە کەلەسەرەتای لاوێتیدا لەچەمچـــــەماڵ یـــــەکیان خۆشویستووەو ئەمەش لایەنێکی شاراوەیە لەژیانی لـەتیف حـامید دا یـاخود لاپەڕەیەکـە دەبـێ داپۆشـێ و بیشـارینەوە چونکـە بارودۆخی کۆمەڵایەتی بوارنادات و خۆیشم بەجوانی ئازانم لـەم ئان و ساتەدا قەڵەم لەبابەتێکی وا وەردەم و بیورووژێنم بـەڵکو ئـەم لایەنـە هەڵدەگرم بۆ ڕۆژی خـۆی ئەگـەر خـوا مۆڵـەتی دا لـەکاتی گونجـاوی خۆیدا لەم بارەیەشەوە ئـەوەندەی کە بیزانم قسەدەکەم و خۆزگـە دەخـوازم ڕۆژێ لـەڕۆژان ئـەو کچـە خـۆی (کە ئێستا خـاوەنی مـاڵ و منداڵـەو ئـافرەتێکی بـەڕێزەو کچـی بنەماڵەیەکی بەڕێزە) خۆی ئاشکرا دەکردو باسی خۆشەویستی نێوان خـۆی و لـەتیف حـامیدی دەکـردو ئەگـەر نامـەو وێنـەی ئـەو کاتـەی لەتیف حامیدی لەلایێ پێشکەشـی ئەرشیفی ڕۆشنبیریی کوردی بکات.

* * *

لـــەتیف حـــامید بـــەدەس نەخۆشی یەکەوە لـەحاڵی قەلاکـەتدا دەبـــێ بـــیری دەکەوێتـــەوە کـــە لەســـلێمانی دکتۆرێـــك هەیـــە هاورێیـــەتی وابـــزانم (دکتـــۆر جەمال)ی ناو بووە دەڵێ بعبەن بـــۆ ســـلێمانی بەشـــکو ئـــەو چارەسەرێکم بکات. لەراستیدا من ئـازانم دکتـۆر جـەمال کێیـەو لەکوێیە بـەڵام پشت بـەخوای مەزن ماوەو ڕۆژێ لـەڕۆژان خـۆی زیـاتر تیشـك دەخاتـە سـەر ئـەم ڕۆژانـەی ژیانی لـەتیف حـامید بەهەر حاڵ نەخۆشی یەکەی تـەواو تـەنگی پـێ هـەڵدەچنێ لەگیانـەڵادا بـــەرەو مـــاڵی خۆیانیدێننـــەوە لەکەرکووك و لـەڕۆژی ١٩٧٤/٢/١١ دا چاوێك دەنێ و لەدەست ئازاری سەختی نەخۆشی شێرپەنجـە- خـۆی ڕزگـار دەکـاو لەگۆڕستانی شێخ محێدین لەئیمام قاسم بەخاکی زێڕینی کەرکووکی دەسپێرن

شـایانی باسـە نووسـەران وەك لەنەخۆشی یەکەیدا کەمتەرخەمی یان لەبارەی لەتیف حامیدەوە نواند لە مردنەکەشی دا هـەمان جـۆر بوون و کەمیان بەشداری یان لە پرسەکەیدا کرد

دەبـێ ئـەوەش بڵێم کە لـەتیف حـامید کۆچـی دوایـی کـرد مـن لـە بـەغدا بـووم وەکـو وتم لەرۆژنامـەی برایـەتی کـارم دەکـرد و لەگـەڵ هەردو شاعیری هاوڕێم ئەنوەر قادر جاف و ئەنوەر شاکەلی دا لەیەك دوو ژووردا دەژیـاین کـە بـەکرێمان گرتبوو من هەواڵی مردنی لەتیف حـامیدم پێنەگەیشـتبوو ئـەوانیش پێیـان نـەگوتم مـردووە بـەڵکو گوتیان ئەڵێن زۆر نەخۆشە ئەوەکو بعرێ سەرێکی لێ بدە لە راستیدا پـارەی سەفەری کـەرکووکم نـەبوو پارەی سەفەرەکەشیان دامـێ و کە گەڕامەوە بۆ کەرکووك سێیەم ڕۆژی تـەعزێی لـەتیف حـامید بـوو لەمزگـــەوتی لای چایخانـــەی حەسیرەکە لە کـەرکووك بۆ ڕۆژی چـوارەم تـەعزێ گوێزرایـەوە بـۆ ماڵەوە بەڕێز کاکە مەم بۆتانی هات بـۆ پرسـەکەی وابـزانم بـەڕێز کـاك شێرکۆ بێکەس و نووسەرێ دووانی دیشـی لەگـەڵدا بـوون باشـم لەبیرنیە وابزانم بەڕێز مامۆستا مستەفا ساڵح کەریمیش هات.

لـەتیف حـامید خێزانەکـەیی و دوو کوڕو کچێکی لەپاش بەجێما لـەو ڕۆژانـەدا بـارودۆخی عـێراق بەگشـتی و کوردسـتان بەتایبـەتی زۆر زۆر جەنجاڵ بوو لەلایەکەوە ڕێکەوتننامـەی (١١)ی ئادار خەریك بـوو هەڵدەوەشـایەوەو لەلایەکـەوە ڕۆشنبیرانی کورد یابا بڵێین زۆربەی ڕۆشـنبیرانی کـورد خۆیـان ئامـادە دەکرد بۆ بەشداری کردن لە یەکەم میهرەجانی هونـەری کـوردیدا کـە لـەمانگی سـێ ی سـاڵی ١٩٧٤ دا لەبەغدا سازکرا من دوای ئەوەی چـوار ڕۆژ یـا پێنـج ڕۆژ لـە تەعزێکەدالـە کـەرکووك مامـەوە گەڕامـەوە بـۆ بـەغدا و ڕووانیـم برادەرانـی برایـەتی و هاورێیـانی بەغدا هەندێکیان ڕۆشتوون بۆ شاخ و هەندێکیشیان ئامادەی کـۆچ و بـارن بـەرەو شـاخ ئیـتر منیش لەبەغداوە لەگـەڵ هـاوڕێی بـەڕێزم کـاك ئـەنوەر شـاکەلی و هـاوڕێی ئەمـەکدارم کـاك خـالید جووتیـاردا لـەڕێگای هـەولێرەوە گەیشـتمە ناوپردان و ئاگاو خەبەرم لە ماڵ و منداڵـی لـەتیف حـامید بـڕاودوای پیلانـی الجزائـر- کـە سـەردانی کـەرکووکم کـردەوە روانیـم (شـوکریە)ی خوشـکم کـە خـێزانی لـەتیف حـامید بـوو لـەتوێی جێگادا کەوتووەو ئەوەندە نەخۆشە ئەمن دەناسێتەوەو ئەکەس وتیان لـەدوای کـاك لـەتیف حـامید ئـەو کەوتنەی کەوتووە هەڵنەساوەتەوەو لەراستیشـدا هـەر هەڵنەسایەوەو پاش ساڵ و نیوێك لەجێگادا کەوتن بەسـوێی لـەتیف حـامیدی هاوسەریەوە بەجوانەمەرگی سەری نایـەوەو لـەپاڵ لـەتیف حـامیددا لەهـەمان گۆڕسـتاندا بـەخاك سپێردرا.

دەبێ ئەوەشم لـەبیر نـەچێ کە ئاموزای بـەڕێزم کـاك قـادر شـێخ حامیدی برای خوالێخۆشبوو کـاك لـەتیف حـامید بەرهەمـە دەسنووسـەکانی لـەتیف حـامیدی لـەلای خـۆی زۆر بەدڵسـۆزی یەوە پاراسـت و کـە کوڕەکـانی لـەتیف حامید گەورە بوون ئیتر ئەو ئەرکەی بـەکوڕەکانی سـپاردو ئـەو بەرهەمانەی لەتیف حامیدی دایەوە دەستی کوڕەکـانی وماڵی هـەردوو لایـان ئاوابـێ کەلـەبارودۆخی جـەنجاڵی کوردسـتاندا ئـەو بەرهەمانەیان پاراستووەو لەفەوتان ڕزگاریان کردووە.

هەندێ تێبینی وپەراوێز:

- لەتیف حامید لەسەرەتای لاوێتیدا زۆر حەزی لەچیرۆکەکانی الـف لیلـە ولیلـە- بـوو زۆرجـار دادەنیشـت بەدەنگـەوە بـۆ هـەموومانی دەخوێنـدەوەو دیکـرد بەکوردی.
- هەندێ جار کـەداوامان لێ دەکـرد لـەو چیرۆکانـەمان بـۆ بخوێنێتـەوە و تاقەتی نـەبوو دیوت: سیندەبادی بەحری ویستی گەشـتێك بـۆ ئاسمـان بکـات.. پەیژەیەکی زۆر درێژی هێناو پل بەپل پل بە پل پل بە پل پل بەپل هتد هـەردەیوت: پل بـەپل پیادا سەرکەوت و ئەگەیشت ئیتر ئێمـەش دەمـانزانی ئەمـە خـۆی دروسـتی کـردووە بڵاوەمـان لێ دەکـرد بـەڵام لەراسـتیدا مـن کەئێسـتا بـیر لـەم گێڕانەوەیـە دەکەمەوە کە دەقاودەق هی لـەتیف حامیدی جوانە مەرگە بەکورتیلە چیرۆکێکی پڕ لە فەنتازیای لەتیف حـامیدی دادەنێـم ئەگـەرچی ئـەو خۆی لە کۆتایی پەنجاکاندا هەر بۆ گاڵتەو پێکەنین ئەوەی بۆ دەوتین و هـەرگیز بەخـەیاڵیدا نـەهاتووە کـە ئەم بابەتە جۆرە هەڵ و مەرجێکی کورتیلـە چـیرۆکی سـەرکەوتووی تیادایەو لەیادەوەری منداڵێتی مندا دەمێنێتەوەو دەیخەمە سەر کاغەز.
- قادر شێخ حامیدی برای لەتیف حامید لەسەرەتای لاوێتیدا لـــەبواری نووســـیندا گـــەلێ تاقیکردنەوەی جوانی هەبوو ئەگەر بـارودۆخی ژیـانی بـواری بدایـە دەبووە نووسەرێکی سەرکەوتوو.
- گۆڤـاری ئێرگز: برایـانی بەڕێز (کاك مارف عمر گول وکـاك زاهـیر ڕۆژبـەیانی و کـاك عبداللـە سـەراج و کـاك ئـەوزاد ئەحمـەد ئەسـوەد) و هتـد لەکـەرکووك دەیانهێنایە بەرهەم.
- لـەتیف حـامید سـاڵی ١٩٤٠ لەشـارۆچکەی چەمچـەماڵ لەدایك بووەو پۆلەکانی سـەرەتایی لەشاری کـەرکووك تـەواو کـردووە. پۆلەکانی ئـاوەندی و ئامادەیی لـە کفری و کـەرکووك و زانکۆشـی لـە بەغدا تەواو کردووە.
- لەبنەماڵەیـــــــەکی ئاینپەروەردا لـەدایك بـووەو بـاوکی ڕێبەرێکی تەریقەتی قادری بووە لە چەمچـەماڵ و شـێخێکی ناسـراو بووە.
- هـەندێ جار لەکفری کـاك (حسین شێخ حەسەن)ی خاڵۆزامان کەدوایی بوو بەهاوەڵ زاوای لەتیف حـامید لەدانیشـتنەکاندا ئامـادە دەبـوو (سـێ قۆڵـی ئـەزنیف و دۆمینـەمان دەکـرد) بـەڵام مـن ئەگـەرچی بەشداریشـم لـەو یاری یانەدا دەکرد نە ئەوساو نە ئێستا ئـەو یاری یانـە ئـازانم و وێنەیـەکمان لەکاتی یـاری کردنـدا لەگەڵ ئەم نووسینەدایەو حوسێن شێخ حەسـەن ئێستا لەسـلێمانی دەژی.

MARDI 28 AOUT — الثلاثاء — آب ٢٨ أغسطس — ٣٠ رجب — TUESDAY 28 AUGUST

هذا الثلاثاء ... [illegible] يوماً ... بوجه أكثر تعبير ... [illegible]،
وانحازنا ... [illegible] جداً ... جديداً ... [illegible]
المرحوم ... [illegible] ... [illegible]
... [illegible] ... المنجم لكل نهار بأمور يومية ...
في تعدد ... [illegible] ... والأرجح أنه الآن أمامي ...
... [illegible] ... تلك الجداول ... [illegible]
... [illegible] ... الرسمية ...
... [illegible] ... إلى
... [illegible] ...
... [illegible] ...

DIMANCHE 26 AOUT — الأحد — آب ٢٦ أغسطس — ٢٨ رجب — SUNDAY 26 AUGUST

(روالنگه) ما هي؟ كيف هي؟ أليست تشريات ما قتلت ذبابة؟
ألم تفهك كثيراً تأوهاته و دلالاته) على كل حال يعجبني
جداً أن أعرف أخبارك! والمبرر الوحيد لكتابة هذه
الرسالة بالإضافة لهو الراحة القليلة التي حصلت بها عنا
في ترتيب مما أتاح لي كتابتها.

- تلميذك المخلص -

جواب الرسالة / نيسان ٩٧١

أخي الأعز كمال أحمد
تحية وعنابر تموت على سفني - مع الاعتذار لمحمود درويش.

DECEMBER 1971

13 Monday

كما يقول السواحلي ... [illegible] ...
الناس في بلادي. كما يقول الشبان ... [illegible] ... بالأحمر
القاني) ... [illegible] ... المصارحة
من أجل ... [illegible] ... على أنفسهم. وإذا كانت
الليلة في كراجات ... [illegible] ...
... [illegible] ... مدينتي ... [illegible] ...
و "روالنگه" في ... [illegible] ... لغز والعلاقة
التي ... [illegible] ... مدينتي ... [illegible] ...
... [illegible] ... وفي الأونة الأخيرة شهدت ... [illegible]
مدينتي ... [illegible] ...
... [illegible] ...
... [illegible] ...

1971 DECEMBER

Tuesday 14

جواب الرسالة ... [illegible]

أخي الأعز كمال أحمد
تحية وعنابر تموت على سفني - مع الاعتذار لمحمود درويش.
... [illegible] ... ما لن تشغلوا ... [illegible]
... [illegible] ... مع أبطال القصة التي ... [illegible]
... [illegible] ... التي لا ... [illegible]
أكاد أستسلم لليأس ... [illegible] ...
... [illegible] ...
أضف ... [illegible] ...
... [illegible] ...
... [illegible] ...
... [illegible] ...
... [illegible] ...
... [illegible] ...

كركوك
٣٠/٧/٦٢
لطيف رزقي

براي خوشهويستم و بهريزم شيخ لطيف

سهلاوي دڵ .. پر سياوي خوشتم .. ئاوات خوازم له دلشادي و تهندروستيدا بيت.
داواكاره بهرده وام لو كوششتا ماناي سارد بونهوه نهزانيت.
براثيات [illegible]
ئاغا لهسهر برياري خوت ماوي بو سهل كردنيات (يه وي سيغا) لاتا بردووه لهم بارهيهوه.
هيشتا هونده كتيبي ترم خويندهوه و هونده تا سيوشم كردهوه [illegible]
نوسيوه (دهفتهركهي ماوم) بهلام نهوي ئاقارتيه [illegible] ماوه.
ئيسته هاويه له كركوك بوهانو نه گهڕوه [illegible]
شكويه سهلامهت [illegible] و [illegible]
هممو لا [illegible] خوالتان [illegible]
نيتر خوشيتا له ساديتا

[illegible]
لطيف
[illegible]

أخي العزيز ٢/١٠/٢

كم كانت غبطتي عظيمة وفرحتي عميقة عندما استلمت رسالتك الأخيرة التي بعثت في نفسي مهجة الذكريات.
وواجهتني صفحتها بدلالة مشرقة باسمة طافحة بنفحات الشذى العبقة وملأت صدري ونفسي منتشياً من ذلك الشؤبوب العارم يقبل الشوق والحنان ومشاعر الأخوة الصادقة وكأن أسراب السنونو تترى على غادية ورائحة حاملة بين جناحيها أسمى سمات المحبة والامتنان مقدمة إلى باقات التحايا المعطرة التي أمطرتها على كواهل شجي سكوبة.
إن الاحاسيس الأخوية المنبثقة من أعماق الصفاء والاخلاص تلك التي تربط بين قلبينا المتواقين إلى العناق الابدي والسعادة الغامرة التي تشكو النفس الانسانية وترتفع بها إلى أجواء هي فوق عالم المادة والمحسوسات إلى عالم يسوده الحب حيث فنون الروح وسمو العواطف وتجسيد الأماني النبيلة للانسان الطيب النبيل المحب لأخيه الانسان.

DECEMBER

11 Saturday

في [illegible] السلام وفي سنة أن [illegible] العمل [illegible]
يرسل [illegible] والثقة [illegible]
بل [illegible] (عن [illegible] المجهول)
[illegible] في ولادة [illegible]
[illegible] الله [illegible]
[illegible] في [illegible] للوضع.
[illegible] فقد [illegible] الكبر
[illegible] في [illegible]
[illegible] في دورات [illegible] فقد [illegible]
[illegible] السعر ٤٧ دينار.

أم ل... [illegible]

DECEMBER

Sunday 12

لم [illegible]
سيبويه [illegible] الفارسي [illegible]
والله أعلم. ولكنها مع ذلك [illegible]
[illegible] و[illegible] نقول [illegible].
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] على تناول نوع واحد من المشروبات [illegible]
يمكن [illegible].
(النقول .. الجود .. [illegible]) [illegible]
[illegible] ولذلك [illegible]
[illegible]

چیرۆک

(١)

وورێنەی پیاوێکی نوقمی سێبەر

وای ئەزانی ئاوێنەکانی ئەودیو هێڵە بەردینەکانیش هەر بێ ئوونەو لەکەن. وەکو ئەو کانیەی کە پێش ساتێك دەمی پێوە ناو توینێتی و ماندوێتی خۆی تیا تواندەوە تریفە دارو دەم بە بەستەن..!

وای ئەزانی کەمەری شینی سامالّی بەزیو چنراو هەردەم بە جریوەی شەونخونی و چاو زیتی پۆلا ڕێژکراوەو لێڵی و لێك ترازانی نیە.. ئەو ڕۆژەی کەلە دڵی ئەودا تیشکی داوەتە پەرژینی سەرانسەر ئەو جیهانەیە کە دڵبەندی بووەو بە نەرمی واهەنگاوی بۆ ئەنێ..!

سمفۆنیەکی بێ لەنگەر لە لوورەی چەقەڵ و خوڕەی چەمەکان و ترپەی پێی دروست ئەبوو تاریکایی بەکپی ئەیخواردەوەو زاخاوی توێژی سامناکی و سەختی خۆی پێ ئەدا..

"ئەو بادەوانەی کەلە تویی کەفی تورتی شەودا نەشەکایەوە بەرووی رەشەبای قەڵاچۆ کردنیا پەڵە هەورێکی چڵکن و یڵ و سەرنگوونی کرد. بەناخی گەرداوەکەدا بردیە خوارەوە.. تۆش لەرخەی خوارەوە.. تۆش لەپرخەی خەوی نابەڵەدیتا بۆنی خوێن و یادو سۆی بەرچاوتی لێك کردبو !"

پەنجەیەکی نەبینراوی ئاگرین ریشەی دڵی لەیەك ئەترازان، بەچزووی ترسی پێ شێل‌کردنی گوڵ هەناوی ئەشێوان و زۆری ئەمابو وورشەی ئاونگی زیوینی بەر پێی لەبەر چاو بکاتە رەشمارێك و هەنگاوەکانی کوور بکات و ئاسۆی هیوای ژیانی تازەی سبەینێی لەناو چنگی گوشراویدا جێ بکاتەوە.

بەڵام ئەو هەڵم و دووکەڵەی کە مێشکی پێ قانگ درابوو قوڵپی بەخوێنی لەشی ئەداو شێوەی راستەقینەی هەموو شتێکی‌لەبەر چاو ئەگۆڕی:

- هەرچۆنێك بو توانیم شالاوی تەم و مژی ڕێ وێڵکەر برەوێنمەوەو شوێن پێی خۆم لەسەر ئەم تەختە تاوێرە رەقە دیاری کەم، سبەینێ ڕێگەی سەر ڕێ سڵم لێ ناکەوە، ئەوەی کەچاویانی بەترس ئەرێژا. لاپەڕەی هیوایانی بە رەنگی زەردەپەڕ تەڵخ ئەکرد واسەرەو خوار لەخاکدا رەگی‌رووی‌راستی ئەم چەرخە دائەکوتێ.

- ئەو گەردەلوولە سوورەی کە لە قووڵایی کارەساتی ئەم شەوە تاریکەدا ئەزێ و لە بازووی پاسەوانە دلێرەکانی چیاو هەردا لووڵی خواردووە بەرەبەیانی سبەینێ هەڵ ئەکات و رەگ و ریشەی دار کلۆرەکان و هەواری دڕکە چاو چنۆکەکانیش راپێچ ئەکات و گێرەشێوێنی ناو کێڵگەو مەرەزەکان ئەکاتە پەڵە رەشی: سەر ڕووی چەرخی راپەڕینی مرۆڤ.

چاوەکانی ماندوێتی تێ زابو ئەوەندە سوورپیانی دابو بە پانایی ئاسماندا کە وەك شەوەیەکی رەش ئەینواند بە ئومێدی تروسکە ڕووناکیەك دوو دڵی خۆی پێ برەوێنێتەوە، دڵنیای کات لەو ڕێگەیەی کە گرتوویەتی

- هەموو شت بەندی ئارەزووی خۆمە.. من ئازادم.. با بەس بێت ژیانی چاو بەستی.. بۆچی کەم تەنەکەیان پێ لێ‌دام لەو شەوە تاریك و ساردەدا بە ناوی راوە ژێژکەوە؟! جارێکی‌تر منیان پێ ناخەڵەتێ، ڕێگەی خۆم دۆزیوەتەوە کەڵك لەم هەلە وەرئەگرم.. ئەو دەستەی بۆم درێژکراوە دێیەکەی خۆمان ئەدۆزمەوە.. ئەم جارە گوڵە ووردیلەکانی فەرامۆشی ناکەم.. بەهرامی برام با هەر بلوێری خۆی لێ دات، ئەو دوای کلاوی با بردوو کەوتووە. ڕووناکی کەلە تویی زامی ئەمرووە هەڵدێ سبەینێ لق و پۆپی تیشکی ژیانێکی نوێ‌ئەرژێنێتە سەر هەمو قەڵبەزەو ڕێ و بانێکداو تاپۆو تەرمی ئەم خەوە ئاقوڵایەی ئەم شەو ئەنێتە چاڵ.. ئەڵێن ئازادی لەگەرووی خێوی ئاوبیرەکەی ماڵی ئاغایا گیری خوواردووە.. شەقەی باڵی پەلەوەرە دەنوك سوورو لەش سپیەکان نوقمی هارەی ئاسیاوەکەی ئەودیو چیا بەفرینەکەی ژوور دێیەکەتانە کە شەوو ڕۆژ وەستانی نیە.

تەزی خلیسکی بێ داری و ویلی ناخی ئەو درەختە بتەوەی‌هەڵکلۆفی و خستە لەرزە کەتا دوێنێ تینی باور لقەکانی ئەشەکاندەوە بە ڕووی چەخماخەی لەرق گیراوی یاساوڵە چاو زیتەکانی ئەودیوا.. خزەی هەناسەی سواری دەنگی لەو ترانسسترەی دەستی بری بو کە بەدرێژایی ڕێگە ئەرشایەوەو گوێچکەی پرکردبو لەمنجەمنج و ئاوازی نەخۆش و ئاڵۆزاو:

"گرنگ نیە کە ویلەکەت ناوی خۆتی پێوە بێ.. تۆش وەك هەموان رەنجی شانی خۆت ئەخوێت.. ڕێگەی باوکت وون مەکە.. کاتی پێوان و کێشان نیە.. درندەکانی دەورمان قەپاڵی خۆیان ئەوەشێنن".

کوت‌وپڕ هەمو شت بەرگێکی‌تری کرا بەبەرا.. تاوێرەکان.. قەڵبەزەو لوتکەکان هەمو ئەجوڵێنەوە.. واتا ئەم ڕێوبانە بێ سێبەر نیە.. وا تەکان ئەدەن تارماییەکانیان ئەبینی.. قاقای قیرینیان ناخی گوێی ئەسمی. وانیستە هەموشت روون بووەوە.. هەموشت رق و بێ جەرگی لێ ئەتکێ.. شێرکۆ چی‌تری بەدەستەوە ماوە؟ تاساتێك لەمەو پێش ئەخشەیەکی نوێی ئەکێشا بۆ ئەم جیهانەی کە بیزی لە رووی گرژوتاڵی ئەکردەوەو بە هەنگاوە نەرمەکانی ئەو سنوورە دەستکردانەی ئەسڕیەوە کە مرۆڤ خۆی تیا بەند کردوە.

"بێ گومان خەو ئەبینم.. راستی ئەبێ هەر جێی خۆی بکاتەوە.. گوایە بەهرامی برام راستی کرد؟ ئەخێر خەو ئەبینم"

چاوەکانی هەڵکلۆفی.. ئارەقی ناوچەوانی بە لکی پشتوێنەکەی سڕی.. سێبەرەکان هەر بەرەو پێش ئەکشێن.. ئەو کاژەی بەرچاوی گرتبو.. ئەژنۆی سڕ کردبو هەڵوەری و لە سامناکی ئەم شەوە زەنگەدا توایەوە.. بڕیاری‌دا بکەوێتە خۆی هەنگاوێك چووە داوەوەو خۆی فڕێ‌دایە کوریانبکەوە.. تارماییەکانیش بەدوایا ئەمجا دەستی شلی مەیی بەسەر شانی بێ چەکیەوە..!!

هێڵی بەرەبەیان زنجیرەی ئەستێرەکانی خزانەقوڕگی ڕووناکیەوە.. شەو ئەمجارەش چۆکی دادا.



چیرۆك

(٢)

بەشێك لەداستانی سوالگەرە نەناسراوەکە

ووتیان: شارەکەمان ناوێنەیە.

ووتم: هەر کەس بەجۆرێك خۆی تیا ئەبینێ

ووتیان: پاشا هەنگاوەکانی سەنگینە

ووتم: سەرگوزشتەکەیم لەداستانەکەدا بیستووە

ووتیان: چاوی زۆر بڕ ئەکات

ووتم: بەر پێی خۆی نابینێ

ووتیان: جەنگاوەرە.

ووتم: جەنگاوەرێکی بەزیوە

ووتیان: دڕ بەم هەورە ئەدات

ووتم: بەر بروسکەکەی ئەکەوێت

ووتیان: بەهار نزیکە

ووتم: دوورە

-١-

ئەو داستانەی کە ئەنکم جیرۆی هۆشمی پێدابوو، وەکوو ئالوو چەپکی ڕۆشنایی لە هەستیم ئەچنی، داوی جالجالۆکە دڕەکانی پێم پف ئەدا تا ئەوە وستێکی ئەستوورو لەگەردنەوە ئەئالا

داستانەکەتان بۆ ناگێڕمەوە، چونکە تاوەکوو ئێستە هەمووتان لەسوێرایی ڕووداوەکانیان بەدوای وێنەی خۆتانا ئەگەڕێن. بە وێنەی پاڵەوانەکانی هەرەشە لەتیشکی خۆر ئەکەن

تێبینی: ئەو کاتەی ئەم قسەیەم کرد سەپانەکانی دێ تازە دەمی داسەکانیان لەئەستێ ئەسوی، ئیتر نازانم لەم قسەیە ڕێکتر هەبوو بیکەم یانا!

چەند ڕۆژێك بوو ڕێگام دابوەبەر، وێڵی دوای ئەو ڕێبوارە بووم کە ئێرە ئەماڵێ بەسینگی ئەو کەسانەدا کە پشتاویشت هەنگاو ئەنێن.

منداڵەکانی دێیەکەی سەر ڕێمان لەژێر تیشکی مانگەشەوی هاوینا کۆڕیان بەستبوو بەیەك دەنگ هاواریان ئەکرد

"خەنجەر کاکەم دوو دەمە".

ویستم قسەیەکی لەمە خۆشتر بخەمە سەر زاریان، بەڵام ووتم بۆ من ناشێ لەئێستاوە شارە زەردەواڵە بووڕژێنم، لە توانامانی یە پڕ بەدڵی خۆم بەستەیەك بڵێم. دەنگی ئەمانە لەمن زوڵاڵترە. کە لەشار گەڕامەوە جارێکی تر گوێیان لێ ڕائەگرم

مزگەوتەکەی ئەوپەڕی دێ باوەشی بۆمان گرتبۆوە، ئەم ئەتوانی لەکاروان دابڕێم، لەڕاو گەڕاونەتەوە، ماندوێتی خۆی لەچاویانا ڕاکشاندوە وێنەکانیانم تیادی. کەوەك شێرە کوللەی لاق شکاو چۆکیان دادابوو. بەتەمای ڕاستبوونەوە نەبوون، سڵەمیمەوە. بەگورجی خۆم لەڕیزەکەیان کشانەوە.

تێبینی: لەداستانەکەدا پاڵەوانەکان هەموویان ووچانیان ئەگرت، لەژێر سێبەری درەختێکا خەوێکی خۆشیان لێ ئەکەوت، کەچاویان ئەکردەوە خۆیان لەبەهەشتێکی خۆشا ئەبینی.

ئەمە دوا قۆناخمان ئەبوو. بۆ سبەینێ ڕژاینە شارەوە، پەردەیەکی کە هەڵدرایەوە سەر شانۆ ئێستا چۆڵ بوو،



دانیشتوان ڕەشەبای چەپڵەیان هەڵساندبوو.

خەوی ژێر سووره چناری چەماوە ڕۆژێکی لە تەمەنمان کەل کرد، بەمەوە ئەکا دوو، چابوو هەندێکمان زوو خەبەرمان بووەوە، کاری (قەیتەر زەرج) ڕاست بێ ئەو ئێمەی لە بیرنەکردبوو.

تێبینی: (قەیتەر زەرج) یان (قەیسەر زەرج) ناوی یەکێك لە فریشتەکانی سەر شانمانە. هەر کەسێك پێش خەوتنی سێ جار بڵێت (قەیتەر زەرج زوو خەبەرم بکەرەوە) لەکاتی پێویستدا بە ئاگای ئەهێنێ.

لەو بڕوایەشدام کەهەندێك لەخەو قورسەکان تاوەکوو ئێستە بەمەیان نەزانیوە لەمەودوا کەڵکی لێ وەرنەگرن.

تەکانم دایە خۆم.

-٢-

بۆ هەرلایەك ئەڕوانم لافیتەیەکی دێز چەمۆڵەم لێ ئەنێ، یاساولێکی گەوج دەدانم لێ ئەسوێ، چەکمە لە پێیەکی دڕ پێم پێ ئەکەنێ، بو نکرووز کاسەی کردوە، کەس ناتوانێ کڕیارو فرۆشیار لە یەك بکاتەوە، ئەوەندە ئەزانم چەمەکەی ئەو دیو شار لەهاوینا دێتە ووشکی، ئەبێتە کولانەی گورگو چەقەڵ.

لەناو غەڵبەغەڵبێکی خەستا دەنگی هاوڕێکانم لێ وون بوو، چاوم پەڕیە پشتی سەرم، ئەوانەی بەرەو ڕووم دێن لیك لەدەمیانەوە ڕێ نەکات، چاوە داقڵیشاوەکانیان، وەکوو کووره داگیرساوە "ئەنکم ئەیووت سوارەکانی شا کە هاتنە کەرکووکەوە، چاویان داقڵیشاوبوو، دەمیان بە کەف سواق درابوو.

تێبینی: لەکاتی خۆیدا نادر شا کەرکووکی داگیرکردوە، لێی ئەگێڕنەوە کە سوێندی خواردوە هەرکەسێ دەس لەتەزبیحەکەی یان شمشێرەکەی یان تەختەکەی ژێری بدات، بدا لە ملی.

ئەشڵێن کەوا لەکۆتایی ژیانیا لەسەر دەستی شێخ اسماعیلی وولیانی تۆبەی وەرگرتوە.

تێبینی: لەلای هەندێ کەس باوە کە دوانزە سوارەی مەریوان هەر دوانزەیان کوڕی شێخ اسماعیل بوونە، ئەم قسەیەم چۆن بیستبوو ئاوەهام گێڕایەوە، ئەوی تری ئەکەوێتە ئەستۆی مێژوو نووسەکان

خۆم کردە شەقامەکەی ئەو دیوا، هەموو پشتاو پشت هەنگاو ئەنێن، کە ئەگەنە


هاستم سەیرێکی کۆڵەکەی سەر پشتم ئەکەن، لە دڵیانام کە ئەیانەوێ بڵێن بەچەن، بەڵام کەچاو ئەبڕنە چاوم گەلێ شتیان بۆ دەرئەکەوێ، ئیتر مۆڵەتی وەستانیان نامێنێ، تیژ تێپەڕ بەجێم ئەهێڵن.

لەناوەڕاستی بازاڕ گوێم هەڵخست: "بە چەن.. بەچەن.. بەچەن" کڕیارو فرۆشیار هەر ئەڵێن بەچەن. من ناڵێم لەیەك جیاکردنەوەیان کارێکی

ستەمە!؟

-٣-

بەبۆنەی



رۆژی ساڵی تازەوە، شار رازاوەتەوە، لافتەکان خراونەتەوە روو، بەچوار دەورما ئەشەکێنەوە، تاریکی شوێن پێیەکانیانی هەلمژی، درێ پێیاندا هەگبەکەم دایەوە بەشانما، وەکوو کابرا پێمی ووتبوو کەوتمە گڕ بە شەقامەکانا، دەستم کردە سڕینەوەو گۆڕین، چەندم هەڵکێشا ئەوەندەشم چاند، مانگ توێژی هەورەکەی زاخاو ئەدا، رووی ئەستێرەکانی ئاوپەرژێن ئەکرد، خزەی هەناسەم ئەوەندە جیاوازی نەبوو لەگەڵ قرمەی تەرزە رێژەکەی چوار دەورما، لە هەڵدێرەکەدا خۆم گرتەوە.

: ناوت چی‌یە؟

"باوکم لەسەرەمەرگا ووتی جوامێر، رۆڵە تۆ رێگەی من مەگرە، ئازا ئەو کەسەیە رێگەیەکی تازە ئەدۆزێتەوە بۆ ژیان و مردنی خۆی!. ئیتر دەنگە نەرمەکەی لە پرمەی گریانا توایەوە".

تێبینی: بۆ ئەوەی هەموو شتێکتان لا روون بێتەوە، پێویستە ئەوەش بڵێم کە دایکم چەند جارێك بۆمی گێراوەتەوە کە لەپاش ئەوەی حەوتەم چوو مەلا حەمەئەمین بانگی بەگوێما داوەو ناومی ناوە (قەتمیر) ئەمیش ناوی سەگەکەی (اصحاب الكهف) بوو کە بەدرێژایی خەوە خۆشەکەیان لەو دیو دەرگای ئەشکەوتەکەوە پاسەوانی بۆ کردوون. پاش چەند ساڵێك بەزۆرە ملێی کاکم ناومیان گۆڕیوە.

تێبینی: تاوەکوو ئیستەش ساغ نەبۆتەوە کەژمارەی ئەمانە چەندە، هەندێك ئەڵێن بە سەگەکەیانەوە شەشن، ئەوانی تر ئەڵێن حەوتن. ئەوەی شایانی باسە کە سوڵتان (القاضي الفاضل السجستاني) کەزانایەکی ناوداری رۆژی خۆی بووەو زانیاری ئاسمان و زەوی لە سینگابووە، لە نوسراوە ئاسراوەکەیدا هەر دوودڵی پێشان داوە لەم بارەیەوە. بەڵام لەو بڕوایەدام کە سۆراخی ئەم دواییەی پسپۆرەکانمان ئەم راستیەمان بۆ یەکالا ئەکاتەوەو ئێمەش دڵمان ئاو ئەخواتەوە.

ناوت چی‌یە؟

ئەراندیان بەسەرما.

جوامێر!

ناوی باوکت؟

"پاش مردنی بەچەند ساڵێك باوکمم ناسی، ئەو کاتە منال بووم ئەم ئەزانی کەدوا ووتەکەی ئامۆژگاریەکی دوو توێ بوو ئەمتوانی کەڵك لە دیوێکی وەرگرم لەو ساوە کەوتمە لێکدانەوەی ئەمسەرو ئەوسەری هەنگاوەکانم".

ناوی باوکت؟

"ئەمانە بەم زوە دەست لە یەخەم بەرنادەن، چاتر وایە بەتەواوی خۆمیان پێ بناسم". پسووڵەیەکم دایە دەستیانەوە.

" . " لەسالی " . " لەدایك بووە.

لە ٢١-٣ " . " بەبۆنی لاستیکە سووتاو کەوتوە.

لەوساوە هەموو ساڵێك بەر شەوارەی گڕ ئەکەوێت.

باوکی لەشەڕی ئاوباریکا پێکراوە.

لە رۆژی قاتوقریەکەوە بە پاسەپۆرتێکی دەستکردەوە هاتۆتە شارەوە.

ئەڵێ دەنگم زۆر خۆشە بەڵام ئێشتا کەس گوێی لەبەستەیەکی نەبوە.

جارێکی کە بەتاوانی پەیوەندی کردنیا.

تێبینی: بۆ ئەوەی ئێوەش پێم ئەڵێن راستی خۆیمان لێ ئەشارنەوە پێویستە ئەوە بڵێم کەمن هیچ تاوانێکم لەو کابرایە نەدیوە، هەر لە دوورەوە ناویم بیستبوو، ئەو رۆژەی کەشانۆ چۆڵەکەم بەجێ هێشت، هەستم بەرێڵی و ئاوارەیی ئەکرد، لەناوەڕاستی شەقامەکەدا، بەرەو رووم هات، ناسینەوەی شتێکی گران نەبوو، زۆر شکست و شپرزە هاتە بەرچاوم، ئێزەکەی دەستی بۆلای چەپی خۆی درێژ کردو ووتی "ئەم شەقامە بگرە، ئەگەیتە هاورێکانتا". هەر کە کەوتمە رێ چوار دەورم گیراو بازنگیان بۆ مەچەکم کرد..

ئەمە هەموو تاوانێکی من و ئەو کابرایە بوو، ئێوەش بۆتان هەیە لەم رووەوە شتێك بڵێن.

هەرکەسێکیان سەریان کرد بەیەکا، کەف کەوتە سەر لێویان، بەڵغی رق ناو دەمیانی سواقدا، لەدڵیانا بووم کە ئەیانووت "لەکرێن نایەت".

ووتیان شارەکەمان دەریایە.

ووتم: دەریایەکی تینوە.

ووتیان: پاشا نەخشەیەکی نوێی بۆ ئەکێشێ.

تێبینی: لە دەرەوە دەنگی منال بەرزەوە بوو:

منالی گەڕەك سەربنە خەزەك. وەرنە دەرێ بۆ شەڕە گەڕەك.

ووتم: لەوێنەی نەخشەکەی باوکم.

ووتیان: رووی مێژوومان ئەگۆڕێ.

ووتم: مێژوو باوەشێك باو بڕە.

ووتیان: گڕ بەر ئەداتە ئەم چەور چێڵە.

تێبینی: لەم کاتەدا هەورە بروسکە جار جار ژوورەکەی رۆشن ئەکردەوە.

ووتم: بەر شەوارەی گڕی خۆمی ئەخەم.

ووتیان: بەهار نزیکە.

تێبینی: هەموو بەیەك دەنگ هاواریان لێ هەڵسا:

بەخەنجەرێ

منالی گەڕەك وەرنە دەرێ.

پاشا کوژرا.

ووتم: نزیکە.

چیرۆک

(٣)

زەرد.. سوور.. سەوز.. شین.

باغچەکە ڕازابووەوە. تۆزی شلەژاو. بلیتەکەم دەرکرد.

"سەزی حەمات" زووم تێ کرد، دانیشتم. چاوەکم بەدەوری خۆمدا گێڕا. تەریقبوومەوە. خۆزگە نەهاتمایە. پیاو ئەبێ پێش هاتنی بۆ شوێنێ ئاوها خۆی باش ڕێکبخات. جگەرەیەکم داگیرساند. بەمووادیە دووکەڵەکەی ئەمویست بەمە شەرمی خۆم بڕەوێنمەوە.

تیشکی زەردە لۆچی دەمو چاوی کابرا لۆق درێژەکەی بەرامبەرمی پڕکردبوو، وای بۆ ئەڕوێشتم کە خەوێکی خۆش ئەبینێ. ئاواتە مردووەکانی کەوتوونەتە سەرەتاتکێ.

سەرم هەڵبڕی. چاوم پێت کەوت. بەردو پیریت هاتن ویستیان لەمنت بکەن. دەستیان بۆ لابەکی تر بوت درێژکرد. قسەیانت شکاند. بەرامبەرم دانیشتی. دەستێکت بەقژە کەتا هێنا. لێوم قرچەوەبوو. یادی دەساڵ لەمەوپێش تەوژمی بۆ هێنام.

تۆ ئەبوێتایە من جێگەی ئاوها نە ئەهاتم. دەمێکە زانیومە گوێ شل کردن بۆ قسەی سەر شانۆ مێشکمان هەڵ ئەکولێ. پێش هاتنت چکە بلیتەکەی دەستم ئەفرتاند. ئاوارەیی دەمی ژەنی بووە ئاخم. ئەم کورە شایستەی ئەوەنەبوو من و تۆ یادی خۆمانی تیا جێ بهێڵین.

"ژووری ٢٩- لەزانستگا یادێکی یەجگار دێرینمان بیر ئەخاتەوە. ئەو کاتە ئەوەندە ئەدەربەستی سبەینێمانەوە نەئەهاتین."

کە نۆرەت هات پرچەکەت باش ڕێکبخە. دەمن بەووشەکانتا بێی. هەندێ یاری وەک ئاگر وایە. ئاگادار ئەبێت خۆت نەسووتێنیت.

بۆچی سەرت دائەخەیت؟ ڕاستی شتێک نیە کەس سڵی لێ بکاتەوە. "ئەو ئێوارەیەی کە گرمەی گوللە شەقامەکەی پێ چۆڵ کردین. لەشت وەک شەختە سارد ئەبوو. وادیاربوو لەدڵداری نەگەیشتبوی."

ئێستەش پێویستت بەهەندێ ووشەی گەرموگوڕ هەیە لەشوێنی ئاوهادا کە درۆوێ دێتە گوێ. ناگامان لە دەرەوە نەمرێت. ئیلماسێکی سوور یالەپەستۆ ئەخاتە هۆشمانەوە. ئەوە عومەرەفەسی لێ بووەوە. ئەو لاوە لە جێی خۆیەوە هەڵسایە سەرێی ئارازیە "لەبیرتە ئەو ساڵەی پێکەوە لە سبەیما بووین، زەلامێکیان بەپاڵ کردە دەرەوە؟ داوای پارەی بلیتەکەی ئەکردەوە. ئەکتەرەکانی ئەیەناسیەوە. کەچاری ئەما دەستی کردە فیکە کێشان".

کابرای لۆق درێژ چاوی بڕیوەتە من. ئەزانی کە جوێنی پێ ئەدەم. هەرچەند لێی وورد ئەبمەوە ئەبینم بەو سێ شاخەی کەلی ڕواوە هەڕەشەم لێ ئەکات. ئەویش وەکوو من دڵی پاکەوە ئەبوو. هیچ ڕۆژێک ئەم خۆشیەی بەخۆیەوە ئەدبوو. بە ئارەزوی خۆی بەسەر دڵمانا هەنگاو ئەنێ. نۆرە هاتە سەر شێخ نوری. ئەو لافتەیەم پێ ناخوێنرێتەوە. باران شێواندویەتی. هەموو شتێک بەپێی پڕۆگرام ئەڕوات. هەندێکیان دەمی خۆیان ئەپێسنەوە، بۆ شێلەی هەنگوین ئەگەڕێن. چاوەکانت وەک هەنگوین بڕ لەشێلەن. شێبودت ئەچینەوە سەر ئەکتەرێکی ناسراو. ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ سووری سووریان بوو. گەڕام بۆ ڕۆژنامەیەک بەڕەش ئەخشرابێت ئەمنوۆزیەوە. خوێندن پیشەیەکی سوود بەخشە. گرنگ ئەوەیە بزانی قسەکانت چۆن ڕیز ئەکەیت. هەتاو والاردوە بوو. چنگی لەسەر نوکەی شاخەکەی پشتمانەوە توند کردوە. خۆی پێ ڕاگیر ناکرێت. زۆر خزە ئەخلیسکێتە خوارەوە.

"هاوینی ساڵی شەست و شەش بیستم کە خۆشەویستەکەت دزراندوە. وامزانم بەهەڵەی منی ئەزانی. تۆ ئەتووت من پێی چەوت دانانیم. خۆشەویستی تو بەماڵی دونیا ناگۆڕمەوە. دڵی ناحەز خۆش ناکەم. کەلە شانۆکە هاتیتە خوارەوە ڕەنگ لە ڕووت برابوو. ئەژنۆت کەوتبوە لەرزین. شەو لەو دیوەوە وەک پرچەکەت تەڵی سپیتی ڕازاندبوەوە."

لەو کاتەوە کەخۆم لەماڵتانا شاردبووەوە گەڵێ شت ڕووی داوە. ئێستە و ئەوسا زۆر جیاوازن لەیەک. ئەو سەرکێشیەت شێوازەی دڵمانی پچڕاند. نازانم چۆن تەفرەیان دایت. لەرێیان دەرکردیت"

وائێ ئەگەیت کە پەشیمانم لەکردارەکانی پێشووم؟ وانەبوایە ئەم ئەزانی خۆشەویستی چیە. مەلا حەکیم وا سەرکەوت. خۆیان قیتەوە کردوە. لەکوێوە ئەم هەڵەیان دەستگیر بوو؟ "کەنێنێک کەوتە ڕیزەکەی پێشمانەوە. تاس بردمیەوە لەبەر چاوم ئاسمان کرێوەی ئەکرد. بەفر کڵۆ کڵۆ وەک مێزەر بەسەرسەری دانیشتوانەوە ئەنیشتەوە"

حەزم لەم شەرم کردنەت نییە! ئەمەوێ کاژی ئەم بێ دەنگیە دادڕی. دوێنێ شەو خەوێکی هەڵبزرکاوم دی: لافاوێکی لێل ڕاتی ماڵی ئەڵێن ئەو پەیوەندی زۆری بە ڕابوردووەوە هەیە. کار ناکاتە سەر نەخشەی سبەینێ.

"کە لەزانستگا بەیانەکەمانیان دڕاند. چاوت لێم بوو چۆن چۆکم پێیان دادا؟ لەوساوە دڵم لێیان پاکەوە نەبوە هەر خۆمیان لێ ئەپارێزم. بەڵام ئەزانی تۆڵەی خۆیان لێم سەندەوە؟! ئاشت بوینەوە".

لەداستانێکدا خوێندوومەتەوە: بارام کەوتبوە سۆراخی ساسامی برای. چۆڵ و بیابانی پەی ئەکرد. ڕێویەکی بەدی کرد. کەوتە دوای ڕێویەکە خۆی کرد بەکونێکا ئەمیش بەدوایا. لەوساوە کەس نازانێ چی بەسەر هات!

ڕەشەبا هەڵی کرد. گەڵەگەڵی خستە پۆپەی درەختەکان بزەی لەسەر لێو ماڵی. دەنگی چەپڵە ڕێزانەکەی هەڵ لووشی (من لەپم تازە گۆشتەو زوورنی کردوە) پەکێکی کە هەڵیدایەوە. بەرۆژی نیوەڕۆ ڕووت کراوەتەوە. تاکە تاکە ئەمام چرۆ ئەکات. لەوانەیە بێنە بەر

هەموو یادێک کۆن ئەبێت بەڵام تۆ؟! تۆ لە دڵما هەر تازە ئەبیتەوە "ئەو ڕۆژەی دوا بڕیارتدا ووتت ئەگەر وانەکەم باوکم شار بەدەرم ئەکات قسەکەی باوکت بەسەر خۆتا هێنا. چونکە لە خۆشەویستی ئەگەیشتبویت"

بۆ ناچیتە دەرەوە دەستێک بەدەمو چاوتا بهێنی. شوێن پەنجەی دەستێکی چڵکن بە سووراوەکەی ڕووتەوە دیارە.

"کەلە گەشتەکەم گەڕامەوە هیچ شتێک وەکوو خۆی نەمابوو. شەقامەکانم بەتەواوی ئاناسیەوە. هاوڕێکانم شێوەیان

شێوابوو، بە نا بەڵەدی ئەسوورامەوە، بەڕۆژی نیوەڕۆ لەسەر کۆڵانێکا تێیمیان خوڕی: ڕووت بەرەوە"

ئۆرە هاتە سەر کەریم ئاغا. بەقەیانەکەی چاوێلکەکەی سڕیەوە، ددانە زەردەکانی ئەبریسکانەوە. گوێم لە رستەیەکی پچڕاوی بوو، تاڵە ئەزوی ڕەنگاو ڕەنگ لە مێشکما لەیەک ئاڵا بوون، پێم یەکاڵا ئەکرانەوە: زەرد، سوور، سەوز، شین. جاران بەهاسانی گرێ کۆنەم پێ ئەکرایەوە پرۆگرامی ئاهەنگەکەم خستە بەر دەستت، لێی وورد بویتەوە، دەستت کردە ژماردن: ۱، ۲، ۳، ٤ لەعاستی پێنجەم حەتیلە کێشرابوو. نواڕیتە کابرا لۆق درێژەکەی بروا نامەکەی پێ مۆر کردین، چوار ڕەنگت هاوردو بردت: زەرد، سوور، سەوز، شین. وابزانم تازە خەریکی لە قسەکانم ئەگەیت. لێوی دوێنێ ئەکرۆژێت. هەستم کرد کەلە قوولایی شەوێکی ڕەنگاو ڕەنگا پەلەقاژەی ڕزگاربوون ئەکەیت. سەرت بەرزەوە کرد، هەزار ووشەی مردوی ریزکراو لە دەمت بەربوە ژێر مێزەکەوە، یادی دەساڵ لەمەو پێش، لە چاوەکانتا خۆی ئەنواند، رق رەشەبای لەدەروونتا هەڵکرد، بروسکەی خستە لەشتەوە، هەڵسایتە سەرپێ:

۱، ۲، ۳، ٤ یەک لەدوای یەک بەربوونەوە، ئەوانی تر ڕاچڵەکین، کەوتنە مقۆمقۆ، پێش ئەوەی کابرا لۆق درێژەکە بکاتە لامان دەستت دایە دەستم ووتت: با بڕۆین.

۱۹۷۱/٦/۲۲.



چیرۆك



(٤)

قوڵپی

ڕشانەوەی ڕەش

پشودان

پەتایەکی پیس کەوتبوە شارەوە: لاڕەشە هەتانەهات دڕی بەخەڵکەکە ئەدا، یەك لەدوای یەك خۆیان ئەدا بەدەستەوە، لەلیستەیەکی تایبەتیدا تۆمار ئەکران ئەوانەی کەمابوونەوە هەندێکیان سەرسامی دەمیانی کڵۆم کردبوو، ئەوانی تریش بەگێلیەکەوە چاویان بڕیبوە دەمی مالوومەکەیانەوە چاوەڕێ بوون دەم بکاتەوە، ئەمیش هەناسەی لەخۆی بڕی بو. هەر خەریکی سەرژماردن بو، هەرکە ئەستێرەیەك ئەکشا دەنکێکی تری لەتەزبیحەکەی دەستی ئەقرتاند. لەولایشەوە (شاروخشا) ڕۆژ لەدوای ڕۆژدانی تیژتر ئەبوو، بەخەرمان دڕۆی بۆ دانیشتوان هەڵ ئەڕشت هەرساتەی دڕۆکانی بەرگێکیان لەبەر ئەکرد بۆیە هەموو کەس بەناسانی ئەیانی ئەناسیەوە، خەڵکی شار شلەژابوون بەیەکانەهاتن، لەیەکتر مۆڕئەبونەوە چەمۆڵەیان لەیەك ئەدا ئاسمان لێوی قرچەوەبویو لووتی بەسەر شارادا ژەنی بو. لەگەڵ هەڵهاتنی هەموو ڕۆژێکا خۆیان ئەخزاندە ڕیزەکەوە. لوورەیان لێ هەڵئەستا.. سەر شۆسەکانیان بەبەڵغەم سواغ ئەدا، دەستە دەستە وەك لێشاو لە شەقامەکانا پەنگیان ئەخواردەوە و بەمناخی زەویدا ئەچوونە خوارەوە

سەرەتای ژانەسەر

وا بەتەنیا کەوتەڕێ لەم ژیانە شێواوەدا. ناشزانێ هەتاکەی پێویستە هەر بڕوا!. ئەڵێن مردن گۆڕێ ئەبەخشێ بەژیان. مردنی ئەمانە گڕ بەر ئەداتە دڵی. ناتوانێ خۆی لێیان دابڕێ. ئەم لێشاولیخنەشی پێ بەربەست ناکرێ، بەڵام ئەبێ هەر بێتە دەست. هەرنەبێ جگەر گۆشەکەی لەگەوزاندن بپارێزێ هەتا ئەهات هەنگاوەکانی کرژ ئەبونەوە گەردەلولێکی سوور شوێن پێکانی ئەشاردەوە تیشکی خۆر هەناوی سوژناژن ئەکرد برینەکانی خۆی بە هەوریەکی تەنك ئەپێچایەوە. کاتێك کەمناڵ بو، هەردوقاچی لەم بەر و ئەوبەری کوانوەکەیان توند ئەکرد. چاوی ئەبریە پشکۆ سوور هەڵگەڕاوەکانی، هەستی ئەکرد کە سەرمایەتی سەرما هەمو ئەندامی لەشی ئەگەزێ. لەو کاتەوە دەستی کردە لێکدانەوەی باری ژیانی خۆی. پشکۆکانی کڵۆ کڵۆ لەسەر پەڕاوەکەی هەڵ ئەخست پێیان ووت: "ئۆزەت ئەهاتووە، ددان بەخۆتا بگرە". کاروان لەڕێیە. ئەوی نوسی‌بوی ونجڕی کرد.


ئاگردانەکەی پڕکرد لەسووتو. کەوتنەڕێ، ئەمیش بەدوایانا ڕێگە تەنرابو بەدەعبا کەلبە دڕنژەکان. کە قەستیان ئەکرد، تونێکی جگەری هەڵئەڕن. ئەیتوانی بە ئاسانی شێوەیان بکاتەوە زۆریانی لەچمکێکی چیرۆکەکەی باوکیدا خوێندبوەوە، بەڵام لەڕێکی بەگژاچوونیانا نەبوو.

شیرەکەی دەستی هی خۆی نەبو. ژەنگی دیوەخان لەکەڵکی خستبو. ئەمانەی پێشی کەوتوون وەك خێلێکی هەجیجی بێ سەرو شوێن لەشتیان داوەتە بەر. نازانێ بەرەوکوێ مل ئەنێن. بەهەورازو نشێوی دائەکشێن. مۆڵەتی ئەم ئاڵەن بێتە دو. لەگەڵ هەر هەنگاوێکیانا زرمەیەك لەم لاو زرمەیەك لەولایانەوە دێ. لاڕەشە دەمی خستۆتە خوێنیان، هەر بەوەیا ئەگەن ڕۆژێ یەکێکیان بەرێ بخەن

ئەوەی واخراوەتە سەرشان چەکدارێکی ووڕگنی تەپلەزل بوو. هەوای گەشتێکی خۆش کەوتبوە سەریەوە، خۆی پیانەوە لکان، دڕزێکیان لە نێوان خۆیانا بۆکردەوە، بەهاسانی خۆی پیاکرد، دە ڕۆژ لەمەوپێش لەناو شارا باڵی ڕانەوەشاند، بازی‌بەتی قوڵپی پێشان ئەدان، سەرکردەیی‌یانی ئەکرد، پێیانی ئەووت خۆتان لەپەتا بپارێزن، دوێنێ کە لێی نزیك بووەوە، سێبەرەکەی‌دی لارەوەبوبو ئەم بەیانیە ... لوولپی ڕشانەوەی ڕەشەوە ... خۆی دابەدەستەوە، "تەزمە... ...منکێکی کەی کەم کرد

زەنگی کۆتایی

...گوانی مێژووی وێڵی زەنگی کوتاسر ژ هەڵ ئەسا. خامۆشی پەردەیەکی سامناکی کێشابو بەسەریا ساموتکەی شەو ئەو ئاوەی تەنی بوو بەوەڕین. هەستت بەهیچ جموجۆڵێ نەئەکرد ئەمە دوا قۆناغی کاروانەکەبوو. ئەلێرەوە بەشی دووەمی چیرۆکەکە دەست پێ ئەکات. سەری هەڵبڕی. شەولەجێی خۆی خلیسکاوەتە خوار. ئاسۆی ئەرخەوانی ئەدرەوشایەوە لەدوور، هێشتا لەکوێ‌یەتی! تینی تیانەماوە. ئەژنۆی کەوتۆتە لەرزین. دەوری هەموری خەپ خەوتون. ئەڵێی هەموو گیا تاتوولەیان خواردووە. تونشەبەرەکەی لە بەری دەستی



چۆنتره کارتەکارترازاوە. ئاره
ناتوانێ خۆی لەمال جیابکاتەوە.
دورنیە لەم تیشەی سەری
سەردتای پەتاکەی ئەمان تەبێ.
هەمو پێکەوەبەند هەرایان
هەلمژیوە شارەکەیان وەک
"بنەمەتحەلی" مس ژەنگ
گرتویەتی. چۆن ئەم ڕاستەیەی
لاشێوێنراوو؟ بەلام با نیشانەیەک
جێبهێلێ. ئەمە بەولاوە هیچی
تری پێ ناکرێ. کۆمەڵەکەی دواوە
بەبونی کەلاکەکەور، دەستی
کردەپەل هاویشتن. ئەرمەکەی
شاردەوە دەستی گرتە کیلەکەیەوە
هەستی کرد کەوەک شەختەی
لەچنگابێت. ڕابە لە ولیتەی
زیلتوانەکە لەگۆی حستبوو. نەی
ئەتوانی هەنگاو هەڵ بێنێتەوە
موچرکەیەکی گران گیانی
داهەژاند. سەرما تەوژمی بۆ
هاورد. خورکەی بەگوێ
کوانوەکەی حارانی ئەخواست
ئاتەوە یادی کە بۆ یەکەم جار
خۆی بەمالوومەکەیان ناسی. لێی
وورد بۆوە و دەستی دایە پشتیا و
پرسی ووت: ئەوەندە بزێومەبە
دوامارکەوە. هێشتا نۆرەی نەوەت
نەهاتووە پێشمانکەوی.

سەرنجی دایە دووروپشتی
خۆی، چاوی پێ کەوت. هێشتا
تێی دابوو، دەستی بەسەردوا
دەنگی تەزبیحەکەی داگرتبوو.
لەدەستی دەریکرد... قرتاندی
ئەمجا دوادێڕی نامەکەی نووسی:
"براکانم ئەلێن مردن گۆڕی
نەبەخشن بەژیانیش سبەینێ
ئەگەڕینەوە بۆشار. شاروخشا
ئاگادار کەنەوە".





یەکەم خاچ

ئاگر لە دەمارەکانما مەییوە
ترس لەسەر ناوچەوانم تەزیوە
لەگەڵ یەکەم هەناسەی تیشکی خۆرا
لەگەڵ لەدایک بوونی ڕەنگ و بۆیا
تابلۆی ئاسۆریم کێشا
پەیکەری ئاواتم ڕووخان
هەناسەی چەخماخەی دورگەکانم بەماچ تەنی
پیتەکانم ئاڵانە زامەکانی خۆڵەمێشەوە

چنگم پڕکرد لەخاکو خۆڵی خەرمانە سوتاوەکان
من ئەو جەنگاوەرە بەزیوەم
کە شەیتان بەگوێچکەیا ئەخوێنێ
وەکو جەردەکانی هۆلاکۆ
بەدوای ئەو ساموتکەیەدا ئەگەڕێ
کەلەو دیو سنورەکانەوە شاردراوەتەوە
بەدوای ئەو ڕێبوارەدا کە دەریاو بیابانەکانی
هەموو گوشیوەتە چنگیوە
نێزە ئەماڵێ بەپشتی ئەو کەسانەدا
کە پشتاو پشت هەنگاو ئەنێن
لەسەرزینی مێژوی یەکەم ئەستێرە
چادری ڕۆشنایم هەڵدا
کەمەچەکی تاریکی ئەخستە سەما
کە دڵداری لەگەڵ بەرەبەیانی خوێناوی‌دا ئەکرد
دەسا من کێم؟
من ژیلەمۆی ژێر پێی سوارەکانی ئەودیوم
وشەی سەرزاری دار بەڕووە کلۆرەکانم
من ئەشکەنجەم و مردن گوڵە ئەرخەوانە
تاتەشۆرەکەی سەر شۆستەکەم
جۆگەلەیە و زوخاو ئەخواتەوە
ئاڵایەکەو بەهار هەڵ ئەهێنێتەوە
شەوێکە لە دەسەسرەکەیا چەپکێک ڕەشاوی پێیە
لەپیتاڵەکانیا بازنگێکی پێیە بۆ ڕەشەبا
دەسا ئەی ڕمە ڕووشاوەکەی
سەر گۆنای سەربازە بەزیوەکان
چۆکیان پێ دادە و تەمی
بەندەری تەزووە بێ ڕەنگ بۆیەکە بخۆرەوە
توندیان کەرە ناو گۆڕی هەمڕۆوە
تۆ ئەوەی باسم کردی
منیش مێژووم نازانم لەکەیەوەیە
چنکە مێژوو باوشی باووبژە
مرۆڤیش خۆی ئەڵێ من کوڵەکەم
ئەڵێ لەیەکەم ڕۆژی مێژوومەوە
بەوەڕین ناوی خۆم نوسیی.



باڵۆرەو ئاوازی دووڕینەوەی ئاواتم
مێر غوزاری فرمێسکم ئەخاتە شنەشن
وەکو شەقامێک لەمۆم دروست کرابێ
خوێن پیا ئەڕوات
کەلاپەڕەی ڕابوردوو ئەسڕێتەوە
کە ئاسوودەیی وەدەست دێنێ
بۆ کۆمەڵە مێرولەیەکی قاچ شکاو
پەیکەرێک بۆ ڕۆشنایی هەڵ ئەپێکێ
من دەریایەکی تینووم
پێم چەقانۆتە هێلانەی دێوێکەوە
کەدەستی خستۆتە بینی بەیان
شەوی کردۆتە کوڵەکەیەکی
چەسپی ناو دەریا
لەدەریاشدا چیایەک پشکۆ بریسک ئەدا
لەدەریاشدا دارستانێکی پڕ لەتۆڵە ئەڕوێ
ئەی تروسکەی چاوی ماتەم
سبەینێمان بەگسکێکی خوێناوی ئەماڵرێ
سبەینێمان کوانوی ڕق و کینەمان لووش ئەکات
بریسکەی ڕمەکانمان لەبن بەردی بزەکانمانا ئەشارێتەوە
چل سەدە لەتەمەنی خاکی بێ خاوەن
چیرۆک لەسەر شۆڕی باپیرمان ئەگێڕێتەوە
چل سەدە لەتەمەنی شاری خامۆشمان
بتو پۆڵی ڤاڵچی‌یە ناوچەوان قەشەکەمان یاد ئەخاتەوە
داستانی کڵۆڵی و سەرنگونیمان بۆ ئەهۆنێتەوە.

١٩٧١/١/١٣

چیرۆك

ڕۆژژمێری خەواڵویەکی شاری سەلجوقی

ڕون کردنەوەیەك:

لەم شارەی کە تیا دانەنیشتم ماوەیەك لەمەوپێش بە پۆستە سێ نامـەم بەناونیشانێ سـەرەوە پێگەیشت بەبێ ئیمزا.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانمە کە نـازانم لـەناو ئـەم هـەموو خەڵکەدا بۆچی منی هـەڵبژاردوە؟ یان بۆ چ مەبەستێك نامەکانیم بۆ ئەنێرێ؟ زۆرتر بەلای ئەوەدا ئەڕۆم کە ئـەبێ شـتێکی لـەمنا دیبێـت شایستەی متمانەی بم.

منیش نامەکان وەکوو چـۆن پێـم گەیشـتوون ئاوهـا بڵاویـان ئەکەمـەوە بـە ئومێـدی ئـەوەی خوێنەرێکی ژیر ئەم نهێنی‌یەم بۆ یەکالا بکاتەوەو لەگەڵما بکەوێتە سۆراخی زیندانی ژمارە (١٢) کە مەترسیەکی زۆرم هەیە لووشـی کردبێـت وەکـوو خـۆی لـەدوا نامەی‌دا سووچێکی ئەم ڕاستیەی دەرخستوە

لەتیف حامد

١-٩-٩٧١

پێناسین

مـن هاووڵاتیـەکی شـاری سەلجوقم. ناسنامەکەم ئەم شارەی پێوەیە. خۆشەویستی خاکەکەی نەخشـەیەکی تـوڕەی بـۆ هەنگاوەکانم کێشاوە

گڵپـەی ئاگرەکـەی لـە پـەڕەی تەمەنمـەوە ئـاڵاوە. ڕەنگـە هەڵقرچاوەکـەی ئـاوازێکی تراجیـدی بەخشـیوە بـە گۆرانیەکانم.

مـن هاووڵاتیـەکی شـاری سەلجوقم. هەست بەوە ناکەم کە شتێکی جیاوازم لە خەڵکەکەی.. شێوەی هـەڵبژێکاویان گـرووزە ئەخاتە دڵمەوە، گەچی ئەوان من ناناسـنەوە، ڕاسـتی منیـان لێ شاراوەتەوە بەزۆرە ملـی‌ی خـۆم ئەبێ داڵدەی شەرێکم نادەن.

مـن هاووڵاتیـەکی شـاری سەلجوقم. ئاواتەکانم هەڵ ئەچنو دائەمرکێنـەوە، وەك چەپکـە پەتجەیـەکی نـاو مۆمـی کـوڵاو ئەتونمـەوە، بـەدرێژایی زسـتان بەهار هەڵ ئەمێنمەوە. لەسامناکی ڕووداوەکانـا لـە شـەختەی کوانوەکانـا بـۆ ئـاپۆڕەوانێك ئەگـەڕێم ئـەو بووشـێتە مشتەکۆلەیەوە.. وەئـەوز لـەدوو ملیۆن چاو بماڵێ خـۆری گیراو بژیەنێتەوە..

مـن خەواڵوویـەکی شـاری سەلجوقم. خەوەکانم بێ سەروبەن، هەریەکەیان سەدەیەك ئەخایەنێ، من تەنها خەوێکتان بۆ ئەگێڕمەوە، سـەرتان سـوڕ ئـەمێنێ، مـن لەخۆمـەوە لاف لێ نـادەم، ئـەوەی شـارەزایی‌یەکی لـە مێـژوو و زمانەوانی هەبێ، ئەزانێ ووشەی سـەلجووق واتـای "حـەرێکی قورس"[(١)] ئەبەخشێ.

(١) فەرهـەنگی مێژوویـی- لاپەڕە ٦٣،٦٢، ٦٤ چاپی سـاڵی ١٩٢٠

سێ شەممە ٣-٨-٩٧١:

دوێنـێ بـۆ یەکـەم جـار پـاش گۆشەگیریەکی نـۆ مـانگی لـەماڵ هاتمـە دەرەوە. چـاوم ڕەشـکەو پێشکەی ئەکرد. ڕەنگی خـۆر لە قوڕێکـی شـینا گـەوزابوو. شەقامەکان وەکوو مار پێچاو پێچ تێمـەوە ئـاڵابوون. پـۆل پـۆل جالجالۆکەی دیمـی بـە کۆڵـەکانا هەڵ ئەگەڕان.

لەبـەردەم نامەخانەیـەکدا ووچـانم گـرت چـاوم نووقـان، دەمیان ژەنی‌یە لاکم، وایان ئەزانی مـردوم، هەناسکە هەناسـکیان بەخۆیان خست، هەنگاوێکم هـەڵ هێنایـەوە، هـەندێکیانم پلیشاندەوە، ئەوانی تر کشانەوە بۆ کونەکانیان، دەستیان گرتەوە دارستێ.

بۆ جاری سێ‌یەم بانگەوازێکی کـەرخ شـارەکەی لـەرزاندەوە، بنـی گۆمەکـەی شـلەقان. "ئـەوەی ئەیـەوێ بەتۆزی خۆیەوە بمێنـێ بـەزووترین کـات ئـەم شـارە بەجێ‌بـهێڵێ. ئەمشـەو شـار تووشـی مەترسیەکی قـورس ئـەبێت". بۆنـی ئـەوتی سـووتاو تاوی بۆ هێنام، لەسەر شۆستەکە چوارمشـپی دانیشـتم باڵیـان ڕاتـەکاندم، خـۆم بەزەوی‌یەکـەوە نووسان، دنە ڕیچێم پێ کـەوت، لەشـم هاتـە لـەرزین. دوێنـێو ئەمڕۆم لە ووشەیەکدا کۆکردەوە.

سووریم بـە ڕوویانـا، وێنـەی چـەند پیتێکـی ئـاگرین ڕووبـانی ڕنێ. خۆیان لێم ڕاپسکان.

پیاوێکی گەنم ڕەنگ قسەکانی بە گوێچکـەیانا "ڕێگەیـەکی تـری لەگەڵا ئەگرین.. یا جـاری ئاشـتی کەینـەوە". دامرکانـەوە ئاقـای پێکـەنینیان بـەرزەوەبوو. ڕووم لێـیان وەرچـەرخان، بە ئەم بیتـی لـەرزەوە دەستم کـردە قرتـاندنی ڕۆژنامەکـەی دەسـتم پێکـەنینو دووکـەڵو خـەمو ئـەوتو چـەند ووشەیەکی مردوو بوونە پێخۆری ئەو ڕۆژەم.

پێنج شەممە ١٢-٨-٩٧١:

ئـەمڕۆ خـۆم کـرد بـە چایخانەیـەکدا، لەسـەر تـەختێك خۆم ڕاکشان. کە چاوم چوە خەو دو یاسـاوڵ لەبـەردەمما چـەقین، یەکێکیانم ئەناسیەوە، خەڵکی یەك گەڕەك بوین. ئـەویان تێـمی خـوری ئەم بۆی سەندەوە، ئەمیان تێمـی خوری ئەو بۆی سەندەوە، دامیانە پێش خۆیان.

لەبەر دەرگا چەند یاساوڵێکی خوێن سارد چەمۆڵـەیان دادابـوو، چاویـان بڕیبـوە ئۆتۆمبیلـەکانی سـەر شـەقامەکەی بەردەمیانـەوە، مێشکی خۆیان بەسازێکی خۆشتر لە جاران ژاخاو ئەدا. هەڵ ئەسانو دائەنیشتنەوە، لاپەڕەی ئەمان یەك دێڕێکی کرژی تیا نووسرا بوو:

ئەمڕۆ وەك دوێنێ، دوێنێ وەك ئەمڕۆ.

ئـەوانی تـر خۆیـان خزانبـوە ژوورەوە. ڕەنگیـان لـەروو بڕابـوو، گـەرماو سـەرمای خـواروو ژوور هـەڵیانی هـەنجادبوو، خۆیـان لـە ڕابردوو ڕائەپسـکان، بە ڕۆشەوە باوەشـیان بـەم ئێـوارە وەختـەیا کردبوو

سـەر سپی‌یەکیان مـێزێکی داگـیرکردبوو، سـەری بەسـەر کاغـەزەکانی بـەردەمیا شـۆڕ کردبووە. جارجـار بۆڵـە بۆڵێکـی لێـوە ئـەهات. ئەوانـەی دەوری پەنجەکانیان بە ئەرمی ئەتـەقان، چەند بەڵێ‌یەکی ووشکیان لەدەم بەر ئەبوەوە پشتاو پشت ئەچوونە دواوە.

کە پشوویەکی ئەدایە خۆی، جگەرەیـەکی لێ دائەگیرسـان ئاوقـەدی خـۆی شـل ئـەکردەوە تاکوو لەچەکە دووکەڵی جگـەرە جگـەرە کێشانا باشتر هەناسـەی پێ بدرێت.

-گـەورەم ئەمـە ئـەو یاخی‌یـە سەرپێچی فەرمانەکانی بەڕێزتانی ئـەگرد.. ئـۆ ڕۆژ ئەمـەو پێـش شاردی لێمان هاوردبوە کوڵ.

-چەند جار ناردمان بە دواتـا بۆچی ئەهاتی؟

-

گـەورەم لەوانەیـە لاڵ بێـت.. بـەدرێژایی ڕێگـا دەمـی هـەڵ ئەهێناوەتەوە

کـات هـەتا ئـەهات تیژ تێپـەڕ بـەجێ‌یانی ئەهێشـت، قـەدبڕی ئێوارە وەختەکـەی ئـەکرد. وورتـە وورت لە پەرەسەندنا بوو، دووکەڵ ژوورەکەی قـانگدا، ڕیزێلە چایی دابـەش کـرا، ئەوانـەی بـەر دەرگـا هیچیان پێ ئەبڕا، دەروازەی دەرگا گەورەکـە هاتـەوە یـەك، خۆیـان کوتایـە ژوورەوە، تفیـان بـەرووی یەکتردا، ناڕۆژی کردنیان ئـەوەندە ستەم نەبووە.. ڕیزێکی کە چایی دابەش کرایەوە زرەی پیاڵـە وورتـە وورتەکـەی ڕەوانـدەوە، پێکـەنینێکی ژەنگاوی تێکـەڵاوی زرەی پیاڵەکان ئەبوو.

-فڕێی دەنـە زیندانـی ژمـارە (١٢)وە تاوەکوو لەوێ دێتە زوبان.

پـەردەکانیان دادایەوە، خـەوی شـیرین ڕژابـوە چاویانـەوە ژەکـی

نیکوتین زوبانیانی خستبووە کیلانێکی ئەستوورەوە خواخوایان بوو هەر شەو بێت، هەر نەبێ شەو مۆڵەتی ئەوەیان نەداتێ کە بیرێک لە رایوردوو بکەنەوە.. لە تاریکیدا رووبەڕوی خۆیان ببنەوە.

چوار شەممە ۱۸-۸-۹۷۱:

ئەوەی رۆژێک لەم شارەدا ژیانبێت شتێک دەربارەی زیندانی ژمارە (۱۲) ئەزانێ وەنەبێ شوێنێکی تەنگەبەرو تاریک بێت، بەڵکوو رووبەرێکی سەرینو فراوانی هەیە. رووکەشەکەی زۆر پەسەندو دڵگیرە، بەڵام من لە قووڵایی دڵما هەست ئەکەم کە ئەم کارە بێ مەلامەت نییە لەم ماوە کەمەدا بۆم ساغ بۆتەوە کە زیندانەکە تێکڕا مردنێکی لەسەرخۆ نێق ئەکاتەوە.

دیوارەکانی وێنەی هەمە رەنگەی لەسەر هەڵکەنراوە، هەندێکیان تاوەکوو ئێستەش هەر ئەبریقێنەوە، هەندێکیشیان بەعاستەم ئەناسرێنەوە دەستی رۆژگار شێواندویانیەتی

لەسەر دیوارەکەی لای راستەوە وێنەی دوو سەربازی چەکداری بەدی ئەکرێ، کە بە مەزەنەی من ئەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە (باب العالی) حوکمڕانی ئەکرد. ئەوەی مایەی بەرزی هونەرمەندەکەیە وێنەکان بەچەند جۆرێک ئەبینرێن

ئەوەی لەلای دەرگاکەوە سەیریان کات وا ئەزانێ بۆ یەکتر پێ ئەکەنێ بەلام کاتێک کە لێیان نزیک ئەبێتەوە ... دانیان گڕ کردوتەوە

هاورێکانم وەکوو من لە شت وورد نابنەوە. هەست بە شپرزەیی ناکەن، وا خراوەتە دڵیانەوە کە شوێن لەمە خۆشتر نابێت. رۆژ نییە بەزمو سەما نەگێڕن. هەر جارەی یەکێک لە پاساوڵەکان خۆی ئەکا بە ژووراو سەرچۆپیان بۆ ئەگرێ. کە سارد ئەبنەوە ئارەقی رەش لەناوچەوانیانەوە ئەتکێتە سەر پێڵاوەکانیان.

لەکاتی پێویستا پاساوڵەکەمان دەلاقەیەک لەبنی زیندانەکەوە ئەکاتەوە.. بایەکی فێنکی لێوە دێت، بایەکە هەتا بێت گەرم ئەبێت. بۆنو بەرامێکی جەرگبڕ زیندانەکە پڕ ئەکات: واقمان وڕ ئەمێنێ، چاومان دەرئەپۆقێ، هەناسەمان سوار ئەبێ، زوبانمان وەک پەلاس ووشک ئەبێ، خەوێکی قورس ئەڕژێتە چاومانەوە

ئەمرۆ سەر لە ئێوارە سەر سپی یەکە هاتە ژوورەوە، سەرنجێکی هەمووماندا بە سووچێکی چاوی چەپی مئی جیاکردەوە، دەستی کردە ناو خوێندنەوە، ئەوەی ناوی ئەخوێندراوە، بەرزە پێ هەڵ ئەسا. لیستەکە تەواو بوو، ئەگەرچی ناوی من بەسەر زوبانیا نەهات بەڵام لە تیلی چاویا بڕیارێکی گەلێ ناڕەواو ناڵەبارم خوێندەوە.

مئی لە سووچێکا توندکردو ئەوانی تری ریز کرد. یەکە یەکە بە دوو لایا بەرێیانی خست. تەنها یەکێکم لەگەڵا مایەوە، ئەویش هەر خۆی دوا ئەخست، چاوەڕوانی قسەیەکی من بوو. کە رووم تێکرد خەمێکی دڕاو بە جەرگ گلێنەکانی رشتبو ئۆچی ناوچەوانی وەک هەردەی دەوری شارەکەم ئاوسی زنجیرێکی سووتێنەر بوو.

پێم ووت: دوێنێمان پڕ لەخەم بوو.

ووتی: خەوبینین بەشێکە لەئاواتەکانمان.

ووتم: لەبیرتە ئەو رۆژەی دوو بەدووو یاریمان ئەکرد.

ووتی: وا ئەزانم ئەمرۆیە.

ووتی: کش سەرباز

ووتم: ئەسپەکەم سەرکێشە

ووتی: کش قەڵا

ووتم: شالیارەکەم جێ لەق مەکە

ووتی: کش پاشا.

ووتم بردتەوە.

دەستیم گوشی و پێم ووت "ئەم یاریەش بەرەوە. پێیان بڵێ پێی خۆیان داگرن.. ئەخشەی شاری سەلجووق ئەدۆرێنن. کێ ئەڵێ من خەراڵووم؟! فەرمەنگەکان پڕن لەمەڵەی زمانەوانی!"



"لە تیف حامید" و شتەکانی سەردەمێکی کە

لەتیف حامید یەکێکە لەو پێنووسانەی زوو هەستیان کردوە بە پێویستی ڕوودانی گۆڕانێکی تیژ لەئەدەبی کوردیا. وە ئەو چیرۆکانەی کە بڵاوی کردوەتەوە، دڵنیای کردوین کە چاوەڕێی باشتری لێ بکەین. لەبەر ئەوانەو لەبەر سبەینێ ئەم شتانەی خوارەوە ڕوون ئەکاتەوە

لەودیوەی سێ هەنگاوەکەت بۆ تەرخان کردبوو کامەیە؟..

شارێکە خۆشەویستەکەمی تێدا لەدایک ئەبێت. شارێکی بێ یاساوڵو دیوارو شایە.

چیرۆکی نوێی کوردی چۆن تێ ئەگەیت؟

کام نوێ؟ مام قیتەڵ؟ تانەو ئارەزوو؟ شمشاڵی شوان؟ نازانم بۆچی ئێمە تریقەی وشەی ڕازاوە بەر شەوارەمان ئەخات؟ وشە لەجێگەی خۆیدا بەکار ناهێنین؟.

لەناو ئازاری تایبەتی خۆت و گیروگرفتی گشتی‌دا چۆن هەڵوێستی خۆت دیاری ئەکەیت؟.

من ئازارێکی قووڵم، کە بەناخی خۆما ئەچمە خوارەوە، هەست بەوە ناکەم کە بەتەنها خۆمم لەوێت. کە شتێکی جیاوازم لەخەڵکی شارەکەم، بەڵکوو مرۆڤایەتی هەڵئەبژێرم "هەموو کەسێك لە خۆیا بوون و سەربەستیەکی تایبەتی هەیە لەڕێگەی کردارەکانیەوە ئەلکێتە کەسانی ترەوە" منیش ئەڵێم (لە ڕێگەی) کردارەکانمەوە).

بۆچی بەشداری کۆنگرەکانی یەکێتی‌ی نووسەرانت نەکرد؟.

بۆیانم نووسی (من لەپم تازە گۆشتەوڕوونی کردوە).

دەرگاکەم کردەوە، چومە دەرەوە، تێکەڵی هاتوچۆکەرانی سەر شەقامەکە بووم) کافکا بەم جۆرە ئەینووسی و لەسەری ئەرۆیشت بێ ئەوەی بزانێ لەسەرچی ئەنووسێ و تاکەی. تۆ چۆن سەرەتا ئەکەیتەوە؟

لەسەرەتای ئازارو ڕاچەنینی پاڵەوانەکەمەوە دەست پێ ئەکەم و ئەویش لە بزێوی خۆیا مۆڵەتی من نادات بەو ڕێگەیەدا بیبەم کە بۆم کێشاوە، بەڵکوو هەردەم لە پێشەمەوە بەرەو ئەو شوێنەی مەبەستێتی تەکان ئەدات

پاڵەوانەکانت چۆن بناسینەوە؟


تەنها پاڵەوانێکم هەیە

ئەویش وەکوو (سارتر) دەس نیشانی کردوە: (مرۆڤێکی تازەیە ژیانی لەکۆتاییەوە دەس پێ ئەکات.. جەنگاوەرە ئاگر بەر ئەداتە قۆناغەکان.

ئەوەندە مەرگی کەسانی کەی دی وای لێهاتوە نایەوێ خۆی بژی بەقەد ئەوەی ئەیەوێ کەسانی کە سەرکەوتن.. ئەم لەسەرکەوتنی خۆی بێزارە.

ئەم بێزاریە سەرچاوەی ئازایەتیەکی بێ پایانە ئێمە لەسەر حیسابی ئەو مرۆڤ بووین.. ئەویش لەسەر حیسابی ئێمە ئەبێتە مرۆڤ مرۆڤێکی تر مرۆڤێکی باشتر).

مایکۆفسکی ئەیوت: بەرەو شەقامەکان.. ئەی پاشە ڕۆژی‌یەکان.. ئەی تەپڵ



لێدەرەکان.. ئەی شاعیرەکان.

منیش لەگەڵ پاڵەوانەکەی (کلودیل)دا ئەیڵێمەوە:

(ڕۆڵە ئەوکاتەی شاعیرێك بووم لەناو خەڵکا

بەیتێکم دۆزیەوە بێ کێش و سەروا

لەتوێی دڵما کردارێکی دوو توێم جێ کردەوە

بەهۆیەوە هەموو ژیانم هەڵئەمژی

بۆ ئەوەی لە هەناسە دانا بەوێنەی وشەیەکی ئرکەدار هەڵی بهێنمەوە).

بومەلەرزە لەگۆمی مەنگدا. کلافەی ژانی توورە؟

ژانەکەی میمکە هۆڵێ؟ یا بومەلەرزەکەی ژێر ئەوارەکەی حەمەی حاجی؟ زامەکانمان هەر وەکوو پار بەگێلی پڵ ئەدەن و ناتەقێنەوە. ئەڵێن (تەقینەوەکەمان) بنی گۆمەکەی ئەمدیوی شڵەقاندوە.. نازانن سێ توێەك قەوزە هێشتا قەتماغەی لەسەر بەستووە. من ناڵێم وشە لەجێگەی خۆیدا بەکار ناهێنین!؟

تۆو خەڵکی و ئەو چیرۆکەی دوایی نایەت!.

وەك ئەوەی (سان جۆن پێرس) ئەیگێڕێتەوە: (وام ئەزانی لەگەڵ خەڵکا ئەژیم.. کاتێکم زانی زەوی بۆنێکی سەیر ئیق ئەکاتەوە. ئەم جیهانە خەڵەفاوە. جیهانێکی پڕ لەبازرگانیە، چەن وڵاتێکی گەورە لەمەڕاج دایە. تاوەکوو لەژێر قرچەی خۆرا بفرۆشرێن. گردۆڵکەکان فس ئەکرێنەوە. وڵاتەکان لە نێو بۆنی گوڵ نرخێکی هەرزانیان بۆ دائەنرێت.. جامبازەکانی کڕین و فرۆشتن هاتن. چەن پیاوێك بوون لە دوورەوە هاتبوون. دەسکێشی پیسیان لەدەس کردبوو، بۆ ئەوەی زیاتر دڵڕەقی بنوێنن.. دوایی هەموو دادپەروەرەکان هاتن، ئەوانەی وا پۆلیس کۆ ئەکەنەوە، یاساوڵ ئەگرنە خۆیان، دوایی شەماشەکان هاتن.. ئەوانەی وا هەڵپەی پایەی ڕابەری ئەکەن.. بەم جۆرە لەنێوان خوا پەشێوەکانا خەومان ئەبینی).

مردن؟

نوختەیەکی پشکنینە لە سوچێکی ئەخشەکەدا ڕێبوارەکان ڕووت ئەکاتەوە.

؟!

مەبەستم ئەو ئەخشەیەیە کە بەدرێژایی گەشتەکەم بەدوای



دیوەکەی ئەو دیوبا ئەگەڕام دوایی بۆم دەرکەوت کە باشترین ڕێگە بۆ دۆزینەوەی ئەودیو وا لە هەموو ئارەزوویەکی پشکنین بهێنم.

بڵاو نەکراوەکانت"

بەشێک لە داستانی سوالکەرە ئەماسەراوەکە، زەرد، سوور، سەوز، شین، ڕۆژامەری خەوالوییەکی شاری سەلجوق.

ئەدەبی ئەوکاتی ئێمە چۆنکی بەدڵتە؟

جیلەی هاتو چۆکەرانی دەوری جیهان (جلیل القیسی) ئەوسا ئاسمانی شینی بوو (اسماعیل فهد اسماعیل) کرمە چەماوەکان (محمد زفزاف) دیوار (سارتر)و چیرۆکەکانی کافکا

عوزراوەی کوردی گەلێ دەنگی نوێی تێدا پەیدا بووە

لەسەرەتاوە شتێک نەخشەیەکی بێ ئیمزای بۆ (شارە بچکۆلەکەمان) کێشا، شتێکی کە پاش (مردنی شارادە) پرۆژەی کودەتایەکی (ئامادەکرد) وشەکان لە کاروانا ڕاچەنین، ئاگریان بەردایە ئەو شاڵۆیەی کە بەدرێژایی (تەمەنی خەم) حەمی نوقم نەکردەوە ئیتر فرمێسکمان لەچاو سڕی (گەڕاوەکەمان) لە بیابانی پێرارا بەجێ هێشت (وشەکانمان وەک نمەی بارانێکی تینوو) حەوی دوێنێی شۆردینەوە، تێکرا خۆمان کرد بەشارەکەدا، دەرگاکەیمان لەگرێژەنە دەرهێنا، نەخشە کێشەکەیمان ئاسان، ڕەنگی باراغاف لەکۆگای (مەلا هیندیا) شۆردوە پرۆژەی کودەتاکەمان هەڵواسیو بە دەرگای شارا هەڵواسی لەوساوە شارمان پڕ کردوە لە قریشکە

گەشتێک قوڵپی ڕشانەوەی ڕەش هێشتا لە خامۆشی خۆیاز نە نەکەوتن؟

سێ هێمای یەک هاو کێشەن. (پەتاو فالچی و گریسی) لفاوەی تۆپەڵە ئاسنەکەی دەورمان لەبۆتەی ڕاچەنینیکا نەتوێنێتەوە

ئیتر؟

ئیتر ئاژاوەیەو دڵداری

شتێکی کە دێتەوە بیرت؟

(لەهەر کوێیەک ستەمکاری هەبێت ئەوێ نیشتمانی منە) ئەم وتەیەی (گیڤارا)م هەر لەبیر ناچێتەوە

ئەم دیدارە لەڕۆژنامەی هاوکاری ساڵی ۱۹۷۱ بڵاوکراوەتەوەو کاک ئەحمەد شاکەلی سازو ئامادەی کردووە



ملامح الثورة فى الشعر الكردى المعاصر

ئەم نووسینە هەر بە عەرەبی نووسراوەو بڵاونەبۆتەوە، جگە لە کورتەیەکی کە لە ژمارەی رۆژی ٦-١٠/١٩٢٠ ای رۆژنامەی (القاضي) دا بڵاوبۆتەوە.

اذا كانت الثورة بمفهومها الشامل تعنى الرفض الواعى لواقع الاشياء و القيم المستهلكة التى لم تعد بمقدورها تفسير الحاجات الجديدة الملحاحة وتحقيق التطلعات المشروعة لمجموعات انسانية عائشة فى ظل انظمة متعسفة جائرة بعيدة عن مصالحها وتعنى نسف مرتكزاتها الفكرية و السياسية والاقتصادية والاجتماعية و اختياراً واعياً لنظام اكثر انسجاماً وتجاوباً مع المسار الانسانى الناهض من اجل البناء الثورى على كافة المستويات: فان الثورة فى الادب لاتلجأ الى مبدأ الغاء القديم ككل بحجة كونه يحمل هوية قديمة بل تستمد من التراث عناصر فاعليتها وقدرتها على المواجهه والتى تطبعها الثورة بطابعها التجديدى المشحون بمقومات العطاء الايجابى فى ظروف التحولات الفكرية التى تستدعى خلق و سائل و ادوات تكون فى مستوى استيعاب المفاهيم والمنظورات المتولدة من تطور الاوضاع الحياتية المختلفة وتترجم النزعات الثورية الشابة المتشربة بتطلعات والتى اكسبتها التجارب والصراع الدينامى المرير ضمه الصمود والجدارة

ان اية محاولة تتوخى رسم صورة حقيقية لأدب اى شعب تسقط من حسابها الارتباط الموضوعى والحضارى بالواقع الفكرى والاجتماعى السائد محاولة مفلوجة بعيدة عن التشخيص العلمى الملتزم باعتبار الأشكال التعبيرية والأساليب الأدبية المستحدثة نتيجة طبيعية لتطور المضامين والمفاهيم التى تضيق بها القوالب القديمة التى فقدت مستلزمات المسايرة الفعلية فى خضم الأوضاع والحاجات الفكرية الناشئة

ومن هنا فان الواقع الكردى المعاش بشتى جوانبه الفكرية والسياسية والاجتماعية والاقتصادية فى اية مرحلة يكون هو المنطلق الصحيح الذى يقرر تقيمنا الموضوعى السليم لواقع الادب الكردي بما تجتاحه من تيارات ونزعات لكون الادب النافذة التى تمر عبرها صور الواقع وتطل خلالها الوضعيات والرؤى المختلفة التى تتمخض عن تفاعل القيم والاعتبارات فى معترك النضال الدائر بين قطبى السلب و الايجاب و كمحصلة لهذا التفاعل فوق مسرح الواقع المستمر يأخذ الادب شكله المميز.

والسؤال الذى يفرض نفسه للطرح فى هذا المجال هو عن نسبة الوعى الثوري فى الواقع الكردى الراهن وعن مصادره. وعلى نسبة هذا الوعى ومصادره ومدى التصاقه بضرورات الواقع المرحلى تتعدد ابعاد الثورة فى ادبنا القومى. ان الوعى الثورى البناء الذى تفاعل بالأحداث داخل إطار الواقع القومى والانسانى العام والذى انعكست فيه معطيات المواجهة الجريئة والاختبار هو الذى يخلق منطلقات الرفض والثورة التى توجه الاحداث التى تتدخل نسبيا فى عملية انضاج هذا الوعى بماتخلع عليه المعاناة الذاتية و شعور الفرد بالمسؤوليه الكبرى امام الحياة وواقع المرحلة الانسانية من اشكال ووضعيات تعمت محتواه وتؤكد شخصيته

كما وان مسالة تشخيص ابعاد الوعي الثوري الذى يتحلى به المثقف الكردي الرائد ويرصد من خلاله كل الاشياء المحيطة به لايمكن ان تتم بمعزل عن تقييم سليم للواقع الذي يعيشه الشعب العراقي عامة لأن ارتباط الشعب الكردي تاريخيا فى جزءٍ من ارض وطنه كردستان باخيه الشعب العربى فى العراق وطبيعة الأحداث التى واجهها خلال تاريخهما النضالي الطويل كان لها دورها الفعلى والرئيس فى خلق وعى ثورى مشترك تجسد فى مسالة المشاركة الوجدانية والعملية للنهوض بالمهام و المسؤوليات التى ترتبت عليهما كاخوة متمايزين يواجهون عدواً واحداً متمثلاً بالاستعمار و الرجعية والصهيونية العالمية مما حتم التافهم و توحيد جهودهم لضربه و استئصال جذوره ومن ثم المباشرة وفق تخطيط علمي هادف- لبناء مستقبلهما المنشود.

واضافة الى ماكان للتجارب الوفيرة التى هياتها المسيرة النضالية المشتركه هذه لأبناء الشعب الكردى من زخم والذى بدت ايجابيته فى تنشيط الفكر الثوري الكردى و اغناء تراثه بجوهر العلاقات الأخوية والانسانية فان روافد ذاتية وعالمية اخرى وجدت طريقها اليه ومارست تأثيراتها الجادة فى ايجاد انماط جديدة مميزه من الوعى الحر والتى تشكل بمجموعها رغم اجنحتها وشظاياها فكراً ثوريا تقدميا يتحكم فى الواقع الكردى الراهن ويؤدي دوره فى تحديد وتوجيه التطلعات المشروعة للشعب الكردي.

وقد راينا ان التيارات الفكرية التحررية التى اجتاحت العالم بعد الحربين وكنتيجة بلأرهاصات الداخلية و الملاصات المأساوية للانسان و التى كانت قد تركت اثارها السيئة فى نفوس ابناء الشعب الكردي ايضاً قد هيأت لديهم مستلزمات الثورة والتمرد على الواقع المتخلف المهان مما عجلت فى استجابة شعراء الكرد و احتضانهم للخطوات التجديدية التى اقدم عليها الشعراء العرب فى رفض القيود القديمة التى اقعدت الشعر العربي طويلاً عن الانطلاق لاداء دوره بما يتناسب ومنطق التطور المستمر لواقع الحياة

فالثورة التطهيرية و التجديدية للأوزان و المضامين الشعرية القديمة التى تبناها السياب والحيدري و غيرهم وجدت صدىً وتجاوبا فعليا عميقا فى نفوس شعراء الكرد امثال عبدالله كوران وعبدالواحد نوري ونوري شيخ صالح و بيرميرد واخرين من الذين اقدموا على خطوة مشابهة فى الشعر الكردي بتاثير من حركة تجديد الشعر العربى هذه وما تركته فيهم دراستهم للشعر التركى و الانكليزي من اثار واضحة محصوا بها مسيرة الشعر الكردي شكلاً و مضموناً والذين تعرضوا من اجلها لواجهة عنيفة من المتزمتين لم تستطع الصمود بوجه هذا الجديد الذى مالبث ان فرض نفسه على الواقع الادبى لتهيؤ الاذهان لقبوله و احتضانه وكمصلحة لانجاب هذه التأثيرات المختلفة في الواقع الكردي و نتيجة للتطورات المستمرة فى العلاقات الاخوية النضالية بين العرب و الاكراد وامتزاج التجارب الرائده للشعوب فى صراعها المستميت ضد الامبريالية العالمية ومن اجل سعادتها وحريتها فى واقع العراق عامة فان الشعر الكردى اكتسب وجهه الحضارى المشرق فى مساره الثوري الملتصق بقضية الامة والانسان محققاً شرعيته من دعائم الاوضاع السياسية والاجتماعية والاقتصادية خلال المراحل التى مرت بها حركة التحرر الكردي الناهض ونضال الشعب العراقى فى شتى العهود من اجل حريته واستقلال بلاده كجزء من النضال العادل الذى تخطو فيه الشعوب للتحرر من اشكال السيطرة الاستعمارية.

وعندما نستعرض مراحل نمو ونضوج الشعر الكردي الحديث لتوثباته لتخطي الاشكال التعبيرية وتجاوز الأنماط الفكرية المختلفة ابتداءً من نهاية الحرب الثانية نخرج بهذه الخلاصة:

اولا: بعد الحرب العالمية الثانية برزت المدرسة الواقعية فى الشعر الكردي بشكل واضح مستمدة اسمها من معين التراث الكلاسيكى فيما يتعلق بتناول الشعراء الكلاسيكين لبعض جوانب حياة الشعب الكردي ومصيره وتشخيصهم لبعض الملل الاجتماعية دون ان يملكوا القدرة على وضع الحلول الصائبة لها اويخرجوا عن نطاق الانماط التقليدية الجاهزة. ثم وجدت الواقعية نفسها فى الصيغ التى طرحها الشعراء الاكراد لحل المسألة الكردية من وجهات النظر القومية والانسانية وتصويرهم للواقع الكردي المزرى بشتى جوانبه واعطاء حلول ثورية صائبه وجريئة لها وفى توجيه وتحديد تطلعات الشعب الكردي المرحلية والمستقبلية وفيما يخص تنظيم العلاقات الاخوية بين الشعبين العربى و الكردى و تمجيد نضالهما المشترك لأجل بناء مستقبلهما المنشود على اسس واقعية سليمة.

كما تجلت ايضاً فى تناول الشعراء لقضايا عصرهم ودعوتهم الى الاخوة الانسانية ومساندة نضال الشعوب المستعبده فى سبيل حريتها وحياتها السعيدة.

وعبدالله كوران هو الرائد الاول لها لغزارة انتاجه وتوسع مدار تناوله للموضوعات الواقعية فى اطار كردستان و العراق والعالم وبراعته فى

خلق الاشكال التعبيرية الجديدة واستيعابه لمهمة الفنان الثوري القادر على التغيير والتطوير وقد ساريها في خطوات موزونه لتكتسب صورتها المتكاملة من خلال الالتزام الموفق بوحدة الشكل والمضمون والاستفادة من عضوية وخصائص التراث العالمي

فاذا ماتوحدت قوى الشباب في العالم من اجل سلام العالم
فلن يبقى في مقدور تجار الحروب سوى الخيب والعويل
ولن يسمع دوي الطلقات في كوريا
ولافي الهند الصينية
ونحن ايضا تكون في منجى عن الحروب
التي تهيء للوحوش في (وال يستريت)
ان يقضمو الحومنا

ثانيا. سار على نهج كوران هذا شعراء اخرون ابرزهم كامران وشيركو بيكەس وهەژار والتزموا بخطواته التجديدية في الخروج على الانماط التعبيرية المستهلكه وتجاوز المواقف المترددة الخائرة وتميزت نظراتهم نحو المسألة الكردية كجزء من المسالة الامة الكردية والمسالة الانسانية عامة

رغم ان ليل النضال من اجل الحياة
يذبل ارواح شبابنا كازاهر الخريف
غير ان الشفق سيبزغ
وسيجتاز (الكورد) هذه العقبة

ويعتبر شعر هؤلاء امتداداً واستمراراً الشعر عبدالله كوران الا ان التزامهم بخط فكري ثوري وتمثيلهم لاتجاه معين في الحركة الكردية التحررية ونفعالهم الصادق والتصاقهم الفعلي بظروف الواقع المرحلي و امكاناتهم الفنية في التعبير والتصوير اكسب شعرهم سمة مميزة وجدت لها تجاوبا كبيراً في اوساط واسعة من جماهير الشعب الكردي

ثالثاً: إن حركة الشعر الكردي تشهد اليوم تحولاً محسوساً وانعطافاً ثورياً ملموساً يتمثل في رفض الأشكال التعبيرية التقليدية وانتهاج خط جديد يستوعب المفاهيم العصرية التي توسعت ورسخت مدلولاتها الواقعية في اذهان قطاعات واسعة من ابناء الشعب الكردي بفعل عوامل كثيرة وهو يسير في طريق تبلور اتجاه مميز وهو رغم كونه لايشكل لحد الآن- مدرسة فنية متميزة بمعناها المتداول الا انه يفرض نفسه على واقعنا الادبي معكساً بذلك الديناميكية الكامنة في حقائق الاشياء والقيم ومروراً بالتجارب الحياتيه الوفيرة على المدى القريب والبعيد والتعامل مع التجارب الثورية للشعوب و تفتيش المستمر لاكتشاف سبل جديدة وطرائق اكثر مجانسة مع المضامين المستخدمة عن الطرائق السابقه مندفعين بطاقات البحث المستمر عن مصادر الارتواء وهي في نفس الوقت تتعدى لاشكال الوعي الرجعي والمتطورات الخلفية والانماط التعبيرية التي تغفل المحتوى الانساني والفعلي للأدب و التي تكون خارج نطاق المنطلقات الايجابية التي تخلق الأرضية الصالحة لبناء غد افضل للانسان ان الشاعر الكردي المعاصر لايكتفي بادانة الاوضاع المتخلفة الشاذة على مستوى القطر و العالم وانما يقرن ادانته لها يشهر سلاحه الماضي بوجهها معكساً بذلك صرامته واندفاعه في تحدي كل الانماط الشعرية التي سقطت في حومة النضال الدامي من اجل انبثاق فجر الانسان الحر فيسخر كافة طاقاته الكامنه ويفجرها لكسب معركته هذه.

ان مفهوم التجديد والحداثة في الشعر الكردي المعاصر يستند على مبررات موضوعية وحضاريه تمتد بجذورها واعراقها الى افاق التجارب الرائدة للشعوب التي نفضت عن نفسها عن غبار العبودية وترا كمات اللغة السقيمة المثقلة بالعواطف الميته والاساليب الخطابية المباشرة وهو يكتب وجوده الشرعي معتمداً على اسس التحدي لأشكال التعبير القديمة ويرفض ان يكون مجرد امتدادلها.

ان الشاعر الكردي الذي انعكست فيه ويلات ومآسي سنين الاقتتال والدمار واخطرمت في نفسه شعلة النضال القومي العادل لتحقيق اهداف الشعب الكردي المشروعة يقحم شعره سلاحاً فعالاً في حومة الكفاح القومي على كافة مستوياته ويؤمن بان ثورته وانطلاقته وليدة الظروف الخاصة التي تمربها حركة التحرر الكردي المصاعدة ونتاجات شعرائنا الجدد تنبئ عن ميلاد محاولة راشدة تتالف والانعطافة الفكرية والحضارية للعالم. ويشترك في ابراز هذا الوجه الجديد لشعرنا الكردي بعض شعراء المرحلة الثانية من الذين ساروا لأمد على طريقة كوران لامتلاكهم قدر فنية وفكرية قادرة على العطاء الايجابي حيث صقلتهم الاحداث الثورية التي عاشوا معمتها طيلة السنين الماضية وطبقت شعرهم بطابع الاحترام والمجانية فبدؤا يخطون خطوات واسعة للافلات من قبضة الدائرة المغلقة التي احاطت بهم ومن بين هؤلاء يلمع اسم شيركو بي كەس وكامران وجمال شاربازيرى و هەژار

وابرز هؤلاء عندي هو الشاعر الشاب (لطيف هەلمەت) الذي بدا الشعر منذ سنوات منتهجاً لاسلوب كوران الشعري وظهر في الآونة الأخيرة كشاعر له مايميزه عن غيره فهو يمثل بشعره وفكره غضب وتمرد جيلنا المتحفز للنصر على صيغ التحجر والانغلاق. وديوانه (الله ومدينتنا الصغيرة) (تحت الطبع) يضع علامة مميزة على طابعه الشعري هذا ويشكل بشيراً بميلاد شعر كردي متطور يكسب الكلمة ويزجها في المعركة الراهنة التي تشتد ضراوتها بين الانسان ومستغليه وحول هذا المعنى يقول:

ساحطم هذه القروح/ هذا هو ايماني/ ناري لن تذوب
سافتت النوافذ المصداة/ كي اولد من رحم الربيع
واجعل من غصن الشمس ترانيم اغنياتي
والق اسفيناً في التوابيت المترصدة/ تحت صقيع الأمس
واصب رمال جميع الصحارى المزبدات
في عيون الأشباح التي تحرس الابواب
(إن اغنية الثار حمراء في لون الدماء
ان اغنية الثار تهدم الاسوار)
تلك كانت كلمات كتمها اطفال لم يولدوا بعد
ليضعوا منها لافتة لتظاهرة الغد

كما ان الشاعرين شيركو بيكەس وجلال ميرزا كريم في بعض نتاجاتهما الاخيرة يسيران في اتجاه استنمار هذه التجربة الوليدة

ان هذه الاشعاعات الحية من ممارسة اشكال النشاط الفكري وايجاد انماط التعبير الجديدة في الواقع الادبي الكردي انما تمثل بداية الطريق الذي تمتلكه الارادة الانسانية الخلاقة في مرحلة التحولات الموضوعية لتجاوز شكل سلبيات الماضي ومن اجل استكمال البحث عن حقيقة الحياة وجوهرها و وضع بصماتنا المميزة على هوامش المستقبل المنشود.

غير ان كل هذا لايعني مطلقاً مواكبة الشعر الكردي المعاصر لماجريات الاحداث الفكرية والانسانية مواكبة تخفي معالم نقصه بل ان التجرلو الجمود والسطحية ظلت تلاحق الكثيرين من شعرائنا لأن ثقافتهم الضحلة وارتباطهم الطبقي والايدولوجي بأرضية الفكر الرجعي والمفاهيم التخلفية لم تيسر لهم تفهم دورهم المشروط بهم وتسنم مراكزهم الحقيقية في صفوف الزارعين الغام الكلمات تحت احترام المتاجرين بحرية الانسان ومستقبله ومن اجل اكتشاف عوالم شعرية جديدة واشكال افضل للعلاقات الانسانية في ظل انتصارات الشعوب الحرة في مرحلتها النضالية الحاسمة

ومما يؤسف له ان الكثيرين من نقاد ومثقفي الكرد قد افرغوا عملية النقد من محتواها الموضوعي حين تغاضوا عن هذا التخلف و وقفوا إزاءه موقف المستلم بل ان معظمهم ظلوا يد بجون المقالات في الصحف والمجلات للاشادة ببعض الانتاجات الهزيلة لشعراء لم يتجاوزوا الاشكال القديمة للشعر الكردى التي تفتقد القدرة على المسايرة والعطاء في ظل الاوضاع الثورية التي مربها شعبنا كما انهم مازالوا يستغلون اقلامهم لاستخراج الفنون البديعية و البيانية في النماذج الشعرية القديمة التي ادت ادوارها المرحلية بدافع الحرص على التراث وهم بذلك يعبرون عن تذبذبهم وفراغهم الفكري وعدم تفهمهم لمهمة الناقد الجرئ الذي يرصد من كثب التحولات الفكرية و الادبية ويمتزج بها ويصور احكامه على النتاجات ارتباطا بواقع المرحلة المعاشة ولازلنا نتطلع الى المزيد من التوثبات الفكرية البناءة لدى ادبائنا وشعرائنا لتقديم الصيغ الاكثر تحولية و واقعية لما ينبغي ان يكون عليه ادبنا الكردي و واقعنا الاجتماعي المتحفز للأطاحة بجميع المفاهيم والقيم الرجعية المستهلكة

وهذا ما نأمل تحققه جازمين في ظل الاوضاع والظروف الجديدة التي اوجدها بيان الحادي عشر من اذار التاريخي الذي غمر العراق من شماله الى جنوبه باقباس الصفاء والأخاء حين اقر للشعب الكردي داخل اطار وحدة الوطن العراقي كافة حقوقه القومية بمافيها الحكم الذاتي والذي سيكون تنفيذه عاملا فعالاً لتمتين اوامر الأخوة الحقيقية بين ابناء لشعبين الشقيقين بجهود قادتهما وقواهما الثورية التقدمية المنظمة لما يحقق مطامحها القومية المشروعة ويهئ الظروف والاجواء المناسبة لانطلاق زخمهما الثوري الجبار لتحرير الأرض المغتصبة وتحقيق النموذج الأمثل لتاخي القوميتين في ظل نظام ديمقراطي عادل يعتمد الشعب وسيلة وغاية وحينذاك فان شعرائنا الاكراد لن يتأخرو عن اداء دورهم الايجابي الفعال في اعطاء وجه انساني مستقبلي لادبهم القومي الذي يكون رافداً ينصب في بحر التراث الانساني الخلاق بما يغنيه ويخلب التربة لانبات بذور الحب و الخير والاخوة الانسانية في ربوع العالم.

اوبريت

مصير العشاق

شيعرى (گۆران)و وەرگێرانى لەتیف حامد



-١-

المكان: ينبوع تحت ظلال الأشجار في قرية عند سفح جبل
مياه ثرة تنحدر من مزراب خشبي في اعلى شق من الجبل

* * *

برزو: ايتها الجدة عند الينبوع تحت ظلال الضار الحمر!
ايتها الجدة النورانية!
اين يمن هذا المكان؟ اين يمن عامه؟
اين سالف بهجته؟
ومنەوش: ولدي ايها المسافر الوسيم!
ماذا تغير؟
من النبع والمزراب تحت الظلال؟
حصباؤه جواهر وماؤه فضه!
برزو: اماه الماء والمكان كما كانا!
غير ان وردة حمراء في هذه القرية،
اسمها منيج.
لااراها عند المزراب كالعام.
تغسل خدودها الناعمة؟!
ومنەوش: ايها المسافر الشاب،
لطالما قدم النحل الجائع من بعيد،
وهبط في هذا المكان
وسأل سؤالك عن الوردة الحمراء،
اما تخبرني يا ولدي: من انت؟ وما مهنتك؟
اي شئ تبغي من سؤالك عن منيج؟
برزو: اماه في العالم الماضي كنت فدائياً للوطن،
ونزلت من الجبال!
وعند هذا النبع صادفت منيج،
ذات العينيين الساحرتين،
لأول مرة،
وتبادلنا النظرات،
فتوردت وجنتاها بفيض بسماتها المشرقة؛
"ومنەوش تردد مع نفسها":-
بك وحدك يامنيجة الجميلة،
تليق اللطف المشوب بالخفر!
برزو يمضي في غنائه:-
وعندما دنوت منها بقلب واجف،
طلبت منها الماء،
فرمتني بنظرةٍ اكثر جاذبية،
ومدت يدها للوعاء؛
فا فرغت في جوفي كاس (أنا ميتا)،
ربة حسناء الينبوع و المزراب،
شربت الماء وتأملت في الزند العارية،
والساق المكشوفة؛
فوق الحصباء الدرية المخوتة كالمرمر،
تأملت في القامة الهيفاء والعصابة المائلة،
والشعر الفاحم فوق ثلج انحر،

* * *


"ومنەوش تردد مع نفسها"!
جميلة قوام منج!
واجمل منها اخلاقها وسجاياها!
برزو يمضي في غنائه:-
وبصوت متهدج تحدثت معها،
ولاطفتني بحديثها العذب الرقيق،
وبالسؤال و الجواب.
تحدثنا عن العناوين، والأسماء، ثم عن الحب والزواج،
حتى اقسمنا و ايدينا على المصحف،
بأني حينما انهي واجبي الوطني؛
واسرح من السلاح.
احمل معي مالاً، وآتي، لأخطب زهرة امالي.
والان فكل ما املكه أحمله معي نقداً،
وكالها ثم تبعت وميض الخط!
ومنەوش:
ايها الفتى الوطني الجسور!
وا اسفي!
ان لساني ليعجز عن الافصاح.
عما اعرفه:
عن منيج ونجمة حظها؛
لارويها لك بمرارة!!
برزو: ايتها الجدة! حنانيك! اخبريني؟
لقد اقلقتني!
ومنەوش: ولدي ابعد عنك خيال منيج!
برزو: لقد مت!
لاشك ان منيج المحبوبة قد ماتت!
ومنەوش: لا انها تعيش ولكن اي عيش ؟
لقد تزوجت!
لرغمها والدها الشجع على الزواج،
من عجوز ثري في قرية بعيدة،
فذ بلت الوردة الحمراء!
والان فهي تتقلب على سرير الالام،
تذرف دموع اليأس بغزارة!

-٢-

نفس المكان بعد اسبوع فوق ضريح برزو؛
كورس الفتيان:
هاهنا يرقد عاشق!
وكان فتى،
لم تدعه تقاليد الانذال ان يعانق امله.
وخسر حبيبته!
هاهنا قد تعا قدمعها لأول مرة،
وهنا صرعه العشق القاتل!
فوق الضريح المجاور
كورس الفتيات:
هذه هي قبلة طواف الفتيات!
ضريح منيج الجميلة!
رقد وفت لحبيبها الشاب،
فانتحرت!
وقدمت نفسها ضحية للعشق! ضحيةً للحرية!
وحطمت قيود الرجعية!
في نفس المكان:
(كورس الفتيان و الفتيات معاً):
هلموا: ايتها الفتيات!.. ايها الفتيان نتعاهد!
على ان لا نحني الرقاب لقوى الظلم ابداً!
وان نجعل من شهداء العشق،
قدوةً لناو امثولة!
وان يكون الحب الطاهر هدفنا جميعا!
اما ان نعيش بحرية،
اونموت في سبيلها.
(الطبيعة والنفس)

عن ديوان عبدالله گوران (سروشت و دمروون) طبع ١٩٦٨- مطبعة كامران- سليمانية

الى وجيه محب للشعر



ترید شعرا جمیلاً یاسیدی شعراً جمیلا،!
شعراً یبعث فی الحیاه صیاءً وبسمات!
شعراً یتلألأ کالنجوم،
صافیا یعکس اعماق بحار النفوس،
کالبلبل داخل عش دافئ حنون،
امنا یغني متواصلا!
شعراً رقیقاً جمیلاً کالاطفال،
غذاؤه شرائح القلب ورحیق الحیاة!
شعراً کل نبرة فیه کرنین الاجراس!
وکل مقطع منه نقش زاه!
شعراً حیا نامیاً خالداً،
یجید لغة القلوب ویتحدث بها بطلاقة
سیدي: اذا کنت ترید الحقیقة
فشتان بیني و بین مثل هذا الشعر!
قبل کل شئ فلانی کردي،
عصفور بین الاف الشراك الصغیرة،
فان جناح الطیران ومنقار الصراخ،
یجعل من تقریب السکین الی عنقي
وحتی لوکنت بلبلاً فمادام قفصي ضیقاً،
فاساني کلیل ونغمات شعری خرساء!
وعدا ذلك واسوا من کل شئ:
فالقلب خال ومجمرتی خامدة،
وشغاف قلب اذا لم یجرح
بسهام رب الهوی
واذا لم تتشابك سلاسل (زهرة) الجمال،
باعراقه وجذوره،
ان قلباً قد مسه المشیب وبلی
متی کان ذلك القلب مهبطا لحور الالهام!؟
واین اشعر من مضغة هامدة!
وبعد یاسیدی من المحتمل انك تعلم،
بان موظفا صغیراً مثلي حیاته خاضعة للرزق
والحکومة تقدر علیه رزقه وجبة فوجبة؛
باعتبار العمل!
اذا لم یتراکم الغبار فوق والرقبة
کالسجلات القدیمه
اذا لم تنجز الاعمال للحکومة
واذا لم ترقص للرؤساء
حتی الاعیاء کلاکفرت- بل حتی الموت،
متی جاز للموظف یاسیدی تذوق الطعام؟!
فکر اذا کان الجوع خیاله،
ومنهمك وسط بحار الکد،
متی یتسنی له ان یقلب الطرف فی دنیا الجمال،
ویودع کل ما یلتقطه فی بضعة سطور؟!
فبعد یاسیدی امل؛
ان لاتطلبوا من (گوران) القصائد الجمیلة
ان الذی یغالب الشعر،
هو من کان حراً طلیقاً، منتشیاً بخمرة الحب؛
هکذا یلیق بي ان اکون خامداً،

وێژەی کوردی

وێـژەی کـوردی وەکـو وێـژەی هەموو نەتەوەیەکی تر بەهۆی چەند پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و چەند یاسایەکی سروشتییەوە هاتۆتە کایەوە کە لەپێشا برێتی بووە لە بیروباوەڕو ڕەوشت و خووی مرۆڤی کـوردی ئـەو سـەردەمە دەمـاودەم گێراویانەتـەوە تـاوەکوو کـاتی نووسـینەوەی هـاتووە. بـە پێـی یاسای گۆڕان و دیالێکتیك بەچەند قۆناخێکـا ڕەتبـووەو گەشـەی سـەندووە وێـژەی کـوردی ئـەمڕۆ بەشێکی پەندووە لـە وێـژەی میللـەتان. ڕووبارێکـە ئەڕژێتـە دەریـای سـامان و وێژەیـی مرۆڤایەتییەوە. کە تێکڕا نەخشەی دوارۆژێکی ئازادو بێ ئازار ئەکێشێ بۆ مرۆڤی کوردو جیهان، بـەرەو پێش تەکان ئەدات بۆیە جێهێنانی ئـەرکی سەرشانی خـۆی لـەکۆڕی خـەباتی سـەختی گـەلانا بـەڕووی زۆرداری و چەوساندنەوەدا. وێژەی نەتەوایـەتیمان پێـك هـاتووە لـە هەڵبەست و پەخشان کە هەر یەکێك لـەم دوانـە چـەند بەشـێکی لێ ئەبێتەوە لەم کورتە باسەدا بەپێی دەسەڵات و کات تەنها لەهەڵبەست و چیرۆکی کوردی ئەدوێین:

هەڵبەست

هەڵبەسـت بەشـێکی هـەرە فـراوان و کاریگـەری هونـەرە. جۆرێکـە لـە جۆرەکـانی وێژەکـە هەستیار سۆزو بیرو ئەندێشـەی خـۆی پێ دەرئـەبڕی بـە هۆیـەوە هەسـتیاری ڕۆشـنبیرو لێهـاتوو ئەتوانێ گەلەکـەی بخاتـەڕێ بـەرەو کاروانی گەلانی پێش کەوتوو.

گەوهەرەکانی هەڵبەست

هەڵبەسـت لـەم گەوهەرانـەی خوارەوە پێك هاتووە.

١-سۆز ٢-ئەندێشە ٣-بیر ٤-کێش یان ئاهەنگ ٥-زمان و شێوەی داڕشتن هیچ شێوەیەك لەنێوان ئەم گەوهەرانـەدا بـەدی نـاکرێ بـەڵکو هەموویان تێکڕا لـەدڵ و دەروونی هەستیارا ئاوێتەی یەکتر ئەبن و بە یـەکا هـەڵ ئەشێلرێن و ئەتکێنـە تواناو هونەرمەندیی هەستیارەوەو بەوێنەی بەرهەمێکی بەتام کەپێی ئەوترێ هەڵبەسـتە پێشکەشمان ئەکات.

ڕێبازە وێژەیی یەکانی جیهان و هەڵبەستی کوردی.

وێـژەی کـوردی بەگشـتی و هەڵبەسـت بەتایبـەتی ڕێبـازە وێژەیی یـەکانی جیهان کاریان تێ کـردووەو هەریەکـەیان لـەقۆناخێکا ڕەنگیـان تیـا داوەتـەوەو شاعیرەکانمان پەیڕەویان کردوە کە لـە هـەموویان زیـاتر ئـەم سـێ ڕێبازانەن کەلـە خـوارەوە باسیان ئەکەین.

١-ڕێبازی کلاسیکی

سەرەتای کلاسیکیەت لەوێژەی کوردییـا لەسـەر ڕای دوکتـۆر عـیزەدین مسـتەفا لەوکاتەوەیـە کەکورد دەستی کرد بەگەڕاندنـەوە بـۆ نووسین بەزمانی نەتەوایـەتی، یەکەم شاعیرمان لـەم ڕووەوە (بـاب ڕۆخـی هەمـەدانی) بـوو (٩٣٥-١٠١٠) هـەروەها (بابـا تاهـیری هەمـــەدانی) (١٠٣٠-١٠٩٠) دوا بەدوایان کۆمـەڵێکی زۆر لەشاعیران هاتنە پێشەوە (وەکـوو: مـەحوی نالی- مەلای جزیری احمدی خانی مستەفا بـەگی کـوردی حـەریق هتد)

نیشـــانە دیارەکـــانی ڕێبازی کلاسـیکی لەهەڵبەسـتی کوردیدا

١-دوورکەوتنەوەی شـاعیرەکان لـە ژیانی کۆمەڵایـەتی گـەلی کـورد خۆخلافاندنیان بەچەند بابـەتێکی بێ کەلك و خۆخۆرییەوە

٢-بابەتـــەکانی (مواضیـــع) هەڵبەستی کلاسیکی پێك هاتووە لـە: ستایشی ئـاینی دڵـداری لاواندنەوە داشۆری خواپەرستی (تصـــوف) خۆهەڵکێشـــان (فخـــر حماسە).

٣-بایەخ ئەدەن بە ڕازاندنـەوەی ووشـــەو ئارایشـــت کردنـــی ڕستەکانیان بەوردەکاری بەلاغـەتی عەرەبی.

٤-پـەیڕەوی کردنـی عـەرووزی شیعری عـەرەبی لـە ڕووی کێش و سـەرواوە ئـەوەی پێویسـتە لـەم بارەیەوە بوترێـت ئەوەیە کە گـەلێ لەشاعیرەکلاسیکیە کانمان خۆیان لەکوردایـەتی دانـەبڕیوەو هەسـتی خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕیوە.

جۆرەکانی هۆنراوەی کلاسیکی کوردی:

لـــەهۆنراوەی کلاســـیکیدا مامۆسـتا گـۆران سـێ جـۆر دەستنیشان ئەکات:

١-هۆنراوەی قصیدە (چامـە): ئەو هەڵبەستانەیە کە مەبەستێك لەم مەبەستانەی تیـا نیشـان درابـێ: ستایش پـێ ناسین داشۆری خۆشـــووردن دڵــــداری لاواندنـــەوە خۆهەڵکێشـــان. مامۆستایانی هۆنـراوەی قصیـدە ئەمانـەن (نـالی سالم مـەحوی شـێخ ڕەزای تاڵـەبانی حـاجی قادری کۆیی) حەمدی

٢-هۆنراوەی غەزەل: ئەو جۆرە هۆنراوانەیـە کـە باسـی جوانـی و دڵـداری و سـکالانی تیـا نیشـان ئـەدرێت. مامۆستایانی هۆنـراوەی غـەزەل ئەمانـەن (علـی تەمـەکی مـەلای جزیـری سالم مسـتەفا بـەگی کـوردی مـەحوی) صابیری، نالی، مەولەوی).

٣-هۆنـراوە چیرۆك (الملاحم): چیرۆکێکی پاڵەوانێتییە کە گەلێك ڕووداوی سەرسـوڕهێنەرو پـڕ لەکارەساتی تیادایـە هەڵبەسـت ئەگێڕێتـەوە وەکـو بەرهەمـە بەنرخەکەی ئەحمەدی خانی (مەم و زین) هەروەها (خەجێ و سیامەند)

٢-ڕێبازی ڕۆمانسی

- شۆڕشـــێکی وێژەیـــی بـــوو لەچـــەرخی نۆزدەهـــەما لـــە ئـــەورووپا بەرپاکرا

- بـەرووی ئـەو سـنورانەدا بـەرپاکرا کـە کلاسیکیەکان هونەرمـەندیان تیا بەندکردبوو.

- لەپێشـا لــە فەرەنسا سـەری هـەڵدا وردە وردە تەشـەنەی کـرد بـۆ ئەڵمانیاو وڵاتانی کە.

- نووســـەرە ناودارەکـانی ئـەم ڕێبـازە ئەمانەبوون: (جان جاك ڕۆسۆ شـاتۆبریان لامـارتین فیکتۆر هۆگۆ موسێ گۆتێ فیختـە ئـادەم میللـەر شیللی کاد لیك بلۆك)

نیشـانە دیارەکـانی ڕێبـازی ڕۆمانسی

ئەم ڕێبازە لەسەر چوار کۆڵەکە وەستاوە ١-خۆخۆیی، ٢-پەرستنی سروشت و جوانی، ٣-گۆشەگیری، ٤-بەرچاوتاریکی و کرووزانەوە.

ئـەم ڕێبـازە لەکوردسـتاندا تیشکی دایەوەو سەریهەڵدا لەسەر دەستی مامۆستایان (پیرەمێرد گـۆران، نـوری شـێخ صـالح بەوە لەسـەر دەستی مامۆستا گـۆران پەردەی سەندو دوابەدوایان کۆمەڵێك شاعیر ئەم ڕێبازەیان گرتە خۆ وەکو (جـەمال شـاربازێڕی، کامـەران موکری، ئەخۆل)

٣-ڕێبازی ڕیالیزمی (واقیعی)

لەئەنجامی پشت گوێ خستنی ژیـانی ڕۆژانـەی هەمـە جـۆرەی جـەماوەری گـەل لەلایـەن ڕۆمانسـیەکانەوە. وە بـەهۆی پێشـکەوتنی بـیرو بـاوەڕی شۆڕشـگێڕانە و پەرەسـەندنی زانستەوە ئەم ڕێبـازە هاتەکایـەوەو کۆمەڵێك ڕۆشنبیر چەسپاندیان

بەرهەمـــەکانی ڕیـــالیزمی ئاراستەکراوان بـۆ وێنـە کێشـانی ژیانی کۆمەڵی چەوساوەو خستنە ڕووی هـەموو سـووچێکی ژیـان، لـەلای ئەمانـە پێویستە هونـەر بـۆ خزمەتی بەرژەوەندی گەل و نەتەوە و مرۆڤایـەتی بێـت. وێژەیـش کەبەشـێکی زینـدووە لەهونـەر پێویستە بکرێتە چەکێکی کاریگەر بۆ بەرەنگار بوونی دوژمنانی گەل و نەتەوەو مرۆڤ هونەرمەندی واقعی جەنگاوەرێکی بەجەرگـە ئەچێتـە کۆڕی خەباتـەوە لەگـەڵ جـەماوەری گەلەکـەیدا لـەپێناوی سڕینەوەی زۆرداری و چەوسـاندنەوەو بـیر تەسکی و دیلێتـیدا وە بـۆ نزیـك کردنەوەی سبەینێی بەختیارو بێ ئێـش و ئـازار. ئـەم ڕێبـازە لەکوردستانا تیشـکی داوەتـەوە و گەلێك لە شاعیرەکانمان بە بەرهەمی سەرکەوتوو بەرهەڵستی واقعی پڕ ستەمکاری و چەوساندنەوەو بیر تەسکی کوردەواری یان کـردوە.. دوژمنانی کوردایەتیان دەستنیشان کـردووە. لەهـەموویان دیـارتر لـەم ڕووەوە مامۆستایان (گـۆران، کـامیل ژیر، دیلان، ع.ح ب).

هەڵبەستی تازەی کوردی:

ژانە کۆنەکانی نووسینی کوردی توانای گرتنـە خـۆی هـەڵ چوونو شـپرزەیی و تـاقی کردنـەوەکانی ئـەوەی ڕاپـەڕیوی ئـەمڕۆی کوردی نەماوە. ئەم قسەیە بەڵگە نییە بۆ ئـەوەی سـەراپا هەڵبەسـتی کوردیکۆن بێ بایەخ و پێزن بەڵکو ئـەڵێن بایـەخیان بەستراوە بـەو قۆناخـە مێژوویـیەوە کە شـاعیرە کۆنـەکانی تیـا ژیـاون. کەلـەپوری نەتەوایـەتیمان سـامانێکە بۆتـە



بنەرەتێك کەتازە رەگی خۆی لەسەر داتەکوتێ و چەکەرەی لێوە بکات ئەوانەی بەرواریان بەنوێ هەبێ ئەبێ ئازادییەکی تەواو ببەخشن بە هەستیار هەر دەستنیشان کردنێك و دانانی یاسایەك بۆ ناوەرۆك و روخسار کۆتێکی نوێیە بەناوی نوێ کردنەوە ئەخرێتە مەچەکی هەستیارەوە ئەو ئازادییەی ئێمە داوای ئەکەین بێ سنوورە هەر ئەوەندەی تیا مەرجە کە هەستیار راستگۆبێت لەگەڵ خۆیی و دەوروبەری خۆیدا ئەو ئازادییەی ئێمە داوای ئەکەین بەرەڵایی نییە چونکە دەروونی هەستیار هەموو رێنەی جیهان و کۆمەڵەکەی خۆی تیا رەنگی داوەتەوەو هەڵبەستەکانی پوختەی تێکەڵ بوونی و لێکدانی رووداوەکانی دەوروبەری خۆیەتی

ئەوەمان لەهەستیاری ئەمرۆ ئەوێ کە بەو ئاهەنگەی لەلێکدان و تێ هەڵکێشی وشەو رستەکانیان دروست ئەبێ چەشنەی شیعریمان پێ ببەخشن و تێمان بگەیەنن کە ئەوەی پێشکەشمانی کردووە هەڵبەستە نەك پەخشان شاعیران ئەمرۆمان ئەگەر چی هەموو یەك رێگەو رێچکەیان نەگرتووە لەرووخسارا بەڵام زۆربەیان رووە و کانیاوی ئەو راستیانە ئەڕۆن کە پڕ بەکاسەی ژیان و کۆمەڵی کوردەواریمان ئەمانە نوێنەی پاشەرۆژی وێژەی کوردییە کە بەرهەمی بەتام و پڕ سوودمان بۆ بخولقێنن لەم شاعیرانەی کەباسمان کردن ئەمانەی خوارەوە لەهەموویان دیارترن (لەتیف هەڵمەت، هیشمان تاهیر بەرزنجی، صلاح شوان، پەشێو، ئەحمەدی تاقانە)

چیرۆك

چیرۆك بەشێکی زیندووە لەهونەری پەخشان چیرۆك نووس هونەرمەندێکە رێنەکانی هەمە جۆرەی ژیان وەرئەگرێ و لەبۆتەی دەروون و هۆشدا جۆشیان ئەدا و ئەوێنی هونەرمەندی تێژ و رەوانێتی تایبەتی خۆی پێوە هەڵ ئەشێلێ و بە وێنەی بەرهەمێکی بنیات ئەر پێشکەشمانی ئەکات چیرۆك لەتەنگوچەڵەمەکانی کۆمەڵ و ژیان و مرۆڤ ئەکۆڵێتەوەو ئەیانخاتە روو. ئەمیش وەکو هەموو کارێکی هونەری بەرهەمیەکەر پێویست بەگەشە پێدان و قاڵ بوونی چیرۆك نووس ئەکات لەکۆڕی ئەو تاقی کردنەوانەدا خۆی کۆمەڵەکەی پیا رەت ئەبێ چیرۆکی سەرکەوتوو ئەو چیرۆکەیە کە دەربڕی ئاواتی پێشکەوتوو خوازانەی ئەوەکەی بێت بۆ پێشکەوتن و بەختیاری. ئەو چیرۆکەیە کە پاڵەوانەکانی باری ئەو سەردەمەی خۆی هەڵ ئەمژن، بەلامەوە شێوەیەکی هونەری پەسەندە پێشکەشیان ئەکات چیرۆك بە تازەترین هونەری پەخشان دائەنرێت لەوێژەی میللەتاندا، چونکە پێویستی بە شارەزاییەکی تەواوی نووسین هەیە جگە لەو ئاستە زانیارییە بەرزەی کە ئەبێ لەچیرۆك نووس و خوێنەرا هەبێت.

ئەم هونەرە لەسەدەی حەڤدەهەمدا سەری هەڵداوەو بەچەند قۆناخێکا رەتبووە تا شێوەیەکی هونەری وەرگرتووەو خۆی لەمەتەڵ جیاکردۆتەوە ئاوەکو ئەمرۆ چیرۆك شێوەیەکی چەسپیوی وەرنەگرتووەو بەنێو ئەناوەندنەوە. هەر لەگۆڕان وپێشکەوتندایە

گەوهەرەکانی چیرۆك:

چیرۆك لەم گەوهەرانەی خوارەوە پێك دێت:

١-رووداو ٢-پاڵەوانەکانی چیرۆك ٣-شوێن وکات ٤-زمان و شێوەی دارشتن ٥-بیر. ئەوەی پێویستە لەم رووەوە بەکورتی بووترێت ئەوەیە کە دەستنیشان کردنی ئەو گەوهەرانە لەسەر شێوەی کۆنە چونکە ئەمرۆ چیرۆك رێرەوێکی تازەی وەرگرتووە چیرۆك نووس ئەوەندە ئاوڕ لەم سنوورانە ئاداتەوە بۆ نموونە لەهەندێ چیرۆکی تازەدا شوێن و کات ئادیارن هەروەها رووداوەکان مەنەلۆجێکی ئاوەوەی پاڵەوانێکە یان رێگەی یادکردنەوەی رابووردووە کە پێی ئەوترێ (تداعی). هەروەها گەلێك چیرۆکی ئەمرۆ لە هەڵبەستەوە نزیکەو دارشتنەکەی شێوەی شیعری بەسەرا زاڵە.

چیرۆکە ئاودارەکانی شێوەی تازە لە جیهانا ئەمانەن: (کافکا صموئیل بیکت ئەدگار ئالان پۆ، ناتالی ساروت ولیم فوکنەر ئەلبێر کامۆ جان پۆل سارتەر، محمد زفراف محمد خضیر جلیل القیسی هتد..).

چیرۆکی کوردی

چیرۆکی کوردی تاوەکو پاش شەڕی گەورەی جیهانی یەکەم نەیتوانیوە خۆی لە مەتەڵ جیابکاتەوە لە چوارچێوەیەکی هونەریدا بنبنێتەوە لەسالانی نێوان هەردوو شەڕەکەدا وردە وردە پەرەی سەندو بنجی داکوتا لەوێژەی نەتەوایەتیماندا

یەکەم بەرهەمی چیرۆکی کوردی لەسەر رای ماموستا عیزەدین مستەفا چیرۆکەکەی جمیل صائبە ١٩٢٠ (لەخەوما) دوابەدوای ئەو پیرەمێرد دەستی کردە نووسینی چەند چیرۆکێك کە لەمێژووی کوردەوە وەری گرتبوو (لە جۆری چیرۆکەکانی جورجی زیدان لەسەر لاپەڕەکانی کۆڤاری گەلاوێژ لەسالانی (١٩٣٩ز- ١٩٤٩ز) چەند چیرۆك خۆیان بەخوێنەر ناساند کارێکی باشیان هەبوو بۆ پێشخستنی چیرۆکی کوردی لەمانە (علاء الدین السجادی عبدالله جوهر- شفیق صابر).

لەوساوە چیرۆکی کوردی هەر لە پێشکەوتندایە بەڵام تاوەکوو ئێستە شێوەیەکی هونەری چەسپیوی نەگرتووەو چیرۆك نووسەکانمان بەهۆی بایی بوون و ئاستی زانیاریان و شارەزا نەبوونیان لە وێژەی بێگانە بەکاری پێویستی سەرشانیان هەڵ نەساون بۆ گەشەپێدانی ئەم هونەرە کە ئەتوانێ بەهۆیەوە رووی ژیانی کۆنی کوردەواری لە هەموو (رووبەکیەوە بگوزرێت پێش بخرێت چیرۆك نووسەکانی کورد تاوەکوو ساڵەکانی شەست و بەرەو ژوور ئەمانەبوون:

(رەحیمی قازی- جەمال نەبەز- محرم محمد امین- مصطفی صالح سعید- محمد نوری توفیق- جمال بابان- حسین عارف- عبدالله میدیا- حسن قزلجی- محمد مولود- کاوس قفطان- معروف خەزنەدار .. هتد)

لەسالانی شەست بەدواوە هەندێ چیرۆك نووسی لاو هاتوونەتە کۆڕەوە- بەتایبەتی لەچیرۆکی کوردیدا- بەمەبەستی پێشخستنی چیرۆکی کوردی لەرووی هونەیی و ناوەڕۆکەوە، بۆ دەربڕینی هەست و ئاوات و پەژارەی تەوەی نوێ بۆ ئەوەی چیرۆکی کوردی لە بابەتەکانی شێوەی گێڕانەوەی (سرد) رزگار بکەن و بیگەیەننە ئاستێکی پەسەندو هاوشانی چیرۆکە سەرکەوتووەکانی گەلانی تر. ئەگەر چی ئەم چیرۆك نووسە تازانە هەریەکەیان لەرێچکەو شێوەی نووسینا جیاوازن بەڵام تێکڕا یەك ئەگرنەوە لە دەربڕینی بیروڕای پێشکەوتوانەی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتیدا لەرووی ناوەڕۆکەوە ئەمانە ئەیانەوێ لەرێگەی بەرهەمی پڕ لە توانا و رەوانێکی پێشکەوتوانەوە دیوارە سەختەکانی سەر رێگەی کاروانی پێشکەوتن بتلێسێننەوەو هەر یەکێك لەمانە رووبارێکە و ئەرژێتە یەك دەریاوە نووسینەکانیان مژدەی چەسپاندنی رێبازێکی پەسەند و سوود بەخشی پێیە دوورنییە لەم چەند ساڵەی داهاتوودا باشتر خۆیان بەخوێنەر بناسێن هەندێك لەم چیرۆك نووسانە ئەمانەن:

(حسین عارف- کاکە مەم بۆتانی- احمد شاکەلی- صدرالدین عارف- طاهر صالح سعید- صلاح‌الدین احمد شوان- محمد رشید فتاح- لەتیف حامید بەرزنجی)

پاڵەوان لە چیرۆکی لەتیف حامیددا

حەسەن جاف

لە دووەم فیستیڤاڵی چیرۆکی کوردی خوێندراوەتەوە.

لەتیف حامید یەکێکە لە سەربازە لە بیرچووەکانی چیرۆکی کوردی، ئەمە ڕاستییەکە زۆر بەداخەوە- دەبێ بگوترێ، بەڵام هۆیەکەی چیە؟ ئەمیان مەسەلەیەکە یەخەی هەر هەموومان دەگرێتەوە بەچیرۆک نووس و ڕەخنەگرو هاوڕێیانی لەتیف و کەس و کارەکەیشی. مەبەستیش لەم نووسینە تاوانبار کردنی دیاردەیەکە هەزاران جار لەسەر لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا باسمان لێوە کردوەو داوای چارەسەرمان بۆ کردوە، بێ ئەوەی هەریەکێک لە ئێمە هەوڵی ئەوەی دابێ، لەلای خۆیەوە یەکەم هەنگاو بنێ. گومانیشی تیانیە کە دوورترین ڕێگا لە یەکەم هەنگاوەوە کورت دەبێتەوە. ئەو دیاردەیە، بریتیە لە یادکردنەوەو ڕێزلێنانی نووسەرانمان. پێشەنگەکانی کاروانی نووسینی کوردی بێ وەک: حسێن حوزنی و دڵدار و شێخ نوری شێخ صالح و مجرم محمد امین و عەبدوڵڵا جەوهەر و شێخ مارفی بەرزنجی و گیوی موکریانی هتد ئەمانەو کەسانی دیکەش، کە چەپۆکی مەرگ خامەی لەدەستیان خستە خوارەوەو چەپۆکی کەمتەرخەمی ئێمەش خەریکە وێنەو ڕوخسارەیانمان لە بیر دەباتەوە، یان ئەوانەی هێشتا لەژیاندان و هەموو یەکێک لە ئێمە دان بەوەدا دەنێت کە یەکەم هەنگاوی دڵداریمان لەگەڵ وشەی کوردیدا لەوانەوە دەس پێدەکات وەک: عەلادی سەجادی، توفیق وەهبی، شێخ محەمەدی خاڵ، بلە. ئەحمەد هەردی، کامەران، شاکر فەتاح هتد.

کورد زۆر لەمێژەوە گوتویەتی "تۆ بۆ باوکت چۆن بیت، ئەولادیشت بۆ تۆ وا ئەبێت. دەبا ئێمەش ئەم ڕێچکەیە بشکێنین و یاساو دەستوورێکی تازە دابڕێژین، کە هەموومان بە پێویست و پیرۆزی دەزانین، یادی ئەو ڕۆڵە بە ئەمەکانەی وشەی کوردی بکەینەوە: لەیادی کۆچ کردنیاندا شتێکیان لەسەر بنووسین، نووسینەکانیان کۆبکەینەوەو ئەوانەی ماون بۆ ئەم جۆرە کۆڕو کۆبوونەوەو دیدارو فیستیڤاڵانە بانگ بکەین و ڕێزیان لێ بنێین، تاکو لەدوا ڕۆژدا، کە مێردەزمەی مەرگ سوار سنگی ئێمەش دەبێت و خامەمان لەدەست دەفڕێنێ ئەوە ئەبێ بەدوا قۆناخ و دوا وێنەی ئێمە لەبەرچاوی وەچەی دوا ڕۆژو لەتارماییەکی لێڵ و تەماوی بەولاوە هیچی ترمان لێ نەمێنێتەوە

لەم ڕوانگەیەوەو بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە پیرۆزە ئەم توێژینەوەیە نووسراوە. ئەمڕۆ، واخەریکە دەساڵ بەسەر کۆچی لەتیف حامیددا تێ دەپەڕێ بێ ئەوەی هیچی بۆ کرابێ. لەگەڵ ئەوەی لەتیف یەکێکە لەو کەسانەی ڕۆڵێکی دیارو دان پیانراویان هەیە لەتازە کردنەوەی چیرۆکی کوردیدا. لە ڕاستەقینەشدا لەتیف حامید چیرۆکنووسێکی ئاسایی نیەو چیرۆکەکانی رووکەش نین و بەئاسانی خۆیان بەدەستەوە نادەن، چونکە زادەی بیرێکی قووڵ ڕۆشنبیریەکی فراوانن و دەریاییکی پان و بەرین و بێ کەنارن و پێویستیان بەمەلەوانێکی شارەزاو بەئارام هەیە بچێتە قووڵایی ئەو دەریایەو لەسەرخۆ و هێدی دەنکە مروارییەکانی دەربێنێ ملوانکەی شانازی و پێ زانینی لێ دروست بکات و گەردنی چیرۆکی کوردییان پێ برازێنێتەوە. لەلای خۆمەوە ئامەوێ بەهیچ جۆرێک ئەو "ئیحایە" بە ئێوەی بەڕێز بدەم کە ئەو مەلەوانە منم، نەخێر، بەڵکو ئەم نووسینەم تەنها هەوڵێکە یان بابڵێم هەنگاوی یەکەمە، جا ئەگەر بتوانم لەتیف حامید بخەمەوە بیر نووسەران و ڕەخنەگرانمان، ئەوا خۆم زۆر بە بەختیار دەزانم لەدوولایەنەوە: لایەنی یەکەم، بەوەی کە هەوڵم داوە نووسەرێکی تازەکەرەوەو چیرۆکنووسێکی لێهاتووم لە کونجی تاریکی لەبیر چوونەوەوە هێنابێتەوە بەرتیشکی چاوی ئەدیبان و خوێنەران، بەڵکو ئەوانیش بەپێی توانست- شتێکی بۆ بکەن. لایەنی دووەم، بەوەی کە ڕەنگە ئەم نووسینە ببێتە هاندەرێک بۆ بنەماڵەی کاک لەتیف، بکەونە خۆیان، بەرهەمەکانی کۆبکەنەوەو لەچاپی بدەن و ماف و یادی ئەو ڕۆڵە هونەرمەندەیان لەدەستی ڕۆژگار بپارێزن

بەهەر حاڵ، وەک گوتم، هەرکام لەم دوولایەنە بێتەدی من خۆم بەسەربەرزو بەختیار دەزانم ئەم هەوڵەشم تەنها مۆمێکە لەسەر گۆڕی ئەو برا چیرۆکنووسەماندا دایدەگیرسێنم بە ئومێدی ئەوەی بتوانم هێندێک لایەنی هونەری چیرۆک لای ئەو نووسەرە بخەمە ڕوو. ناچاریشم لەبەر ئەوەی کەس دەستی یارمەتی بۆ درێژ نەکردم- پەنا بەرمە بەر ئەو پێنج چیرۆکەی بڵاوی کردوەتەوەو بریتین لەمانەی خوارەوە:

١-"سێ هەنگاو بەرەو ئەودیو"، لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٣٤ی ڕۆژی ٣١/ تشرینی یەکەمی/ ١٩٧٠ دا بڵاوکراوەتەوە.

٢-"قوڵپی ڕشانەوەی ڕەش"، لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٢٣ی ڕۆژی ١٠/ تەمموزی/ ١٩٧١ دا بڵاوکراوەتەوە.

٣-"ڕۆژمێری خەواڵوییەکی شاری سەلجووقی"، لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٣٩ی ڕۆژی ٣٠/ تشرینی یەکەمی/ ١٩٧١ دا بڵاوکراوەتەوە.

٤-"بەشێک لەداستانی سواڵکەرە نەناسراوەکە"، لە گۆڤاری بەیان ژماە (١) ساڵی ١٩٧٢، لاپەڕە ٤٦ ٤٩ دا بڵاوکراوەتەوە.

٥-"زەرد، سوور، سەوز، شین" لەگۆڤاری بەیان ژمارە (٩) ساڵی ١٩٧٣، ل٢٥ دا بڵاوکراوەتەوە.

٦-بێ لەم چیرۆکانە، لە ڕۆژنامەی "هاوکاری"دا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ لەتیف حامیددا بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی (لەتیف حامید و شتەکانی سەردەمێکی کە) ئەم چاوپێکەوتنەش کاک ئەحمەد شاکەلی ئاردویەتی و لەژمارە ٣٤ ی ڕۆژی ٢٥/ ئەیلول/ ١٩٧١ ی ئەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە

٧-وتارێکی کاک لەتیف کە بەعەرەبی لەڕۆژنامەی التاخی-ی ڕۆژی ٦/١٠/١٩٧٠ دا لەژێر ناونیشانی "مستلزمات الثورة والتجدید فی الشعر الکردی المعاصر" بڵاوی کردبوەوەو بریتیە لە باسێک کاتی خۆی لەدیداری یەکەمی شیعری کوردیدا لە کەرکووک خوێندبویەوە، ئەو دیدارە لەڕۆژی ٣/٥/١٩٧٠ دا ساز کرا. ئەو وتارەم لەکاک لەتیف هەڵمەتی شاعیرەوە پێ گەیشت زۆر سوپاسی ئەکەم

٨-جگە لەمانەی بڵاوکراونەتەوە، کاک محەمەدی مەلا کەریم پێی ڕاگەیاندم کە لەتیف حامید چیرۆکێکی بۆ گۆڤاری تووتن- ناردبوو، بەڵام بڵاو نەکرایەوە و لەدواییشدا- وەک کاک محەمەد دەڵێت- ئەو چیرۆکە ون بوو و گەلێکیش بۆی گەڕابوو، بەڵام بەداخەوە بۆی نەدۆزرابوەوە.

بێ لەو هۆیانەی پێشتر باسم کردن، شتێکی دیکەش هانی دام بۆ نووسینی باسەکەم، ئەویش ئەوەیە کە کاک لەتیف یەکێکە لەو نووسەرە کەم و دەگمەنانەی ڕەخنەگر دەتوانێ بەئاسانی هێڵێکی فیکری بدۆزێتەوە کە نووسینەکانی بەیەکەوە دەبەستێ، بێ ئەوەی هیچ دژایەتیەک لەنێوان چیرۆکێک و یەکێکی تردا بدۆزێتەوە، ئەمەش بەبڕوای من لەسێ شتەوە هاتوە:

یەکەمیان: دەسەڵات و گەییوی و تێگەیشتنی لەتیف حامید لەهونەری چیرۆک.

دووەمیان: ڕۆشنبیریەکی قووڵ کە دەبێتە پاڵپشت و یاریدەدەری نووسینەکانی.

سێیەمیان: لەتیف حامید نووسەرێکی لێهاتوو زیرەک بوو، دەیزانی بۆ کێ‌ی دەنووسێ و چی‌ی دەنووسێ و بۆچی‌ی دەنووسێ.

لەم لاباسەوە، دێمەوە سەر باسەکەم و هەوڵ دەدەم ئێوەش لەگەڵ خۆمدا بۆ ئەو گەشتە بەلەزەتەی ناو دەریای هونەری کاک لەتیف بەرم. لە پێش هەموو شتێکدا هەوڵ دەدەین ئاکارو



ئەدگارە گشتییەکانی پاڵەوان لە چیرۆکەکانیدا دەس نیشان بکەین. ئەم ئەرکەش هەرچەندە بەرواڵەت گران دێت، بەڵام لە راستەقینەدا، زۆر ئاسانە چونکە وەک پێشتر گوتمان لەتیف حامید نووسەرێکی رۆشنبیرە. دەزانێت چی دەنووسێت. هەر لەبەر ئەمەشە کە چیرۆکەکانی سیماو نیشانە فیکرییەکەی خۆیان ون ناکەن. بەهەمان شێوەش پاڵەوانەکانی - یان لە راستەقینەدا پاڵەوانەکەی - ئاکارو ئەدگارە تایبەتییەکانی دەپارێزێ. بۆیە دەتوانم بڵێم ئەم پێنج چیرۆکە یەک چیرۆکن و پاڵەوانەکانیشیان هەریەکە. سەلماندنی ئەم بۆچوونە ئەم وەسفە بێ ئاریکی دژوار بێت. چیرۆکەکان خۆیان چرامان دەدەنە دەست و بەرچاومان رووناک دەکەنەوەو رێمان بۆ خۆش دەکەن بەرەو ئەو مەبەستە. هەروەها کاک لەتیف خۆیشی پارچەتییەکی جوانی لەم رووەوە دەدات. لەو چارپێکەوتنەی باسمان کرد، کە باسی پاڵەوان لە چیرۆکەکانی خۆیدا دەکات دەڵێت "تەنها پاڵەوانێکم هەیە، ئەویش وەکو سارتەر دەس نیشانی کردوە، مرۆڤێکی ئازادە. ژیانی لەکۆتایی یەوە دەست پێدەکات. جەنگاوەرە ئاگر بەربەداتە قوتاخەکان، ئەوەندە مەرگی کەسانی کەی لێ وای ئەهێوە دەیەوێ خۆی بڕێ بەخەد ئەوەی ئەیەوێ کەسانی کە سەرکەون. ئەم لەسەرکەوتنی خۆی بێزارە. ئەم منزارییە سەرچاوەی ئازایەتییەکی بێ پایانە. ئیمە ئەبێت بەمرۆڤ، مرۆڤێکی تر، مرۆڤێکی باشتر" کەواتە وەک وتمان - پاڵەوان لەهەر پێنج چیرۆکەکەدا یەک پاڵەوانە و ئەدگارەکانیشی هەریەکە.

بۆیە دەتوانین ئەدگارە تایبەتییەکانی پاڵەوانەکە و هێڵە سەرەکییەکانی چیرۆکەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە.

۱- پاڵەوانێکی یاخی ی کەشبینی نامۆ.

۲- خۆشەویستییەکی قووڵ و بێ سنووری خاک و نەتەوە.

۳- بێ ئاگایی و خامۆشی خەڵکی شارەکەی - کە جەڤەنگی نەتەوەکەیەتی - و بێ پەروایی هێندێ جار تاوانبارکردنی هەوڵ و کۆششەکانی و خۆبەرکردنی لەئاست ئەو ئێش و ئازارو ئەشکەنجانەی دووچاریان دەبێت کە ئەمەش هۆیەکی گرنگی هەست کردنێتی بەنامۆییەکەی.

٤- مرۆڤە نامێردەکان و پاساوڵە کەلبە درێژەکان لە جەڤەنگی زۆردارو داگیرکەرن.

بەڵام پێش ئەوەی پاش لەهەر کام لەم ئاکارانەوە بکەین بگەڕێینەوە سەرکاک لەتیف، بزانین خۆی چی دەڵێت و چۆن ئەم هێڵە سەرەکییانەمان بۆ دەست نیشان دەکات.

ئیمە گوتمان ئەم پاڵەوانەی لەتیف بزێوو یاخی و تۆڵەسەندەرە. جا با بزانین خۆیشی وادەڵێت یان نە؟ "لە سەرەتای ئازارو راچەنینی پاڵەوانەکەمەوە دەست پێ ئەکەم و ئەویش لەبریری خۆیا مۆڵەتی من نادات بەو رێگەیەدا ببەم کە بۆم کێشاوە، هەرتەم لە پێشمەوە بەرەو ئەو شوێنەی مەبەستییەتی ئەکێشێ ئەدات" دەربارەی نامۆیی پاڵەوانەکەشی دەڵێت وەک ئەوەی "سارتەر جۆن پەڕس" ئەیگێڕێتەوە "وام ئەزانی ئەگەڵ خەڵکا ئەژیم کاتێکم راستی زەوی بۆنێکی سەیر ئیتر ئەکاتەوە. ئەم جیهانە خەڵەفاوە، جیهانێکی پڕ لە بازرگانییە. چەن وڵاتێکی گەورە لە هەراج دایە. تا وەکو لەژێر قرچەی خۆرا مفروشرێن. گردۆڵکەکان قس

ئەکرێنەوە. وڵاتەکان لەنێو بۆنی گەلا ترخێکی هەرزانیان بۆ دائەنرێت. جامبازەکانی کڕین و فرۆشتن هاتن. چەن پیاوێک بوون لە دوورەوە هاتبوون، دەستکێشی پیسیان لەدەس کردبوو، بۆ ئەوەی زیاتر دڵ رەقی بنوێنن. دوایی هەموو دادپەروەرەکان هاتن، ئەوانەی وا پۆلیسی کۆنەکەنەوە. پاساوڵ ئەگرنە خۆیان، دوایی شەماشەکان هاتن. ئەوانەی هەڵبەی پایەی رابەری ئەکەن. بەم جۆرە لەنێوان بەشێوەکانا خەومان ئەبینی."

کە دێتە سەرباسی شارەکەی - کە گوتمان رەمزی نیشتمان و نەتەوەکەیەتی - بەم چەشنەی خوارەوە خۆشەویستییەکەی خۆی دەردەبڕێ "شارێکە خۆشەویستەکەمی تێدا لەدایک ئەبێت شارێکی بێ پاساوڵ و دیوارو شایە" لە دوایشدا کە دێتە سەرباسی ئەو ئێش و ئازارانەی ئاخی ئەهەژێنن و مێشکی جەنجاڵ ئەکەن بەم جۆرە باسیان لێوە دەکات: "من ئازارێکی قووڵم. کە بەناخی خۆما ئەچمە خوارەوە، هەست بەوە ناکەم کە بەتەنها خۆمم ئەوێت. کە شتێکی جیاوازە لەخەڵکی شارەکەم. بەڵکو مرۆڤایەتی هەڵئەبژێرم "هەموو کەسێک لەخۆیابوون و سەربەستییەکی تایبەتی ی هەیە لە رێگەی کردارەکانمەوە. ئەمە پۆختەی بیروراکانی لەتیف حامیدی نووسەرو رۆشنبیرە کە بەهیچ جۆرێک ناتوانێت هەرچەندە هەوڵیش بدەیت دێرێک یان رستەیەک بدۆزیتەوە لە چیرۆکەکانیدا دژیار پێچەوانەی ئەم بیروڕایانە بێت. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەشمان هەوارمان دەگوێزینەوە ناو گوڵستانی پڕ گوڵزارو سەوزایی چیرۆکەکانی و لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆیدا بەراوردیان دەکەین تا دەگەینە ئەو ئەنجامانەی پێشتر باسمان لێوەکرد.

چیرۆکی یەکەمی "سێ هەنگاو بەرەو ئەودیو" پاڵەوانەکەی بە بڕیاری کۆمەڵ شێتەو لە شێتخانە توند ئەکرێت. هەرچەندە ئەشزانێ وانییە. بەڵام بەرژەوەندیان لەوەدایە کە بەشێت ئەقەڵەم بدرێت "ئەو شێتە بۆچی بەرەڵا کراوە؟ خۆ شار بێ خاوەن نییە؟" کەواتە لێرەوە یەکەم نیشانەی ئەم پاڵەوانەمان بۆ روون دەبێتەوە. کە مرۆڤێکی سەرکەش و بزێوە و کۆمەڵەکەی لێی دەترسێ و ئایگرێتە خۆی و دەیەوێ لەکۆڵی بێتەوە بەهەر شێوەو هەچ رەنگایێک بێت.

لە چیرۆکی دووەمدا "رۆژمێری حەوانەوەکی شاری سەڵحوولی" هەمان پاڵەوانی بزێوو یاخی بەدی دەکەین لێرەدا بەشێتی لەقەڵەم نادرێ چونکە وادیارە یاخی بوونەکەی ئەوەندە کاریگەرە کۆمەڵی ورووژاندوە شێت خانە چارەسەری ناکات، بۆیە پەنا براوەتە بەر زیندان بۆ خەپ کردنی یەکجارەکی دەنگی ئەو رۆڵە ئازایە "گەورەم ئەمە ئەو یاخی یە بە سەرپێچی فرمانەکانی بەڕێزتانی ئەکرد، نۆ رۆژ لەمەو پێش شاری لێمان هاوردبوە کوڵ" پاڵەوانی چیرۆکی سێیەم "قولپی رشانەوەی رەش" هەمان ئاکاری هەیە. بەڵام کۆمەڵ لێرەدا رێگایەکی تازەی ئەگەڵدا گرتوەتەبەر، هەوڵی داوە بیگرێتە ئامێزو لەقسەی خۆش و هەڵخەڵەتێنەر لەرێی راستی لای بدات و لە خشتەی ببات. لە هەمان کاتیشدا سنوورو بەرپەستی بۆ دابنێت و لغاوی بگرێتە دەست "ئەوەندە بزێو مەبە. دوامان کەوە هێشتا ئۆرەی ئەوەت نەهاتوە پێش کەوی"

سواڵکەرە نەناسراوەکەی چیرۆکی چوارەم نموونەی پاڵەوانی زیرەکو یاخی و سەرکەشە و

بەتەواوی پێچەوانەی ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژی دەوەستێ و رەفتار دەکات. هۆی ئەم دژایەتییەش لەدوایی دا دێینەوە سەری "بەبۆنەی رۆژی سالی تازەوە شار رازاوەتەوە. لافتەکان خراونەتە روو، بە چوار دەورمان شەکیینەوە" کەواتە خەڵکی لەناهەنگدان. ئەی ئەم ئەچیدایە؟ هەگبەکەی بەشانیا دەداتەوەو زۆر بەشانازییەوە دەڵێت دەستم کردە سرینەوەی گۆڕیس" بۆیە دیسانەوە لێی دەپەرن و چوار دەوری دەگرن و کەلەبچە بۆمەچەکی دەکەن هەرکە کەرتەمری چوار دەورم گیراو بازنگیان بۆ مەچەکم برد" وەنەبێ تەنها بەم شێوەیە ریستنیان بێ دەنگی کەن. بەڵکو هەوڵی ئەوەشیان داوە هەڵی بخەڵەتێنن و بیکڕن. بەڵام ئەم سەرکەشە یاخییە بەهیچ جۆرێک "ئەکڕین نایەت". چەن جارێکیش بەتوندی دەستگیرو درۆ لەبەندیخانەیان توند کردوە "جارێکی کە بەتاوانی پەیوەندی کردنیا لەگەڵ تاوانبارێکی راکردوا بەند کراوە"

لەدوا چیرۆکدا "زەرد، سوور، سەوز، شین" وێنەی پاڵەوانێکی تێکۆشەر و خاوەن رابوردوییەکی خەباتگێرانەمان بۆ دەکێشێ "کە لە زانستگا بەیانەکەمانیان دراند، چاوت لێم بوو چۆن چۆکم پێیان دادا" بەڵام تووڵێیت ئەو کۆمەڵە هەروا بەئاسانی بەوە قایل بن و وازی لێ بێنن. ئەم چۆکیان پێ دادا؟ ئەخێر! ئەمجارەیان بەشێتخانەو بەندیخانە وازی لێ ناهێنن. هەرچەندە ئەو هەوڵەشیان داوە "لەو کاتەوە کە خۆم لەماڵتانا شاردبوەوە گەلێ شت رووی داوە". ئەمجارەیان بیرە بۆگەن و ئەمرنەی تاواندا ولاوەکەیان، رێیەکی بارەتری دۆزیوەتەوە بەڵکو بەو هۆیەوە چۆکی پێ دابدەن، ئەرێی راستی خۆی لای بدەن. هەوڵ دەدەن دڵخوازەکەی لێ بکەن "سەرم هەڵبڕی چاوم پێت کەوت. بەرەو پیرت هاتن و ویستیان لەمنت بکەن" ئەمەیان ئەدگاری یەکەمی پاڵەوانەکەی کاک لەتیف بوو - بزێوی و یاخی گەری - لەپاڵ ئەمانەشدا باسی نامۆیی کەسی چیرۆکەکانمان کرد. ئەوجا بابزانین ئەم قسەیەمان تاچەن بردەکات. بەڵام پێشتر دەبێ بپرسین مرۆڤ بۆچی و کەی لەکۆمەڵەکەیدا نامۆ دەبێت و هەست بەو تەنیاییە دەکات کە خاسیەتێکی زەقی نامۆییەکەیە. کاتێ کە مرۆڤی رووناکبیرو وردبین هەست بەکەم و کوڕی کۆمەڵ ئەکات و هۆیە راستەقینەکانی ئەدۆزێتەوە لەلای خۆیەوە هەوڵ ئەدات ئەوکەم و کوڕو کەلێنانە پڕ بکاتەوە. کاتێ کە کۆمەڵ بەتەواوی بێ ئاگا دەبێت لەو پیلانانەی بۆی دادەنرێت بەمەبەستی شێواندن و لەخشتەبردن و لەوتاندن. یان بەئاگایە بەڵام هیچ ئاگا یا هیچی بۆ ناکرێ - جا لە کەم دەسەڵاتی و ترسەوە بێ، یا لە پێناو بەرژەوەندی کاتیدا بێ، یا لەکەم هۆشی و ئەناستی رووداودا ئەبوونەوە بێ. یا بیش بەقسەی زل و دروشمی بریقەدار هەڵخەڵەتێنرابێ. یان هەر هۆیەکی دیکە. ئالەو کاتانەدا مرۆڤە هۆشمەندو رووناکبیرو وردبینەکان هەست بەنامۆیی و تەنیایی دەکەن. هەست دەکەن خەڵکەکە لەئاست رووداوەکاندا نین. بێ ئاگان. تەنانەت ئەمانیش تاوانبار دەکەن، جارێک لە شێتخانەیان توند دەکەن. جارێک لە زیندانیان قایم دەکەن. جارێک دەیانکوژن. جارێک دەانکوژن. جارێک دڵخوازو خۆشەویستیان لێ دەکەن. هەر جارەی شێوەیەک و هەرکاتەی رەنگایەک. بەڵام دەبێت لێرەدا راستییەکی جەوهەری هەیە لەبیرمان نەچێت. ئەویش ئەوەیە کە نامۆیی پاڵەوانەکە

دووره پــەرێزی و ئــەنجامێکی سروشــتیی خۆشەویستیە قووڵەکەی خاك و نەتەوەکەیەتی هەر لەبەر ئەمەشە کە دەبێتە هۆیەکی هاندەر و پاڵ پێوەنەری بەرەو بەدی کردنی ئاسۆیەکی نوێی گۆڕانو تازەکردنەوەی کۆمەڵگاکەی.

پاڵەوانی چیرۆکی یەکەمان هەست بەتەنهایی دەکــا کــە یەکــەم قۆنــاخی ئامۆییەکەیــەتی "لەناوەڕاستی شەقامەکەدا هەر خۆم بەدی ئەکەم" ئەم تەنهاییەشی لەوەوە هاتوە کە "لێرەدا هیچ شتێك لەجێی خۆیدا نیە، سەیری هەر لایەك ئەکەم شوێن دەستی ئەزانیو ویلی پێوە دیارە". نەکو هەر شتەکان بەڵکو کەسەکانیش "کەس لەبەرگی خۆیا نەبوو هەر لە بلقی ئاو ئەچوون، شارەکەم لەلا بلقێکی گەورە بوو" لەهەمان کاتیشدا، ئەم بێ پەروایيە ئەکوڵێ پێ دەداو ئەڵە پەیامە پیرۆزەکەی پەشیمانی دەکاتەوە "من ئیستە ژوورەکەمان بەشێوەیەکی تر ئەرازێنمەوە بەجۆرێك کە بگونجێ لەگەڵ ئارەزووماندا" کە دەچینە سەر چیرۆکیدووەم پاڵەوانەکە دەبینین زۆر بە قووڵی هەست بەنامۆییەکە دەکاو بەم شێوەیە بۆمانی روون دەکاتەوە "من هاووڵاتیەکی شاری سەلجووقم، هەست بەوە نکەم کە شتێکی جیاوازم لە خەڵکەکەی شێوەی هەلبزرکاوان کرووزە ئەخاتە دڵمەوە، کەچی ئەوان من ئاناسنەوە، راستی منیان لێ شاراوەتەوە، بەزۆرە ملێی خۆی نەبێت دالدەی شەوێکی نادەن، بەڵکو لەوەشەوە هاتوە کە ژیانی خۆیو خەڵکەکە لە بازنەیەکی داخراوی بێ سەرەتا و کۆتاییدا دەخولێتەوەو سەرچەم لەوژیانە دەکاتە شتێکی بێهودە و ئامانج "ئەمڕۆ وەك دوێنێ، دوێنێ وەك ئەمڕۆ" ئەوەی زیاتر ئازاری ئەم پاڵەوانە خەستتر دەکاتەوە ئەوەیە کە تەنانەت هاوڕێ کانیشی دەرکیان بەم بارە ناهەموارە نەکردوەو نهەستی پێ ناکەن چونکە وەکو ئەم وردبینو بەدیقەت نین "هاوڕێکانم وەکو من لە شت ورد نابنەوە هەست بە شپرزەیی ناکەن، وا خراوەتە دڵیانەوە کە شوێنەمە خۆشتر نابێت، رۆژ نیە بەزم و سەما نەگێڕن" ئەمەشمان بەلاوە سەیر نابێت کە دەزانین هاوڕێکانی خەو بە بەشێك لە ئاواتەکانیان دەزانن و بەهۆیەکی لەباری اکردن لە واقیعی دادەنێن "خەوبینین بەشێکە لە ئاواتەکانمان".

لە "قولپی ڕشانەوەی ڕەش"دا دیسانەوە هەمان وێنە دووبارە دەبێتەوە "ئەمانەی دەوری هەموو خێ خەوتوون" و پەروا و ئاگا لە پیلانی دوژمنو "بێ سەرو شوێن دەشتیان داوەتە بەر، نازانێ بەرەو کوێ مل دەنێن" ئەم بارە خامۆشیەو بێ پەروایيە خەڵکەکە ئاگر لە دەروونیا دەکاتەوە، نە ئەوەیە بتوانێ خۆی لێیان دابڕێ چونکە ئەمە پێچەوانەی بڕوا و ئاواتەکانیەتی، نە لەوەشە ئەو لێشاوە بەربەست بکا، لەبەر ئەوەی ئەمەشیان لەتوانای تاقە کەسێکدا نیە "مردنی ئەمانە گڕ بەرئەداتە دڵی، ناتوانێ خۆی لێیان دابڕێ، ئەم لێشاوە لێخنەیشی پێ بەربەست ناکرێ". ئەم پاڵەوانەش وەك ئەوانی دی تەنهایە "وا بەتەنها کەوتە ڕێ لەم ژیانە شێواوەدا". خەڵکەکەش بەهەمان دەستوور لەبەرزەو رەزمی خۆیان دانو "مۆڵەتی ئەم نادەن بێتە دوو" و پەیتا پەیتا بە بەر گوێدا دەدەن "نۆرەت نەهاتوە ددان بەخۆتا بگرە"

سواڵکەرە نەناسراوەکەش هەست بەتەنهایی دەکات لەناو کۆمەڵێکی خەواڵووی خەو خۆشدا کە وەك "شێرە کوللەی لاق شکاو" یانزڵ هاتوەو "لەژێر سێبەری درەختێکا خەرێکی خۆشیان" لێ کەوتوە، بێ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە "خەوی ژێر سوورە چناری چەماوە" رۆژێکی لەتەمەنیان کەل کردوە، کەچی هێشتا بای ئەوەیان پێیە رێ لەم بگرن و نەهێڵن بەکامی دڵی خۆی بەستەیەك بڵێت "لە توانامدا نیە پڕ بە دڵی خۆم بەستەیەك بڵێم"

لە چیرۆکی "زەرد، سوور، سەوز، شین"دا پاڵەوان خاوەنی هەمان ئاکارەو بەهیچ شێوەیەك لە پاڵەوانەکانی تر جیا ناکرێتەوە، بە هەمان ڕێو شوێن پاڵەوانێکی ئامۆی گەل و یستو خاك پەرستە لەناو کۆمەڵێکی بێ ئاگاو خامۆشدا، هەموو شتێك گۆڕاوەو کەس کەس ئاناسێتەوە، تەنانەت لەشارەکەی خۆشیا وەك ئابەڵەد و ئامۆی لێ هاتبوو "کەلە گەشتەکەم گەڕامەوە هیچ شتێك وەکو خۆی نەما بوو شەقامەکان بەتەواوی ئاناسیمەوە هاوڕێ کانم شێوەیان شێوابوو، بەنابەڵەدی ئەسوڕامەوە" خەڵك دەوروبەری لەوە ئەچێت لە "خەرێکی خۆش" دابن، لەبەر ئەمەیە بەدڵدارەکەی دەڵێت "ئەم کوێرە شایستەی ئەوە نەبوو من و تۆ یادی خۆمانی تیا جێ بهێڵین".

ئەمەی ئێستا بسمان کرد نیشانەی یەکەم و دووەمی پاڵەوانەکان یا لەراستیدا پاڵەوانەکەی کاك لەتیف بوو، لێرە بەدوا دەچینە سەر نەدگاری سێیەم کە گوتمان بریتیە لە خۆشەویستیەکی بێ سنووری خاك و نەتەوە، ئەم راستیەشمن لەگشت دێڕێکی چیرۆکەکاندا بۆ دەردەکەوێ پێش ئەوەی نموونە بخەینە پێش چاو خوێنەری بەڕێز پێویستە ئەوە بڵێین کە ئامۆی پاڵەوانەکە باشترین بەڵگەی ئەم خۆشەویستیەیە کە باسی دەکەین، ئەی ئەگەر وانەبێت بۆ ئەوەندە بیر لە ئازارو دواکەوتویی کۆمەڵەکەی دەکاتەوە، چۆنە واهەست بەمارات و خەونەکانیان دەکات، لە پێناو کام بەرژەوەندی خۆیدا هەوڵ دەدات چارە سەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە و تووشی جۆرەها ئازارو سەرکوت کردن بێ چیرۆکەکانیش پڕن لە بەڵگە، لەچیرۆکی یەکەمدا پاڵەوانەکە دەڵێت: "لێرەدا هیچ شتێك لەجێی خۆیدا نیە، سەیری هەر لایەك ئەکەم شوێن دەستی ئەزانیو ویلی پێوە دیارە"، بەڵام وەنەبێ لە ئاست ئەم بارە ناهەموارەدا دەستەو سان بوەستێ. کە دەبینێ هیچ شتێك لە جێی خۆیدا نەماوە، یەکسەر بڕیار دەدات "من ئیستە ژوورەکەمان بەشێوەیەکی کە ئەرازێنمەوە"، بەڵام چۆنی دەرازێنێتەوە؟ وەك خۆی دەیەوێ، کەواتە دەبێت وەك تاك-ێك بیر بکاتەوە و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لەبەر چاو بگرێ' کە ئەمەش پێچەوانەی رەوشتی ئەوە، چونکە ئەو دەوری ژوورەکەی یان شارەکەی یا وڵاتەکەی- "بەجۆرێك کە بگونجێ لەگەڵ ئارەزووماندا" برازێنێتەوە

خواڵووەکەی شاری سەلجووق، شەیدای شارو خەڵکەکەیەتی کە رەمزی نیشتمان و نەتەوەکەین، لە هەموو چیرۆکەکانا "شار" و "خەڵك" بەم واتایە و بۆ ئەم مەبەستە وەك جەفەنگ بەکار هێنراون "من هاوڵاتیەکی شاری سەلجوقم ناسناوەکەم ئەم شارەی پێوەیە، خۆشەویستی خاکەکەی نەخشەیەکی تووڕەی بۆ هەنگاوەکانم کێشاوە، کلەی ئاگرەکەی لەپەڕەی تەمەنمەوە ئالاوە، رەنگە هەڵقرچاوەکەی ئاوازێکی ترجیدی بەخشیوە بە گۆرانیەکانم. من هاووڵاتەکی شاری سەلجوم، هەست بەوە ناکەم کە شتێکی جیاوازم لە خەڵکەکەی شێوەی هەڵبزرکاویان کرووزە ئەخاتە دڵمەوە". ئەم خۆشەویستەی ئەوەندە قووڵ و رەگ داکوتاوە، بەلایەوە مەبەست نیە ئەگەر خۆیشی بفەوتێ، تەنها مەبەستو ئامانجی ئەوەیە پەیامە پیرۆزەکەی رابگەیێنێ، بۆیە داوا لە خەڵقی شارەکەی دەکات: "پێی خۆیان دابگرن.. نەخشەی شاری سەلجووق ئەدۆڕێنن". لە "قولی ڕشانەوەی ڕەش"دا، نەخشەی هەمان مرۆڤی گەل ویستو خاك پەرستمان بۆ دەکێشێ. کە خەڵکی شارەکەی گیرۆدەی دەستی ئەو دەتا پیسە دەبنو وەك "خێڵی هەجیجیان" لێ دێ "وبێ سەرو شوێن" دەشت دەدەنە بەرو نازانن "بەرەو کوێ مل ئەنێن" کسپە لە دەروونیەوە هەڵدەسێو وەك رۆڵەیەکیبە ئەمەکی ئەو کۆمەڵە خۆی لێیان دانابڕێ هەر چەندە بە مردوشیان دەزانێ "مردنی ئەمانە گڕ بەر ئەداتە دڵی، ناتوانێ خۆی لێیان دابڕێ"، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمیش وەك ئەوان "ژەنگی چەند ساڵەی دیوەخان لەکەڵکی خستبو" لێشاوەکەی پێ بەربەست نەدەکرا، هەروەها هێزی دوژمنیش زۆر و بەتواناو دەسەڵاتن، بۆیە "لەرێکی بەگژا چوونمان نەبوو"، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەر بڕیار دەدات شتێك بکاتو لەئاست رووداوەکاندا بێ هەڵوێستو بێ دەسەڵات رانەوەستێ "ئەبێ هەر بێمە دەست". ئەم هاتنە دەستەتی لەبەر خۆی نە، چونکە کە خۆیشی وەك ئەو خەڵکە ژەنگی هەڵهێنابێ و لە ڕێکی بەگژا چوونی زۆرداراندا نەمابێ، ئەی ئەوەکانی داهاتوو کە هەمان مەترسی هەڕەشەیان لێدەکاو رەنگە تووشی ئەو هەڵدێرەی ئەمان بێ، دەبێ چی بکەن؟

لەبەر ئەمە دێتە دەست، لە پێناو کۆمەڵ و رەچەکانی دوای خۆی "بەڵام با نیشانەیەك جێ بهێڵێ، لەمە بەولاوە هیچی تری بۆ ناکرێ، کۆمەڵەکەی دواوە با بەبۆنی کەلاك نەکەون". ئەوە تەنها شتێکی پێی بکرێو گرنگترین شتیشە. سواڵکەرە نەناسراوەکە، لە سەرەتادا وامان تێدەگەیەنێ کە بەهار دوورەو هەروا بەئاسانی چاومان بەگوڵاڵە سوورەو نێرگزی لاپاڵی شاخەکان و پانایی دەشتەکان زاخاو نادەین، چونکە ئەو راستیيانەی ئەو دەیزانێت، خەڵکەکەی لێ بێئاگان ئەوان باوەڕیان وایە کە "اشا چاوی زۆر بڕ ئەکاتو جەنگاوەرە" لە کاتێکدا ئەم باشتری دەناسێو دەزانێ کە چاوەکانی پاشا "بەرپێی خۆی پێ نابینێ" و جەنگاوەریش نیە بەڵکو مرۆڤێکی بەزیوە. بۆیە کە پێش بینییەکانی دێنەدیو پاشا لەناو دەچێت ئەوسا هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵدەکێشێو پڕ بەدەم هاوار دەکات: دەمار نزیکە خۆشەویستیەکەشی لە سنووری چاوەڕوانی کوژرانی پاشادا ناوەستێ، بەڵکو هەوڵ دەدات خەڵکەکەش لەگەڵ خۆیدا فێری بەستەی تێکۆشان و نەبەزین بکات. کە منداڵانی دێ "بەیەك دەنگ هاواریان ئەکرد "خەنجەری کاکەم دوو دەمە" ئەم بیری موەدەکردەوە قسەیەکی لەوە خۆشتر بخەمە سەرزاریان" و لەکاروانیش دانەبڕێ "ئەم خۆشتی بخەمە سەرزاریان" و لە کاروانیش داشەبڕێ "ئەم ئەتوانی لە کاروان دابڕێم" بەهیوای ئەوەی دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێو ئەوەی دەیەوێو دەیزانێ باشە بیکات "پڕ بەدڵی خۆم بەستەیەك بڵێم"، بەڵام لەدواییدا بێزار دەبێت، ئەوان لە پرخەی خەوێکی خۆشدان، ئەو خەوەش ژیانیان کەل دەکات، بۆیە بڕیار دەدات خۆیلەڕیزەکەیان بکشێنێتەوە "لەژێر سێبەری درەختێکا خەوێکی خۆشیان لێ نەکەوت، کە چاوان ئەکردەوە خۆیان

لە بەهەشتێکی خۆش ئەبینی " "بەگورجی خۆم لە ریزەکەیان کشانەوە". چونکە باش دەزانێت ئەو بەهەشتەی ئەمان دۆزەخی راستەقینەیەو بەهەشتیش بەخەون نایێتەدی، بەڵکو بەخەباتی بێوچان بنیات دەنرێ، بەدۆزینەوەی رێگەیەکی تازە نەک تەنها بۆ ژیان بەڵکو بۆ مردنیش "باوکم لەسەرەمەرگا ووتی جوامێر. رۆڵە تۆ رێگەی من مەگرە، ئازا ئەو کەسەیە رێگەیەکی تازە ئەدۆزێتەوە بۆ ژیان و مردنی خۆی".

لە "زەرد، سوور، سەوز، شین" دا ئەم خۆشەویستیەی باسی لێوە دەکەین، خەستتر و قووڵتر بەرجەستەتر دەبێت وخۆی دەنوێنێ، لێرەدا کۆمەڵ لە ئاکدا کۆکراوەتەوە و ناوی دڵدارو خۆشەویستی لێ نراوە. خۆشەویست لەم چیرۆکەدا وەکو ئەوانی دی، زۆر هەڵدێرو کەندەلانی لەبەردەمدا ئامادە کراوە و کوێرەرێی بۆ ساز دراوە بەمەبەستی لە خشتە بردن. سەرەتا لەبەر ئەوەی باش لەدڵداری نەگەیشتوە، ئەترسێت "لەشت وەک شەختە ساردبوو، وادیار بوو لە دڵداری نەگەیشتبووی" لەهەمان کاتیشدا ناتوانێ لە قسەی باوکی دەرچێت "ئەو رۆژەی لەوا بریارتدا ووتت. ئەگەر رانەکەم باوکم شار بەدەرم ئەکات" جا لەم لەدڵداری نەگەیشتنەو مل کەچیەی بۆ باوکی، کە لێرەدا چەقەنگی بیری کۆمەڵای لێدەکات بگاتە رادەی ئەوەی خۆشەویستیەکەی و خۆیشی بدۆڕێنێت "هاوینی ساڵی شەست و شەش بیستم کە خۆشەویستەکەت لێڕاندوە" هەرچەندە لەوەپێشیش دەیگوت "من پێ چەوت دانانێم. خۆشەویستی تۆ بەماڵی دونیا ناگۆڕمەوە. دڵی ناحەز خۆش ناکەم"، بەڵام دڵی ناحەزی خۆش کردو خۆی دۆڕاند. ئەم خۆدۆڕاندنەش باوکی جارەکی بوو لەبەر دوومۆ:

یەکەمیان: چونکە مرۆڤێکی رەسەن و دەروون پاکە تەنها لە ئونکلدا گۆڕاوە و ناواخنی هەر بەپاکی ماوەتەوە

دوومیان: ئەم وەک مرۆڤێکی هەڵگری میانی ئەڤینی راستەقینە لە هەوڵی بێ وچانی خۆی ناکەوێت تا دەیهێنێتەوە سەر رێی راست. و لە هەڵەکەی پێشووی پەشیمانی دەکاتەوە "وابزانم تازە خەریکی لە قسەکانم ئەگەیت، لێوی دوێنێ ئەکروژێت" ئیتر دوای ئەوە دەکەوێتە پەلەقاژەی رزگاربوون "هەستم کرد کە لە قووڵایی شەوێکی رەنگاو رەنگا پەلە قاژەی رزگار بوون ئەکەیت". کە رزگاریشی دەبێت بەم جۆرە دەگێڕێ "رق رەشەبای لە دەروونتا هەڵکرد، بروسکەی خستە لەشتەوە، هەڵسایتەوە، هەڵسایتە سەرپێ" و "پێش ئەوەی کابرا لۆق درێژەکە بگاتە لامان دەستت داو دەستم ووتت: با بڕۆین"

ئانیرە، ئەوەی باسمان کرد ئەدگارە تایبەتیەکانی پاڵەوان بوو لە چیرۆکەکانی لەتیف حامیدا وەکو بینیشمان پاڵەوانێکی ئاموێی یاخیی کۆڵنەدەر، هەمیشە خەمێکی گەورە لە دەروونیا گێنگڵ دەدات و خۆشەویستیەکی مەزن لەگەڵ خوێنیا بە دەمارەکانی لەشیا دێت و دەچێت، بەردەوام بیر لە دۆزینەوەی هۆیە راستەقینەکانی ئالەباری و شێواوی ژیان و چارەسەرکردنیان دەکاتەوە بەڵام تۆ بڵێیت هەروا بە ئاسانی کارەکەی بۆ هەیسەر ببێت و رێی بۆ گوڵ رێژ کرابێت؟

لەهەموو کات و شوێنێکدا، لەگشت بارو دۆخێکدا ئەو جۆرە مرۆڤانە لەباتی رێگەی گوڵ پۆش، بەرێگەی ئەشکەنجەو ئازاردا دەچن، رێگەی بەمرۆڤە ئامێرەکان تەنراو بزمار رێژ کراو، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا فوارەی خوێنی دڵی ئەڤینداریان بەلە گوڵە سوورەی رێ رۆشن کەرەوەن، گشت برینێک گوڕێکی تازەیان دەداتێ، بەڵام هەموو کۆت و زنجیرەکانی ئەم دونیا پڕ زۆرداریە لە بەرای پۆڵاینیان کەل ناکات و لەپەیامی پیرۆزی خۆیان پەشیمانیان ناکاتەوە، پەیامی هێنانە دی ی "شارێکی بێ یاساوڵو دیوار و شا" وەک لەتیف خۆی دەڵێت. لێرە بەدوا دەچینە سەرباسی دەعبا کەڵبە درێژەکان، یاساوڵەکان، کابرای لۆق درێژ، شاروخ شا، هتد ئەو رەمزانەی بەکاری هێناون بۆ هێزی زۆردار و خاوەن دەسەڵات و داگیرکەر، لە چیرۆکی یەکەمدا، هەرچەن دەکەن ئەم پاڵەوانە سەرکەشە یاخیان بۆ بەربەست ناکرێ، ناچار پەنا دەبەنە بەر رێگایەکی چەپەڵی وەک خۆیان: بەشێت لەقەڵەمی دەدەن و لەشێتخانەی توند دەکەن، تاکو لەژێر چاودێری خۆیاندا بێت و لێی خالی ئەبن، پێشتریش هەمان شتی بەرانبەر کراوە "ئەمە یەکەمجارم نیە ک لەخرێمە ژێر چاودێریەوە.. کە بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆم ئەخشەی ژیانم ئکێشن" بەڵام ئەم هەر لە کۆششی خۆی ناکەوێ و بڕیار دەدات ژوورەکەی وڵاتەکەی- بەئارەزووی خۆی برازێنێتەوە و بەگر مەرگەوەریش لە حەپە بخات "من ئیستە ژوورەکەمان بەشێوەیەکی کە ئەڕازێنمەوە بە جۆرێک کە بگونجێ لەگەڵ ئارەزوماندا.. بەڵام باجارێ ئەو بەگر مەرگەوەرە لە حەپە بخەم"

خەوالوەکەی شاری سەلجووق چەندەها هێزی ناحەز و دژ رێی لێ دەگرن و دوای ئەوەی گشت شێوەکانی لە ناو بردنیان تاقی کردەوەو سەرکەوتنیان وەدەس نەهێنا. پەنا دەبەنە بەر لەخشتە بردن و هەڵخەڵەتاندن "رێگەیەکی تری لەگەڵ ئەگرن باجارێ ئاشتی کەینەوە" کە ئەمەش دادیان نادا، ئەوسا دەگەڕێنەوە سەر شێوە کلاسیکیەکەی گشت زۆردارانی جیهان یاساوڵ- "ئەمرۆ خۆم کرد بە چایخانەیەکدا، لە سەر تەختێک خۆم راکێشان. کە چاوم چوە خەو دوو یاساوڵ لەبەر دەممدا چەقین"، داریش پواژی لەخۆی ئەبێ ناقڵەیشێ، بۆیە ئەمیش بەدڵێکی شکاو و پڕ ئازارەوە دەڵێت: "یەکێکیانم ئەناسەوە. خەڵکی یەک گەڕەک بووین" ئیتر بەرەو زیندانی ژمارە -١٢- بەڕێ دەکرێت و بێ ئاوونیشان تێیدا قایم دەکرێت و شوێنەواریشی نامێنێ.

لە "قولپی رشانەوەی رەش"دا تەنها لایێک یان کەسێک نیە وەکو رەمزی زۆردارو چەوسێنەر بەکار هێنرابێ، بەڵکو کۆمەڵێک هێماو جەفەنگ بۆ ئەم مەبەستە دانراوە

یەکەمیان: پەتای لارەشەیە کە هەرەشەیەکی گەورە لە خەڵکی شار دەکات و رۆژ لەمرۆڤایەتیان دەخات "پەتاییکی پیس کەوتبوە شارەوە، لارەشە هەتا ئەهات تری بەخەڵکەکە ئەدا، یەک لەدوای یەک خۆیان ئەدا بە دەستەوە. لە لیستەیەکی تایبەتی دا تۆمار ئەکران" وەک هەرشتێکی دیکە تۆمار دەکرێت

دووەمیان: "شاروخ شا" یەکە "رۆژ لەدوای رۆژ ددانی تیژتر ئەبوو، بەخەرمان دزی بۆ دانیشتوان هەڵ ئەڕشت"

سێیەمیان: "مالوەکەی" لەسەر خۆیانە، کە هەرچەندە دەوری زۆرداری پێ ئەسپێرراوە، بەڵام کارەکەی ئەمیش کە هەوڵ ئەدا پاڵەوانەکە لە کۆششی پیرۆزی خۆی سارد بکاتەوە و چاو بەستەکێ ی لەگەڵدا بکات. لەناکامدا لەگەڵ هێنەکەی ئەواندا یەک دەگرنەوە ("یەکەم جار خۆی بەمالووەکەیان ناسی، لێی وردبووەوە. دەستی داو پشتیار پرژی ووت "ئەوەندە بزێو مەبە.. دواسان کەوە هێشتا نۆرەی ئەوەت نەهاتوە پێش کەوێ").

بەڵام ئەم بەم قسانە هەڵناخەڵەتێ و واز لە هەوڵی بێ وچانی خۆی ناهێنێ و بڕیار دەدات بکەوێتە رێ بەرەو بەدی هێنانی ئاواتەکانی گەل و نیشتمانەکەی، هەرچەندە رێگەش بەهەزاران مرۆڤە دەعباکان تەنراوە و دەیانەوێ لەناوی بەرن و شوێنەواری بسڕنەوە "رێگە تەنرابوو بە دەعبا کەڵبە درێژەکان، کە قەستیان ئەکرد بە کەڵبە تۆزیکی جگەری هەڵبڕن" ئەمانە هەموو دەزانێت و حیسابی خۆی بۆکردن، بەڵام ئەوەی ئازاری گیانی دەدات ئەوەیە ئەم مرۆڤە دەعبایانە بەم ئامۆ ئەبوون "ئەیتوانی بە ئاسانی شێوەیان بکاتەوە، زۆریانی لەچیکێکی چیرۆکەکەی باوکیدا خوێندبۆوە".

سوالکەرە ئەناسراوەکە باوکێکی هۆشیار و دووربینی هەیە و لەسەرە مەرگدا ئامۆژگای ئەوەی رێگەیەکی تازە بدۆزێتەوە بۆ ژیان و مردنی خۆی و لاسایی شێوەی ژیان و تەنانەت مردنی ئەمیش نەکاتەوە "باوکم لەسەرە مەرگا ووتی جوامێر. رۆڵە تۆ رێگەی من مەگرە، ئازا ئەو کەسەیە رێگەیەکی تازە ئەدۆزێتەوە بۆ ژیان و مردنی خۆی" بەڵام تۆ بڵێیت دەعبا کەڵبە درێژەکان هەروا بەئاسانی لێی گەڕێن چۆنی ئەوێ وابژی و چۆنیش هەڵدەبژێرێ وا بمرێ؟! لەسەرەتادا هەوڵ دەدەن بیکڕن بەڵام "لەکڕین نایەت". دوای ئەوە ئاوانی دزی بۆ ریز دەکەن "جارێکی کە بە تاوانی پەیوەندەی کردنیا لەگەڵ ئاونبارێکی راکردودا بەند کراوە" لەپاشاندا هەر یاساوڵە ددانی لێ جیڕ دەکاتەوەو بەدوای بەهانەیەکدا دەگەڕێن تا لە بەندیخانەی قایم کەن "یاساوڵێکی گەوج ددانم لێ ئەسوێ. چەکمە لەپێیەکی دڕ پێم پێ ئەکەنێ". تالەدوایدا پێش ئەوەی هەنگاو بنێ و ملی ێ بگرێ چوار دەوری دەگرن و کەلەبچەی لەمەچەک توند دەکەن "هەر کە کەوتمەرێ چوار دەورم گیراو بازنگیان بۆ مەچەکم کرد"

لە چیرۆکی "زەرد، سوور، سەوز، شین"دا هەمان کۆسپ و ئەگەرەو مرۆڤە ئامێرەکان دووبارە دەبنەوە، بەڵام لەم چیرۆکەدا یەک کەس کراوە بە جەفەنگی ناوەندی هێزی زۆردار کە مرۆڤە لاق درێژەکەیە و بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات بیترسێنێ "هەرچەند لێی ورد ئەبمەوە ئەبینم بەو سێ شاخەی کەلێی رواوە هەڕەشەم لێ ئەکات". بەوەش وازی لێ ناهێنێ. بەڵکو هەوڵ دەدات دڵدارەکەشی لێبکات کە لێرەدا دەشێ رەمزی خاک یانەتەوە یا بیرو باوەڕێت ئەم هەوڵەشی لە قۆناغێکدا سەر دەگرێ "هاوینی ساڵی شەست و شەش ئەنجامی هەوڵ و کۆششی بێ وچانی ئەم ورنە ورنە لەدڵداری دەکات "وابزانم تازە خەریکی لە قسەکانم ئەگەیت". بۆیە لە هەڵوێستی پێشووی پەشیمان دەبێتەوە "لێوی دوێنێ ئەکروژێت". چیتر ئەهەڕەشەی کابرای لۆق درێژ، نە قسەکانی باوکی، ئەو هەڵەیەی پێ دووبارە ناکەنەوەو بڕیاری خۆی دەدات "رق رەشەبای لەدەروونتا هەڵکرد، بروسکەی خستە لەشتەوەو هەڵسایتە سەرپێ" و "پێش ئەوەی کابرا لۆق درێژەکە بگاتە لامان دەستت دایە دەستم ووتت: بابڕۆین"

دووبارە، لە کۆتاییدا دەڵێمەوە، ئەگەر ئەم نووسینەم لە تیف حامیدی هێنابێتەوە بیر ئەدیب و ئەدەب دۆستان و لەدواییشدا بیێتە هاندەرێک بۆ کۆ کردنەوەو لەچاپ دانی بەرهەمەکانی، ئەوسا هەست دەکەم رەنج و ماندوو بوونەکەم لەجێی خۆیاندا بوون و زۆر بەختیار و سەربەرزیش دەبم

رسالة من صديقى الاديب احمد شاكەلى

دێنه :

استاذى المحترم.

تحية. حب عصافير جديدة

قصة لادجار الن پو تشغلنى فى الوقت الحاضر وهى بعنوان القط الأسود واعتبر هذا الكتاب فاتح اول باب على هذا العالم الذى لازال الادب يخل منه. خطواتك الثلاثة الى الجانب الاخر كانت رائعة. بعيدة عن التكلف "كاشفة للمستشفيات المجانية" لماذا لاتكتب؟ اتمنى لوتكتب بحثاً عن القصة الكردية. وهذا امر فى غاية البساطة بالنسبة اليك، ثم انها فى غاية الاهمية. تحية الى HILMAT الم يحصل على عمل؟ كلما التقى به فى بغداد اراه كعصفور بلله المطر. يهرب من مقهى الى مقهى خلف الاسماء المعلقة بالاذاعة و الصحافة. واحيانا يأخذ دور المختار- كويخا- سابقا رحمه الله.

الازلت مساهما فى الصمت المحيط باتحاد الادباء؟ هل انتميت اليها؟ انا الان فى ديبنه- ساعود الى بغداد غداً لااكتب. لا انشر. ولا افكر فى الكتابة فى الوقت الحاضر كتبت فصلين من قصه حول عملية ليليه. لكننى لم اجرؤ على انهائها، العسكرية حطمت اصابعى. واطفات الكثير من توهجى. انتظر رسالة منك الى بغداد- وزارة الدفاع- دائرة المشاور العدلى- ج. م. ك احمد محمد الشاكلى. الحياة فى كراجات بغداد. جحيم لايطاق كما تقول عالية ممدوح فى استعراضها للحياة الثقافية. وبالنسبة لى اعيش الافلاسا مستمراً. جوع دائم. احياناً اذهب الى الحاج زبا له (صمونه+ جبن+ شربت- ٤٥ فلسا) وهذا اضعف الايمان.

(روانگه) ماهى؟ كيف هى؟ اليست عنتريات ماقتلت ذبابه؟ الم تضحك كثيراً (ئازاوەیەو دلداری) على كل حال يعجبنى جداً ان اعرف اخبارك! والمبرر الوحيد لكتابة هذه الرسالة بلانفاق هو الراحة القليلة التى حصلت عليها هنا فى قريتى مما اتاح لى كتابتها.

تلميذك المخلص

جواب الرسالة

نيسان ١٩٧١

اخى الاعز كاك احمد

تحية عصافير تموت على سعفين- مع الاعتذار لمحمود درويش.

من حسن حظك انك تملك قصة ماتشغلك.. ان مايشغلنى هو التفكير بمرارة مع ابطال القصة التى تعيشها مدينتى وسط قطعان الدببة القطبية التى لاتميز بين ليلها و نهارها. اكاد استسلم لليأس من كل شئ وحتى الكتابة اراها مفرغة من كل محتوى نضالى. وحتى المناداة بالتجديد اضحت تجارة جديدة رابحة وسط سماسرة سوق الهرج لمن يجيد فن التمثيل و الصراخ؟

احيانا القى وجهى فى شوارع اللحظات اللاهثة كرقصات دجال شهيد نشالا وسيما يجتاز اقواس الرجم المقامة وسط شوارع مدينتى. اصافح وجهى عرافا يخدر بافيون اللغة السقيمة سماسرة الخيول الاصلية فى الجزء الشمالى من العالم

و احيانا يكون الصمت بالنسبة لى اللغة المعبرة عن رفض لقبول التقولبات المشينه لوجودى الحر كتقولب السوائل داخل الأواني المستطرقه



الناس فى بلادي. كما يقول القبانى (يؤخذون بالأحمر الفاتح) ويغدون شهداء فوق حلبة المصارعة من اجل تسجيل نصر جديد على انفسهم. واذا كانت الحياة فى كراجات بغداد جحيما لايطاق فهى فى اسطبلات مدينتى وادعة امينة تزخر بالاجترار و السهيل و "روانگه" فى نظرى حملة عسكرية فاشلة لغز و القلعة التى يحتمى فيها الفرسان الاثنى عشر الذين مازا لوايقاومون العطش. وفى الأونة الاخيرة شهدت احدى ضواحى مدينتى حملة محمومة مشابهة للصوصية و السطو. وقد عجز رجال البوليس لحد الآن عن العثور على اى اثر لهم

ومن القى القبض عليهم لم يكونوا يحملون معهم هوياتهم الحقيقية لأن هناك من يمتهن تزوير جوازات السفر ايضا لقد قرات "ئازاوەیەو دلداری" حاولت ان اضحك ولكن وجدت نفسى اغرق فى بكاء مرير.. وهل فى وسع من يعود من المبارات مجرجراً وراءه رجلاً كسيراً غير البكاء؟! القنبلة التى قدر لها ان تنسف لم تكن تحتوى على عناصر التفجير لخطاء نحوى لم يقره سيبويه والجازه ابو على الفارسى و خالفهما الا خفش والله اعلم. واكنها مع ذلك كانت لاتختلف عن اية قنبلة حقيقية اخرى ترهب و تبعث الذعر فى نفوس الجبناء لايرا ودنى اى شك فى انك اديب لايميت بصلة للاخرين وبانك جندى مدرب يستبدل يمناه بيسراه على خلاف ايقاعات المارش الناعق كاسراب البوم. وبانك مدمن خبير لايستمر على تناول نوع واحد من المشروبات وفى هذا يكمن سر قوتك.

(التقولب.. الجمود.. الأطمئنان) عفريت مثلث الخرطوم يمتص منا رحيق الأبداع ولذلك فانا واثق من انك ستواجهنا يوما ما بوجه اخر اكثر تعبيرا عن اصالتك. واتحادنا العملاق جاء ليبنى حزيما جديداً ذاقبتين مذهبتين للمرحوم الخالد الذكر (خدر زنه) اخذ الله بايديهم وايدينا جميعا امين

هەلمەت عامل ماهر يعمل فى المنجم ليل نهار باجور يوميه زهيدة لاتعدو امتصاص ركامات الصدا و الزرنيخ انه الآن امامى يطيح بمعوله فى الهواء ويهوى به على الجذوع المنخورة وهو يخصك بالسلام وفى نيته ان يطالب احدى الشخصيات الرسمية الكردية الكبار بالعمل بأن يرسل اليه مع رسالة احدى روائعه الجديدة.

قبل شهرين كتبت قصة جديدة (فصل من قصة الشحاذ المجهول) وهى الآن عند جلال كريم على امل نشرها فى ولادة جديدة لمجلة (البيان) الغراء حفظها الله من كل مكروه.

وتختمر فى ذهني الآن خيوط عملين اخرين ارجو ان لايعسر بى المخاض وان تسمح لى فرصة مواتية للوضع واذا كانت (العسكرية قد حطمت اصابعك واطفات الكثير من توهجك) فان التدريس ليلا ونهاراً فى المدارس والتفلسف والتهريج فى دورات اللغة الكردية قد حولنى الى جهاز تسجيل گروندیك T. K. 21 السعر ٤٧ دينار كلمات صريحة:

١-لم اتعلم النفاق لحد الآن ولا ادرى اهو لسؤ الحظ ام لى

٢-الى الآن لا اعتبر نفسى كاتباً او اديباً وحتى قارئا جيداً بالصورة التى يريدها سار تر مثلاً.

٣-احبك كثيراً واحب اسلوب ممارستك للعبة الحياة.

٤-انت مثقف وقارئ جيد وقصصى اذا دخلت دورة خاصة للتمثيل.

٥-التقد قريك وارائك. ارجو ان توفر علينا شيئا من الانتظار

٦-صدرالدين معى فى نفس المدرسة ويخصك بالسلام.

٧- لاشئ اخر على الاطلاق.

اخوك لطيف حامد برزنجى



لەتیف حامد

بەراورد بەکێ نوێ بوو؟!

"ئەم نووسینە تەنها کۆمەڵ– انطباعات–ی سەرپێیی‌یەو هیچی تر"

فەرەیدون پێنجوێنی

پێش هەرشتێك دەخوازم بڵێم: هەڵبژاردنی ئەو پرسیارە بۆ ناونیشانی ئەم کۆمەڵە _انطباعات–ە، دوومتنتی سەرەکیی تیایە:

یەکەم/ لەتیف حامد ئەگەر بەنیسبەت قۆناغی خۆیەوە ئەزموونێکی "گەورە"و "زۆر نوێ"یش نەبووبێت، بەڵام هەرچۆنی بێت، ئەزموونێکی "جیاواز" بووە لەچاو هاوسەردەمەکانی خۆیدا "ئەمە خاڵێکی ئیجابی‌یەو هەر لەسەرەتاوە دانپیانانێکی ئاشکرای منە"!

دووەم/ لەتیف حامد یەکێك بووە لەو ناوانەی کە رۆشنبیریی کوردی "بەتایبەتی ئەدەبی کوردی– کە یەکێکە لە ووتەزا رۆشنبیریەکانی ئێمەو لەسەرجەم ووتەزاکانی دیکە زیاتر تواناکانمانی بەخۆیەوە خەریك کردووە" بۆ پشتیوانی لە خۆی و سەلماندنی بوونی خۆی، تائێستاش دەیەوێت سوود لەناوهێنانی وەربگرێت و بڵێت: من لە مێژە "لە حسین عارف و لەتیف حامدو روانگەو گروپی کفری‌یەوە" هەوڵی دامەزراندنی تازەگەریم داوەو ویستومە لە قۆناغی گۆران–یش جیا ببمەوە!

کەواتە دەکرێت لە سۆنگەی ئەوپرسیارەوە دوو ئیشی بەرچاو ئەنجام بدرێت:

ا– دەستنیشانکردنی ئەو سیماو خاڵی جیاوازیانەی کە لەتیف حامدیان لەهاوسەردەمەکانی پێ جیا ئەکرێتەوە.

ب– دەستنیشانکردنی ئەو قەیران و وەهمی تازەگەری‌یەی کە لەمێژە رۆشنبیریی کوردی پێوەی گرفتارە.

بەڵام راستیەکەی، کارێکی وەها "ئەگەر بمانەوێ بەقوڵی بچینە ناویەوە" هەم کاتی زیاتر و هەمیش ئیشی زۆرتر و ووردتری دەوێت.

بۆیە بەناچاری هەوڵدەدەم باری سەرنجی خۆم لەو رووەوە، بە شێوەیەکی سەرپێیی ولە چوارچێوەی کۆمەڵە "انطباعات"ێکی پچڕ پچڕدا بنووسمەوە.

پێشان هەوڵدەدەم هەندێك لە فاکتەرە زاتی و زۆر بەرچاوەکانی پشت ئەو قەیران و وەهمی تازەگەری‌یە "کە بەختیار عەلی زۆر بەقوڵی لە ئیمپراتۆریەتی‌وەهمدا چۆتە بنج و بناوانی لایەن و فاکتەرە بابەتیەکانیەوە" بەبیر بهێنمەوە! پاشانیش ""ئەگەر بتوانم" هەوڵدەدەم بەکورتی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە ئایا رۆڵی ئەو قەیرانە "بەفاکتەرەزاتی و بابەتیەکانی پشتیەوە" لە "ناودەرکردنی لەتیف حامدا– وەك چیرۆکنوسێکی نوێخواز" چی بووە و چۆن بووەو چ شتێك لە بەرهەمە کەمەکانیدا، ئەو لە هاوسەردەمەکانی جیادەکاتەوە؟!

"کەواتە دەبێت لەخاڵی ب–ەوە دەست پێ بکەم"!

هەندێکی کەم و بەرچاو لە فاکتەرە زاتیەکانی‌پشت قەیران و وەهمی‌تازەگەری لە "ئێستاو ئەوسای" رۆشنبیریی کوردیدا:

– لەمێژە دیاردەیەکی‌زەق و سەلبی لە رۆشنبیریی کوردی‌و ناوەندەکەیدا بەدی دەکرێت کەوەك فاکتەرێکی زاتی، رۆڵی دیاری هەبووە لە دروستکردنی قەیران‌و وەهمی تازەگەریدا! ئەویش بەمجۆرەیە:

– نووسەری کورد "بەتایبەتی ئەوانەیان کە هیچ هەوڵێکی جددییان لە بواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا نیی‌ەو نەبووە" هەر کەدووسێ‌جار "بەچاك و بەخراپ" ناوی خۆیی بیستەوەو چاوی بیەك دوو کتێبی "شیعرو چیرۆکی چاکو خراپی چاپکراو"ی خۆی کەوت؛ خواو راسان‌و بەبێ هیچ سڵ کردنەوەیەك "نەك هەر لەخوێنەری وورِیا، بەڵکو لە سومعەی ئەدەبیی خۆیشی" دەکەوێتە "تصریح" دان: "فلان کەس نوقلانەی لەدایك بوونی قوتابخانەیەکی نوێی شیعری کوردیی پێیە!"

– "لەدایك بوونی!" "قوتابخانەیەکی نوێی!!" "شیعری کوردی" کەچی ئەگەر داوای لێ بکرێت سیماکانی ئەو قوتابخانە شیعری‌یە "نوێ‌یە– کوردی‌یە!" روون بکاتەوە، رێکوڕاست دەمی‌دەچێتە کلیلەو نەبینی سادەترین میتۆدێك شك نابات لێوەی بروانێت وپاساوی قسەو "تصریحات"ەکانی خۆیی پ بداتەوە.

ئەمە لەکاتێکدا کە تائێستا هەموو رۆشنبیریی کوردی نەیتوانیووە "قوتابخانەو رێبازێك!!" نەبۆ هونەرو نەبۆ ئەدەب‌و نەبۆهیچ شتێکی دیکە دابمەزرێنێت کە بتوانرێ بگوترێت:

"قوتابخانەیەکی نوێی!!" شیعری، یاخود چیرۆکی، یان مۆسیقای "کوردی!".

ئەمە بۆ؟!

بەڕای من ئەم رەفتارە "جگە لەوەی بۆ یەکتر گەورەکردنە!!" لە دیدێکیشەوە سەرچاوەی گرتووەکە پێی وایە تازەگەری یاخود نوێگەری لە رێگای لاسایی کردنەوەو خوڵقاندنەوەی نموونەی هاوشێوەی ناو رۆشنبیریی میللەتێکەوە بۆناو رۆشنبیریی میللەتێکی دی دەگوازرێتەوە "وەك ئەوەی بێین لاسایی نزار قبانی یاخود سوهرابی سەپهەری و مانوط و ئەم و ئەو بکەینەوە و وابزانین تازەگەری لەو رێگەیەوە دروست دبێ."

بەڵام خۆی لەراستیدا "تازەگەری لە رێگای خوڵقاندنەوەی نموونەی هاوشێوەوە لەناو رۆشنبیرییەکەوە ناگوێزرێتەوە بۆ رۆشنبیرییەکی دی.

بەختیار عەلی/ ئیمپراتۆریەتی وەهم

گۆڤاری رەهەند/ ژمارە٥/ ١٩٩٨ ل ٣٩

هەروەها ئەگەر بێت و لەو کەسە، یان لەو "بڕیاردەرە"ی کە "تصریح"ی وەها قورس دەدات بپرسیت: "ئەو فلان کەسەی لەمەڕ جەنابت کەنوقلانەی لەدایکبونی قوتابخانەیەکی شیعری نوێی کوردیی پێیە: بەراورد بەکێ و بەچی نوێگەرە؟! چیی گرنگی کردووە؟! کەم دیواری ئەو قوتابخانە نوێ‌یەی دروست کردووەو بناغەی کام قوتابخانەی کۆنی هەڵتەکاندووە؟!"

ئەوا ئیدی بەتەواوی‌شارەزەردەواڵەیەکت لەخۆت ووروژاندووە! بەڵام لەراستیدا هەموو ئەو پرسیارانە، پرسیاری جددین‌و "بۆ استفزاز نین" و دەبێت بەتەواوی لەوەتێ‌بگەین کە "تازەگەری هەرگیز تازەگەری‌نییە، ئەگەر نەزانێت بەراورد بەچ شتێك تازەگەرە!" (بەرختیار عەل/ ە. س. پ ل٤٦)

– فاکتەرێکی دیکەی زاتی‌ی پشت ئەم قەیرانە، پەیوەندیی بە هەڵوێستە تەقلیدیەکانی "هەم نووسەری لێکۆڵەرا" و "هەم نووسەری لەبارەوە نوسوراو"و جێ‌و رێ‌و پلەو پایەی هەردووکیانەوە هەیە لە کۆمەڵدا.

کەم نین ئەو رەخنەگرو لێکۆڵەرە تەقلیدانەی کە لە نووسین‌و لێکۆڵینەوەکانیاندالەبارەی ئەم و ئەوەوە، "چەندین فروقی فەردی"یان هێناوەتە ئاراوە؛ وەك ئەوەی:

فلان کەس لەبەرامبەر سەرجەم کارەساتەکاندا هەڵوێستی ئاشکراو ئیجابی هەبووەو ئەوی دییش پزیشکێکی‌یاخود پارێزەرێکی یان ئەندام پەرلەمان و سەر بە بنەماڵەیەکی ناودارە؛ هەروەها ئەو پێڕەی‌تر، سەر بە گروپێکی‌رۆشنبیریی خاوەن نفوزن‌و.. باشترە بەدۆست بگیرێن‌و لە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەو عەرضکردنی بەرهەمەکانیاندا حساب بۆ ئەو شتانە کرێت!

"ئەم قسەیە بەو دیویشیدا هەر راستە!"

واتە: فلان کەس چی‌یە لە بارەیەوە بنووسم؟! چیی پێ زیاد ئەکەم؟! کێ خۆشیەوێ؟! کێی لەپشتە؟! چیی پێ ئەکرێ‌و چیی لەدەست دێ بم؟!

بەهەر حاڵ ئەگەر ئەم حساب بۆکردنەو ئەو "فروقە فەردیانە" و ئەو "اعتبارا"ە تەقلیدیانە، بڕیارێکی پێش وەخت وەرگیراوی رەخنەگرو لێکۆڵەریش نەبن یاخود نەبوون؛ ئەوا زۆرجار "اعتبارات"ی وەها، تارمایی بەسەر نەستی

"لاشعور"ی لێکۆڵەرو رەخنەگری تەقلیدیدا هەرکردووە.

لایەنێکی "یاخود فاکتەرێکی" دیکەی زاتیی پشت ئەو قەیراە، پەیوەندیی بە تەبایی و ناتەبایی نێوان نووسەران و دەستو گروپە ئەدەبی و رۆشنبیرەکان و ململانێی نێوان جیلەکانەوە هەبووەو هەیە.

بۆ نموونە: رەنگە "گروپی A" لەلایەن "دەستەی نووسەران و ستافی گۆڤاری B یەوە" خۆشەویست نەبن!! بۆیە رەنگی لەلایەن گۆڤاری "B"ەوە ئابلۆقە بخرێتە سەر هەر لێکۆڵینەوەیەکی باش و قووڵ و بابەتیش کەلەبەرهەمی نووسەرێك یان چەند نووسەرێکی سەر بە "گروپی A" کۆڵیبێتەوەو "باشی باس کردبن!!!". بەپێچەوانەشەوە "هەر جنێونامەیەك" لەدژی "گروپی A" بنێردرێت بۆ "گۆڤاری B"، بەزووترین کات سەرەبڕیی بۆ دەکرێ و بڵاودەکرێتەوە!

ئەمە وادەکات لێکۆڵینەوەی قووڵی رەخنەگرانە کەم بڵاوببێتەوەو قەیرانەکە خەستو قووڵتر ببێتەوە! شتی چاکبەخراپ و شتی خراپ بەچاك بناسێنرێ!

زۆرجار وارێکەوتووە ئەو بەرهەمەی کە زۆرترین لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، بەرهەمێك بووە هەرگیز ئەوەی نەهێناوە خۆی بەلاوە ماندوو بکرێ و بخوێندرێتەوە؛ نەخوازەلا لێکۆڵینەوەی لەسەر بنووسرێت! جاری وا هەبووە لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمی وەها سادەو بێ گرێ و گۆڵو قسە لەروو و "بگرە زۆر زەفت!" و "ناوەڕۆك ئاشکرا!" نووسراوە، بەشەر نەیزانیووە ئەو لێکۆڵەرە دەیەوێ "ئاشکراکان"ی ئەو "بەرهەمە یان ئەو دەقە" بشارێتەوەو و شتەکە لەخوێنەر زل بکات، "بەحساب!" ئائاشکراکانی "ئاشکرا" بکات؟!

"لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بەرهەمی خراپ لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەنووسرێت؛ بەرهەمی خراپیش پێویستە لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانەی لەبارەوە نووسرێت بەڵام بۆ "زیاتر بێ نرخکردنی!" نەك بۆ "زلکردنی!" چونکە بەراستی دەرخستنی بێ بەهایی دەقی خراپ، کارێکی ئیجابیەو فاکتەرێکی باش دەبێت بۆ هەرچی زووترە بنەبڕکردنی قەیران و وەهمی نوێگەری!"

بەهەرحاڵ چەندین فاکتەری زاتی و بابەتی هەن کە لەپشت درێژەکێشانی وەهمی تازەگەرییەوەقەراریان گرتووە.

هەر لێرەدا ئاماژە بۆ بۆچوونێکی "لەتیف حامد خۆی" دەکەم کە لە گفتوگۆیەکیدا لەتەك "احمد شاکەلی" خستوویەتیە روو.

"احمد شاکەلی" لێی دەپرسێ: چیرۆکی نوێی کوردی چۆن تێ دەگەیت؟! "لەتیف حامد" لە وەڵامدا دەڵێ: "کا نوێ؟! ووشە لە جێگەی خۆیدا بەکارناهێنین!" هەر خودی "لەتیف حامد" لەکۆتایی چیرۆکی "رۆژ ژمێری خەوالوییەکی شاری سەلجوقی"دا دەڵێ: "فەرهەنگەکان پڕن لە هەڵەی زمانەوانەنی!" کە بیگچومان دەتوانین لەم رستەیەشیاندا مانای ئەوە هەڵبهێنجین کە ئەو چەند "راشکاو صریح"بووە لە ئاستی مەسەلەی نوێگەریدا!

ئێستا باهەوڵبدەین و بزانین "ناودەرکردنی لەتیف حامد- وەك چیرۆکنوسێکی نوێخواز" لەناو جەرگەی ئەو قەیرانەدا چۆن چۆنی بووە؟!

"بەڕای من" هەردوو فاکتەرە "زاتی و بابەتی"یەکە رۆڵی دیاریان هەبووە لەناوەدا

لەپێشا حەزەکەم چەند دانەیەك لە فاکتەرە زاتیەکانی پشت ئەو مەسەلەیە "مەسەلەی ناو دەرکردنی لەتیف حامد-وەك چیرۆکنوسێکی نوێخواز" دەستنیشان بکە:

- لەتیف حامد "وەك لەتیف هەڵمەتی ئامۆزاو ژنبرای، هەر لەم ژمارەیەی رۆڤاردا باسی دەکات" کوڕی بنەماڵەیەکی دیارو ناسراو بووە کە خاوەنی پلەو پایەو نفوزێکی کۆمەلایەتیی بەرچاو بوون و رێزی زۆریان هەبووە لەناو خەڵکدا. بەتایبەتیش لەسەرەوەختی دەرکەوتنی لەتیف حامددا وەك چیرۆکنووس، سەرجەم ئەندامانی خێزان و بنەماڵەکەیان زۆر لە ئێستا زیاتر توانیوویانە سوود لە نفوزو جێ و رێی کۆمەلایەتیی خۆیان وەربگرن و پاڵ بەسومعەی خۆیانەوە بدەنەوەو دۆستایەتیی خەڵك بکەن و خەڵکیش باشیان لێ بڵێ!!".

- لەتیف حامد جگەلەوەی خوێنەرواریيەکی باشی هەبووەو "دەرچووی کۆلیجی پەروەردە/ بەشی ئادابی عەرەبی بووە" مرۆڤێکی ئیشتمانپەروەر و بەهەڵوێست بووەو رەفیق و برادەرێکی زۆریشی هەبووە لەناو رۆشنبیراندا و ئەو ناوچانەی کە ئەو تیایاندا ژیاوە و گەڕاوە "کفری/ کەرکوك/ " کۆمەڵە رۆشنبیرێکی تەباو گونجاویان تیابووە کە حەزیان لە خوێندنەوەو نووسین و کۆڕو کۆبوونەوەو گرپ و دەستەپێکهێنان هەبووە! هەر لە وەها بارودۆخێکدا توانیوویەتی دەستەیەکی باش لە رۆشنبیرانی "ئەوساو داهاتووش!!" بکات بەپشت و پەنای خۆی و خۆیشی بەهەمان شێوە پشت و پەنایەکی باش بووەو بۆ زۆریەیان (بڕوانە ئەو دیدارەی کە احمد شاکەلی لەتەکیدا سازی داوە بزانە چۆن باسی لەتیف هەڵمەت و ئەنوەرشاکەلی و هتد دەکات)

لێرەوە بۆمان ساغ دەبێتەوە کە لەتیف حامد دەستی زۆری هەبووە لە هاندان و ناودەرکردنی رەفیق و برادەرو هاوسەردەمو هاوشاریەکانیدا و ئەوانیش "ئەوساو ئێستاش" دەستی باشیان هەبوە لە بەناوێکردنی ئەمدا.

(بۆراستی ئەم بۆ چوونە بڕوانە بیرەوەریەکانی لەتیف هەڵمەت لەبارەی لەتیف حامد و هوارێکانیانەوە "هەر لەمژمارەیەی رۆڤاردا":

هەروەها بڕوانە ئەو گفتوگۆیەی کە کاتی خۆی احمد شاکەلی ەتەکیدا سازیداوە).

-کورتخایەنی تەمەن و ئەزموون و کەمقەبارەیی ی بەرهەمەکانی لەتیف حامد "بەرنەوعە جیاوازەوە بەنیسبەت ئەوساوە!" کە ئەزیا ئابزانرێت بەرەو کوێی تر هەنگاو دەنێت؛ تەسەوری ئەوەی لای ئەوەی ئەوساو هەندێ لەنەوەکانی پاشتر دروست کرد کەئەگەر بمابایەو لەو "٣٤" ساڵ تەمەنە پتر بژیاباە، رەنگ بوو ئەزموونێکی گەورەی لێ دەرچێت!

هەر لە سۆنگەی ئەم تەسەورەوە رۆشنبیریی کوردی "اعتبار"ێکی تایبەتی بۆ داناو هەوڵیدا ئەوە بەرجەستەبکات کە "ئەو" هەنگاوێکی نێ بووەو ئەگەری سەقامگیر بوونی هەبوو "ئەگەر قەدەر لێ گەڕابا!" دیارە ئەم هەوڵەی رۆشنبیریی کوردی، بەرلەوەی لە پێناوی تەمجیدکردنی لەتیف حامددا بێت؛ لە پێناوی تەمجیدکردنی خۆیدایە بەهەموو قەیران و وەهمەکانیەوە- هەر ئێستا شاعیر و چیرۆکنووسی زیندوومان هەن "کە هێشتا بەردەوامن لەسەر نووسین" و هەنگاوی یەکەمیان باش بووە، بەڵام هەنگاوەکانی پاشتریان جێی سەرنج و بیەخ پێدان نەبووە! لەبەر ئەوە رۆڵی هەنگاوی یەکەمیشیان کەمبایەخ کراوە، چونکە ئیتر نەشەخسی خۆیان و نەرۆشنبیریی کوردیش، تەسەوری هیچی زیاتریان لێ ناکات!

رەنگە ئەگەر هەریەك لەوانە "لەو زیندووە بەردەوامانە!" لە هەنگاوی یەکەم بەدواوە بکشابانەوە "لەنووسین/ یان لە ژیان" ئێستا بەداخ و پەژارەوە بەهەزار تەسەورو تەوقوعی رەنگاورەنگەوە ناویان ببرایە! "کە ئێستا بەحاڵ ناویان دەبرێ و نابرێ"!.

ئێمە لە رۆشنبیریی کوردیدا نموونەی دیکەی وەك لەتیف حامد "تەمجید کراو"مان هەیە کە مەجدەکەیان دەگێڕدرێتەوە بۆ هەنگاوی یەکەم و جوانەمەرگبوونیان لەپاش ئەو هەنگاوەیانەوە! یەك ەونموونانە سواەی ئیلخانی زادەی "شاعیر"ە.

من بۆخۆم لەزۆر شت و حاڵەتدالەتیف حامد و سوارەی ئیلخانی زادەم پێ لەیەکتر نزیك دەکرێتەوە:

- هەردووکیان سەر ەبنەماڵەی ناودارو یەك چینی کۆمەلایەتی بوون!

- هەردووکیان پلەی خوێندنیان بەرزبووەو دەرەچووی زانکۆبون.

- هەردووکیان "ئەمیان لەعێراق و ئەویان لە ئێران" خیان لە بواری پەخشی رادیۆ کوردیەکان داوە.

- هەردووکیان "سواە بۆماوەیەکی درێژتر!" گیرۆدەی نەخۆشیی کوشندەبوون!

- هەردووکیان "ئەمیان لەبواری چیرۆکداو ئەویان لە شیعردا" هەنگاوی یەکەمیان "جوان و جیاواز!!" دەست پێکرد.

- هەردووکیان "لەدەورووبەری یەك عومردا" لە سیسالی بەرەو ژوور سەری یەکجارەکییان نایەوە!

- هەردووکیان ئەگەرچی لە دوجوگرافیای سیاسیی جیاوازدا بوون بەڵام لەسەردەمێکدا ژیاون و مردوون!

ئێستاش دوو دانە لەفاکتەرە بابەتیەکانی پشت ئەو مەسەلەیە "مەسەلەی ناو دەرکردنی لەتیف حامد وەك چیرۆکنووسێکی نوێخواز" دەستنیشان دەکەم:

- لەتیف حامد لەرۆژگارێکدا دەرگای ناوەندی ئەدەی و رۆشنبیریی کوردی تاقاندۆتەوە کە ناوەندە کە لە تەاووی لە ژێر کاریگەریی جموجۆلی ناوەندە رۆشنبیریە عەرەبییەکاندا بووە و ئەمیش عەرەبی زانێکی زۆر باش بووە "توانیوویەتی زۆر چاك بە عەرەبی بنووسێ و بخوێنێتەوە"

واتە: زمانی خوێندنەوەو خۆ رۆشنبیرکردنی لەتیف حامد، بەرێکەوت زمانیهەمان ئەو ناوەندە رۆشنبیریانە بووە کە دەنگیان بەم راگەیشتووەو ئەم و سەرجەم ناوەندە رۆشنبیریەکەی ئەمیشیان خستبووە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە. بۆیە سەیر نییە ئەگەر لەتیف حامد توێبیچتی دابڕانێکی شکلی و نەوعیلەنێوان ئەزموونی ئەدەبیی خۆیی و ئەدەب و رۆشنبیریی کوردیدا دروست بکات و لانی کەم "فۆرمێکیجیاواز!!" بۆ چیرۆکنووسین لەو سادابهێنێتە ئاراوە.

- لەسەردەم و سەروەختێکدا لەتیف حامد سەری دەرهێنا کە رۆشنبیریی کوردی بونیادیچکی زۆر لەئێستاش لاوازتری هەبووەو هەر جۆرە خۆڕاپسکاندنێك لە دەست فۆرمی باوی نووسین بەشێکییەکجار گرنگ دەدراە قەڵەم!!

- کارو جموجۆل و گۆڕانکاریە شکڵیەکانی رووانگەو "ئەوەی پاشتر لەلایەن لەتیف هەڵمەتەوە بەگرووپی کفری ناوزەد کرا" شایەدی وەها راستییەکان!!

- بەکورتی ئەمەویَ لەم خاڵەدا بڵێم لەتیف حامد کوری قۆناغێکی رۆشنبیریی تیبەت بووە کە نوێگەریی لە فۆرمدا کورت کردبۆوەو پێناسەیەکی گەلێك سادەی هەبوو بۆ نوێگەری.

- هەر بۆیە ئەتوانم بڵێم: "پایەداریی ئەوپێناسەیە لەوسادا!" فاکتەرێکی دیکەی "بابەتی بووە لەو سەردەمەدا" کە رۆڵی هەبووە لەم مەسەلەیەدا!

ئەو سیماو خاڵی جیاوازیانەی کە لەتیف حامدیان لەهاوسەردەمەکانی پێ جیا دەکرێتەوە:

(رۆڵە تۆ رێگەیمن مەگرە، ئازا ئەو کەسەیە رێگەیەکی تازە ئەدۆزێتەوە بۆ ژیان ومردنی خۆی)

لەتیف حامد

لەزمانی باوکی جوامێرەوە لە "چیرۆکی: بەشێك لەداستانی "دا

بێگومان پێشتر ئەوەم درکاند کە ئەزموونیئەدەبی و چیرۆکنووسیی لەتیف حامد لە دەوری دۆزینەوەی "فۆرمێکیجیاواز" خولی خواردووە: دەنا ئەو چەندچیرۆکەی کە بڵاوی کردونەتەوە (بەشێك لە داستانی سواڵکەرە نەناسراوەکە/ زەرد، سوور، سەوز، شین/ وڕێنەی پیاوێکی نوقمی سێبەر/ قوڵپی رشانەوەی رەش/ رۆژمێری خەواڵویەکی شاری سەلجوقی) لە رووی "ماناو بابەتەوە" هەر هەمان ئاڕاستەی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی باویەئوسایان هەبووە کەزۆرینەی شاعیر و چیرۆکنووسانی ئەوسا "پێکەوە" لەسەریکۆك بوون و گرتبوویانە بەر!

ئێستاش هەوڵدەدەم "زۆر بەکورتی" هەندێك لەو جیاوازییە شکڵییانە کە کەمو زۆر بەچیرۆکەکانی ئەوەوە دیارندەستنیشان بکەم:

- چیرۆکەکانی ئەوە، تێکەڵەیەکیئەدەبین لە "پەخشان و چیرۆك"؛ یاخودئەگەر بشێ بڵێم: "جۆە پەخشانە چیرۆکێکیتایبەتین!" کە لەهەندێ شوێنیهەندێ چیرۆکیاندا دەبینین (بەو شێوەیەی کەلە شیعرو پەخشانداکراوە!) خودی چیرۆکنووس، یاخود بڵێم "خودی گێڕەرەوە" لەزمانی کەسی یەکەمی قەسەکەر و "گێڕەرەوە"وە موخطابەی "کەسی دووەمیئو چیرۆکەکە" دەکات و بەپرسیار دایدەگرێتەوە (بڕوانە چیرۆکی: زەرد، سوور) بەمجۆرە لەتیف حامد لەزەمەنی گشتیی چیرۆك/ زەمەنی رووداوی چیرۆکەکە بەرابردوو و ئێستار داهاتوویەوە" دەردەچێ و سەربەخۆیی‌ی "زەمەنی تایبەتیی چیرۆك/ زەمەنی گێڕانەوە" لەق دەکات.

- چیرۆکەکانی ئەو هەر بەهۆی ئەوەوە کەتێکەڵەیەکن لە "پەخشانو چیرۆك" دەبینین بایەخێکی زۆران تێدادراوە بەرستەسازی بەجۆرێك کە ئیتر لەهەند حاڵەتدا پەرەگرافی وایان تێدا دەبینرێ، بەزەحمەت دەتوانێت بەشداری لە پێکەوە بەستنیبونیادی چیرکەکەدا بکات و "وەکو پەرەگرافێکی زیاد ئەکەوێتە بەرچاو!" (بڕوانە چیرۆکی: وڕێنەی پیاوێکی نوقمی سێبەر)

- ئەم ئسلوبە تاڕادەیەك لە رۆمان و چیرۆکیدرێژدا ئەو حاڵەتە سەلبییە دروست ناکات کە "بەو رێژەیە!" لەچیرۆکی کورتدا دروستی دەکات.

- دیسان هەر بەهۆی هەمان تایبەتمەندییانەوە، رووداو لە چیرۆکەکانی ئەودا نەیتوانیووە ببێت بە ئامانجیسەرەکیی گێڕانەوە! بەڵکو زیاتر "وەك شتێکی ناگرنگ!" یاخود "وەك رەگەزێکی تێناخنراو" و "کەم بایەخ" دەکەوێتە بەرچاو (بڕوانە چیرۆکی: وڕێنەی پیاوێکی نوقمی سێبەر)

ئەو شێوازە تائەم دواییانەش لای هەندێ چیرۆکنووسی "تەنانەت گەنجیش" هەرماوە.

- دیاریکردنی کات و شوێن رووداو، بەمانا تایبەتی و موشەخەسەکەی کات و شوێن نەك بەمانا گشتی و شمولیەکەیان، لەچیرۆکەکانی لەتیف حامددا دوورە پەرێزیی لێ کراوە (کە تائێستاش چیرۆکی کوردی ئەم قۆناغە، خوازیاری زیاتر بەرچاستەکردنی ئەو دوورە پەرێزییەیە) ئەمەش دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ك ئەو چیرۆکانە تێکەڵەیەکن لەپەخشان و چیرۆك؛ هەروەها رەنگەتاڕادەیەك بشگەڕێتەوە بۆ ئالەباریی اروددۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو کاتەوەی کوردستان و مەبەست لەوە بریتی بوو بێت لە شوێنبزرکردنیرووداوی چیرۆك و شاردنەوەی هەندێ تێڕوانین وبۆچوونیدژە کۆن.

- رەمزییەت کە دووبارەبەهۆی ئالەباری بارودۆخی سیاسیی ئەوسای کوردستانەوە یەکێك بوو لە سیماکانی "پەخشان و شیعر" و لە چیرۆکدا کەمتر پەنای دەبرایەبەر، یەکێکی دیکەیە لەوە سیمایانەی چیرۆکەکانی لەتیف حامدان پێ دەناسرێتەوە.

(بڕوانە چیرۆکی: بەشێك لەداستانی سواڵکەرە نەناسراوەکە/ ورۆژمێری خەواڵویەکی شاری سەلجوی/ و قوڵپی رشانەوەی رەش).

- دابەشکردنی جوگرافیای دەق بەسەر بەش و تێبینی و پەرەگرافی جیاجیاو "تاڕادەیەك سەربەخۆدا" یەکێکە لەجوانترین و دیارترین جیاوازە شکڵیەکانی لەتیف حامد لەوسادا.

(بڕوانە چیرۆکی: بەشێك لە / و رۆژمێری)

ئێستا با "زۆر بەکورتی!" بزانین لەتیفحامد "بەراورد ە کێ" و"لەکەیدا" و "هچ رووبەکەوە" جیاوازبووە؟! لەتیف حامد "بەراورد بەچیرۆکنووسە هاوسەردەمەکانی خۆی"و "تا ئاوەڕاستی حەفتاکان وماوەیەك دوای ئەوەش" لەرووی "فۆرمی چیرۆکەوە" ئەزمونێکی"کورت"و "جیاواز" بووە! هەر ئەو "کورتی" و "جیاوازی"یەی ئەزموونەکەیشی، وای لە رۆشنبیریی کوردی کردووە "تەسەورو تەوەقوعی" گەورەی هەبێت لەسەر ئەگەری "درێژەکێشانی ئەزموون و مانەوەی ئەو لەژیاندا" و وای کردووە بە بایەخەوە بڕوانرێتە ئەو هەنگاوە "جیاواز"ە!

ژمارە داهاتوومان تەرخانە بۆ سوارە ئیلخانی زادەی شاعیر

چەند دێڕێك

بۆ لەتیف حامد بەرزنجی

لەتیف لەقۆناغی سەرەتایی خوێندندا وەك قوتابیەكی زیرەك‌و زۆر تواناكانی دەركەوت‌و لەناوەندیدا زیاتر ئەو توانایەی گەشەكردو دەستەی كردبەنووسین بەزمانی عەرەبی‌و لەوسەرو دەمانەدا لەچالاكیەكانی قوتابخانەییدا وەك خوێندكارێكی وریاو زیر ئامازەی پێدەكراو لەقۆناغی ئامادەییدا زیاتر لەوبوارانەدا دەركەوت‌و هەرلەم قۆناغەدا چووە ریزەكانی یەكێتی قوتابیانی كوردستان‌و هەرلەرێگەی ئەو رێكخراوەوە بووبە ئەندامی (پ.د.ك)و لەكۆلێژی پەروەردە لەبەغدا بەدەركەوت.

لەمانگرتنی قوتابیانی بەغدادا لەسەرەتای سالی ١٩٦٢ بەشداربوو ولەهەموو كۆڕو كۆبوونەوەو بۆنە نیشتمانیەكاندا وەك (بێژەر)ی زمانی عەرەبی بەشداری دەكرد.. هەرلەسالی ١٩٦٢ داچەند جارێك داواكاری پێشكەش بەرادیۆو تەلەفزیۆنی بەغداد كردبوو، تائەو دەزگایانەدا بكرێت بەبێژەری عەرەبی، بەلام بەخت رێگەی نەدا. هەرئەو بەهرەو توانایەبوو كەكاتێ لەسالی١٩٦٣دا دوای تەواوكردنی خوێندنی زانكۆ، لەتیف حامد لەگەڵ پۆلێ لەهەڤالانی خۆی چوونە ریزەكانی شۆڕش‌و بوون بەپێشمەرگەو لەكاتێكدا كەنێزگەیەك كەلەچەند ئامێرێكی لاسلكی لەماوەت دروستكرابوو، دەنگەكەی دەگەیشتە بوارێكی دیاریكراو، خوالێخۆشبوو بوو بەبێژەری بەشی عەرەبیەكە.. هەرلەدوای رێكەوتنامەی ئەو سەردەمەی سەركردایەتی بارزانی‌و موشیر عەبدولسلام عارف لەشوباتی ١٩٦٤دا ودابەشبوونی سەركردایەتی پارتی بەسەر دووبالدا لەتیف حامدی جوانەمەرگ گەڕایەوەو لەپارێزگای كەركوك بووبە مامۆستاو تامانگی ئازاری ١٩٧٤ لەچەند خوێندنگایەكی كەركووكدا وەك مامۆستاو بەڕێوبەر كاریكردووە.. كەبەداخەوە لەومانگەدا بەنەخۆشی شێرپەنجە لەتەمەنێكی كورت‌و بەهارێكی كەمدا كۆچی دوایی‌كردو خەسارەتێكی گەورە لەئەدەب‌و رووناكبیری كورد كەوت.

لەتیف حامد هەرچەندە لەهەرەتی لاوێتیدا لەسیاسەت‌و حیزبایەتی ئالابوو، هێندەی سەرقالی ژیانی حیزبایەتی بوو، هێندەو كەمتریش نەچووەبووە نێودونیای ئەدەبەوە، لەسالەكانی حەفتادا بەوگوڕو گەرمی‌و كاملییەوە وەك میوانێكی ناسراو وئاشنای بواری ئەدەبی هاتە ناوەو بووبە خانەخۆیی‌و دنیای چیرۆك‌و رەخنەو لێكۆلینەوەی ئەدەبی كوردی‌و هەرزوو بەزوو، پاش بلاوبوونەوەی چەند چیرۆكێك بووبەناوێك كەئەدیبان دوورو نزیك ناسیان‌و گوێیان لەودەنگە نوێیەبوو.

بەهاری سالی ١٩٧٤ لەو ڕۆژگارە تەلخ‌و رەشەدا كەسەرەتای كوردستان لەبەردەم هێرشێكی بەعسیاندا بوو، ئالەوڕۆژگارە سەخت‌و ئالەبارەدا لەتیف لەمالەكەی خۆیدا لەگەڕەكی شاترلوو لەنێو ژن‌و منداڵ‌و براو خوشكەكانیدا پێلوی چاوەكانی لەیەكناو لەئازارو ئەشكەنجەی شێرپەنجە ئاسوودە بوو..

بەلام ئەئەو رۆژە تەرمی لەتیف خرایە سەرشانەی ئەدیبان‌و ئامەزرۆیانی ئەوپیاوەو نەلەسەر گۆڕەكەیدا شتێكی بۆ گوترا.. تەنیا هەوالی مردنەكەی لەنێوان ئەدیبان‌و نووسەراندا پاش ماوەیەكی زۆر دەماودەم راگەیاندراو كەسێك لەدواییدا بەسەریان نەكردەوە.

محەمەد نوری توفیق



